# دەربار

خوسرەو جاف

٤

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

# دەربار

خوسرەو جاف

بەرگی چوارەم

ناوی کتێب: دەربار - بەشی چوارەم
نووسینی: خوسرەو جاف
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٥٦
نووسیاری - تحریر: فەخرەدین ئامێدیان
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم: ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٣٤٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

خۆ هەواڵی میهران دەزانی؟

ژیلا یەک دووجار ئارام سەری دانواندەوە بەنیشانەی ئا دەزانم.

– بۆی نارەحەت نیت؟

– من وەک مرۆڤێک خێرخوازی تەواوی مرۆڤ و گیانلەبەرانم لا ئاواتە تا بگاتە میهرانا کە ڕۆژگارێک خۆشم ویستووە و پێکەوە بووین و دەمویست بێ بە هاوسەرم. بڵێم بۆی نارەحەت نیم، درۆ دەکەم. حەیف بەئاسانی دەیتوانی یارمەتی خۆی بدا و ڕزگار بایە؛ وەک دەبینین زۆر لەو توند و تیژتر و دەست خوێناویتر نەک ڕزگاریان بووە، بەڵکو بەسەر پۆپەی کاروباری گەورەشەوەن. بنوارە ڕادیۆ تەلەفزیۆنا، سەیری وەزارەتخانەکان بکە، زۆر لەو کەسانەی تیا وەدی دەکرێ. یەک دوانێک لەوانە هەتاوەکو دەستی لە بریندارکردنی شاهەنشایشدا هەبووە و کاربەدەستیشە. ئەو یارمەتی خۆی دا و ئەوەسا دەیبینی و میهرانی لای منیش نەیدا و لەژێر خۆڵدایە.

تا ئەو حەلە میهرداد بێدەنگ دەینواڕییە ژیلا و بەوردی گوێی لێ دەگرت و دەیویست وەک شمشێرێکی تیژ تا نێو قووڵی دەروونی ببڕێت و پەی بەڕاستەقینەی دڵ و دەروونی ببا؛ لەپڕ لەوسەری کاناباکەوە خۆی هاویشتە بندەستی ژیلاوە و بەبازووی هەڵقەی گەردنی گرت و سەری ڕاکێشایە لای سەری خۆیەوە و بەدەم ماچکردنیەوە پەیتا پەیتا دەیوت:

– ئافـەرین! ئافـەرین! کچـی چاک. پێم وانەبوو بـەم زووانە وا ژیرانە تێـفکرییت و وردەکـارانە هـەڵوێسـتت بگۆڕیت و ژیرانە بـۆی بچـیت و کاروبار شی کەیتەوە. کورە بەهەرچی ئایین و باوەڕ و ئیمان و زەوی و ئاسـمـان هـەیە، ڕۆژ بەڕۆژ شـەیداترت دەبم. ئەوەسـا دەبینی قـەزاوەگـێـڕی باڵاتم، کـەوش هەڵگرتم. باوەڕ بکە ئەگـەر ئامـادە بیت شووم پێ بکەی هەڵقەی غوڵامیت بۆ لە گوێ دەکەم بۆ هـەمیشـە و هـەتا هەتا. وەرە کچی باش بەو بەڵێنم بدەیێ؟

ژیلا قاقایەکی شێتانەی وای لێدا مـیهردادی ڕاچەڵـەکاند و تا دەبوو لە پێکەنینـەکـەیدا خـیل دەیبـردەوە. لە تـاوا کـۆکـەی لـێ هات و بەدەم کـۆکـەوە پچـڕ پچڕ دەیـوت: شـووی پێ بکـەم، ئەم کـابرایە چی دەڵێت؟ هەروا بەم ئاسـانییە؟ بیری لـێ کەیتـەوە زۆر گرێ گرێ نایەت بەرچاو. ڕووداوێک ڕووی داوە، داویەتـی. تۆ ڕازی بیت و مـنیش ئـامـادەی ئامـادەبم. کـوڵی کـارەکە لە کوێدایە؟ بەپێچـەوانەوە، ئەوەندە ئاسـانی دەبینم نەبێتەوە.

– هـەروا؟

– بۆ نا؟

– ئەی ئەو هـەموو بەزم و ڕەزمانەی بەچاوی خۆت دیوتن چی؟

– ئەوی من بیزانم جگە لە مـیهران و خۆم، دووکـەسـی ترم دیوە و تا ئێستاش لەگەڵتا ڕادەبوێرن. یەکێکیان بەڕێوەبەرەکەمـە و ئەوی تریان هـاوڕێی گیانی بەگیانیمە.

– ئەی شـەرەف؟

– چەند جـارت پێ ڕاگـەیـەنم من شـەرەف لەنـاو گـەڵا نابینم. بەلای منەوە شـەرەف لە کردار و گفتار و ڕەفتاری باشدایە.

– ئاغای میهردادخان! باش باش گوێم بۆ بگرە چی دەڵێم: زەمانێکە خــۆمم لاواندوەتەوە و بڕیاری ئاگــربەســتم داوە و دەمــەوێت لەگــەڵ سەرنویشتی خۆما بسازیەم، دیارە بێ تاوان ئاوا سەرنویشتێکیان بۆ هەڵبژاردم و وا تیادام؛ ترش بێت یا شرین وا لەگەڵیا دەسازیەم. ئەوی دەیڵێی مەرافە و گیروگرفتی زۆری بەدواوەیە. من نە بۆ ماڵداری و نە بۆ منداڵداری و خانەداری دەس دەدەم و نە بۆ هیچ جۆرە پابەندێکی دی. تازە لە خــەت و ڕێچکەیەکــدام پێــوە ڕاهاتووم. هەر من و لنگ بەرزکــردنەوە نیــیــە؟ وادەبینی هەفــتــەی سێ چوار جــار لنگم بەئاسمانەوەیە و فرتەی دێ. لەمانە گوزشتە بەرێوەبەرەکەت چی لێ دەکەیت؟

– لەوەی دڵنیام هیچ جۆرە گرفتارییەکمان بۆ پێک ناهێنێت. چی دەوێ ئەو؟ مانگی دوو سێ جار دیتنت؟ بۆ من نەک پێی ناڕەحەت بم. ڕەنگە لاشم خۆش بێت و و بەزیانبەخشی نەزانم.

– نە میهرداد خان! نا. ئەمەیانم پێ ناکرێت. باشە تۆ پێم ناڵێی چیت نەکراوە یەک دووجار دای بەسەر ناوگەڵیدا و وتی:

ئەمــەت لەبەردەســتــدا نیــیــە، ئا لەبەردەســتــایە. زۆربەی هەفتــە پێکەوەین. ئەوی دەتەوێ بیکەی، دەیکەی ئیــدی بەم مــارە و تەلاقــەی دەتەوێ چی بســەلمێنیت؟ یا بەدوای گۆبەنا دەگەڕێی؟ ژیلا دەســتێکی خشاندە لاگەردەنی میهردادا و چرپاندییە گوێیدا:

– جارێک لەم قسانە گەڕێ؛ بۆ هەردووکمان ئەم شێوە ژیانە لەهەر جۆرێکی دی چاکترە. ئێستا کاتی ئەم قسانە نییە و هەڵیگرە بۆ دوایی، لەوە دڵنیابە ئەگەر ببمە هاوجێگەی سەرۆکی گشتی ساواکیش دەستت لێ هەڵناگرم، لێگەڕێ با بزانین ڕۆژگار چی بۆ ناوینەتەوە.

– ڕۆژگار مۆژگاری چیتە؟ من لە جێگەی خۆما دەمێنمەوە و تۆیش ڕۆژ بەڕۆژ لێم دوورتر دەکەویتەوە و لێم دەبیتە خەو.

– ئاخر هەڵەی تۆ لەیرەدایە. مەگەر ئەوساکەیە بەزۆر سوارم بیت؟ ئەوسا دەیبینی من بەهەوەسی خۆم و بەهەوا و حەز و ئارەزووی خۆمەوە دێم بۆ لات و لەگەڵتا بەردەوامم؛ بمەوێ نەیەم، خۆ نایەم و تۆیش بۆخۆت هیچت لەدەست نایە.. لە دەستت دێت؟

– نا، نایەت.

– ئیتر بۆ وا نیگەرانی؟ با ئەویشەت پێ بڵێم، پەیوەندیم لەگەڵ ئەرژەنگیشدا نابڕم. سێ پیاو ئانجاخ پیاما ڕابگات، وەک دەبینی چەندە حەشەریم و هاتوومەتە سەر هەوەس. مەرگمان پێکەوەیە، تێگەیشتی؟

– تێگەیشتبووم؛ ئەمما بەخۆمم نەدەسەلماند.

– سەختی لێ مەنوە. من و تۆ و ئەرژەنگ هێز نییە لەیەک جویمان کاتەوە. مەگەر پێکەوە دەستمان پێ نەکردووە؟

– با.

– جارێک بەم وەزعە ڕابێ؛ شت نییە خوا چاکی نەکا نەتبیستووە دەڵێن قەناعەت گەنجێکی لەناونەچووە.

– بیستوومە؛ شتێکە باوەڕم بەخۆم نەماوە. هەموو کەس من دەناسێت و خاقان بوونم ویردی سەرزمانە. ئەوی ئێستا لە خۆما دەبینم پیاوێکی دوودڵی ترسنۆکی ئاشوفتە و پەرێشانە، نەک خاقانەکەی جاران. تۆ ئەمە بەعشق نازانی؟ ئەویش عشقی ژیلای نازدارم؟

– ڕەنگە وابێت. پەلە مەکە، هەرچی تۆ بتەوێ دەکرێ. هەر تۆزێ تامولْت هەبێت.

– ڕاستە دەڵێن گومان هەزار چاوی هەیە و عیشقیش کوێری کوێرە.

ژیلا گۆنای میهردادی ماچ کرد و چرپانیە گوێیدا:

– خاقانی خۆشەویست و ئازیزم! وا بڕوا دەبیتە فەیلەسوف. هەستە با بڕۆین، ئەمڕۆ بەئەندازەیەک کارم لە پێشە، نەبێتەوە.

– لێگەڕێ جارێک زووە. کام کار لەم دانیشتنە پێویستترە؟

– خۆ دەزانی ئەمشەو نۆرەی ئاغای بەڕێوەبەرە. درەنگمە، حەمامە ئارایشگایە؛ چووزانم، هەزار کاری تر.

– لە ماشینەکەت ڕازیت؟

– ئەگەر هی خۆم بایە باشتر دەبوو. دیارە ئەم دام و دەزگای ساواکە هەر بۆ من پیسلوکە. ملیۆنەها بۆ هیچ سەرف دەکەن. کەچی بۆ من وان، وا نین؟

– بۆچی بە بەڕێوەبەر ناڵێی. حەواڵەیەکت بۆ کۆمپانیای ئێران ناسیۆناڵ بۆ بنووسێت بەنرخی تایبەت پەیکانیەکەت بدەنێ. هەر لەوێدا کۆڵێک سوودت وەگیردێت.

– بێ عەقڵ! ئا لەم ڕێنمایانەم پێی بڵێ چیتە لە مارە بڕین و ژن و ماڵداری و تەشقەڵە و هەرا. لەسەر قسەی تۆ ئەمشەو داوای لێ دەکەم. لە بیرم نەبوو بیگێڕمەوە جاری پێشوو هەواڵی تۆ و ئەرژەنگی لێ پرسیم..

– ئایای! چی وت و چیت پێ وت؟

– وتی لێیان ڕازیت. وتم جارەوبار تەلیفۆنم بۆ دەکەن و سەریشم لێ دەدەن و هەر کارێکیشم هەبێت بۆم ڕادەپەڕێنن. وتی ئەگەر لێیان نارازی بیت کلک و گوێیان دەکەم. هەر بەحاڵ ئاماژەم بۆ بکە ئەو حەلە دەیبینی. وتم حەتمەن.

– جا ڕازیت؟

– گەوجە! ڕازی نەبم دێم بۆ لات؟ یەک لە هەزارا هەست بەسەخڵەتی بکەم. خۆ نایەم: دێم؟

– وەڵا خۆ ڕاست دەکەی. لەو ڕوویشەوە لەژێر بارانی ڕەحمەتی تۆداین.. کابرا خراو گرفتارت بووە، ڕەنگە لەمن زۆرتر. نانت لە ڕۆنایە.

– ئەویش هینی. لە وانێکدایە.

– ئەو نازانێت کابرایەکی وەک من وای بەسەرهاتووە ئۆقرەی لێ براوە، هەموو ژیانی بووە بەژیلا. هەر بۆنی ئەوە بکا، خوا دەزانێ بەرەو کوێنە هەڵم دەدا یا دەمخاتە کام سیاچاڵەوە..

– غەمی نەخۆیت. مەگەر ژیلا مردووە؟ تا من مابم و بەلای ئەوە و دەستم بڕوا کەس ناتوانێت بەمیهرداد بڵێ بەسەر چاوتەوە ئەبرۆیە.. تێگەیشتی؟

– لەوەی دڵنیا بوومە؛ بەڵام ئەگەر بزانیت چەندەم خۆش دەوێی ڕەنگە بەدزییەوە تووڕم داتە گۆشەیەکەوە. ئێمە چاکتری دەناسین.

– دەتگێڕمەوە.. ئەوەیان لەسەر من. نە تۆ و نە ئەرژەنگ لە من جوێ نابنەوە. ئێمە تازە یەک خێزانین و لنگ تێکەڵاوین. مەگەر مەرگ لەیەکمان کاتەوە. هەستە بڕۆین درەنگمە.

میهرداد دەرگای حەوشەی کردەوە، ژیلا بەتەنها ڕۆیشتە دەرەوە. یەکڕاست بەرەو زانکۆ بەڕێکەوت. هەرکات بۆ زانکۆ بڕۆیشتبا ماشینەکەی لە یەکێک لە "پارکینگ"ەکانی نزیکی زانکۆدا ڕادەگرت و پیادە خۆی دەگەیاندە کۆلێژ. هەرا لە شەقامی شارەزادا دەبینرا. هەستی کرد ماشینەکەی دوای هۆڕینی بۆ لێدەدا؛ هۆڕینەکانی لە سەریەکەوە و چرای ماشینەکەشی هێناوەتە چاوە قلیچکە. لە ئاوێنەکەوە ئاوڕی لێ دایەوە، سەرەتا پێی وابوو گەنجێکی بێ حساوی ڕاوکەرە. کە وردبوویەوە فەلامەرزی ناسییەوە. لە لادا ماشینی ڕاگرت و فەلامەرزیش لە دوایەوە ڕاوەستا. دابەزین و ڕوومەتی یەکتریان ماچ کرد. یەکەمین پرسیاری ژیلا، حاڵ و ئەحواڵی یاسەمین بوو.

– لاچۆ بێمەعریفەت! هاوڕێیەتی و دۆستایەتی ئاوایە؟ ماسیت؟ خۆ ماسی نیت و لە دەریادا بیت. هەر بەجارێک ونی ون بوویت. نە سەلامێ، نە کەلامێ، نە تەلیفۆنێ و هەر هیچ. خۆمە بەجارێک بزریت. وانازانم سەر بەکۆلێژیشدا بکەی. ئەمە ناوی چی لێدەنەی؟

– هەرچیم پێ بڵێن حەقە، هەرچیم ناو لێنەن ڕاست دەکەن؛ خوا خۆی ئاگادارە چەندە بەتاسووتانم. تووش هاتووم.

– تووشی؟ تووشی چی؟

– نەخۆش کەوتووم. نەحۆشی "کپی" وای لێ کردووم پاش و پێشی خۆمم لەبیر چووەتەوە.

– ئەی ئەوە نییە ماشین لێدەخوڕی.

– بێ گاڵتە؛ بەڵام وا بەرەو پاش دەڕۆم. یەک دووجار تەلیفۆنم بۆ یاسی گیان کردووە، وەگیرم نەهێناوە. دیارە بەختم لەوەیشدا نووستووە.

- ئەوی من ئاگـاداری بم دوو سێ جـار تەلیفـۆنی بۆ کـردی. دەیوت تەلیفۆنەکەت زەنگ لێدەدا و وەڵامی نییە.

- ڕاست دەکا. دەمێکە گوێزامـەتەوە و لەوێڕا نەمـاوم و ئەمجـارەیان تەنهـای تەنهـام و ئەپارتمانێکی سـەربەخـۆم گـرتووە. حـەیف جـارێک تەلیفۆنی تیا نییە. خەریکم بۆی ڕادەکێشم.

- باسی یاسیم بۆ بکە خۆ ساغ و سەلامەتە؟

- خـۆ دەزانـی کـۆلێـژمـان تەواو کـردووە. ئـەمـە دوو سێ مـانگە موهـەندسـی موهـەندسین.

- ئەی ژن و مێردی چی؟

- یەشتا هەر وەک ئەوسا واین.

- خوا ئاگادارتان بێت! ئینشائەڵا. چەندجارێک ڕوومەتی فەلامەرزی ماچ کرد و وتی:

- برێک لەو ماچانە هی یاسەمینە. خۆ لە جوێی منا ماچی دەکەی؟

- بێ شک؛ بەڵام نارەحەت مەبە لە جوێی ڕوومەت دەمی ماچ کەم.

هەردووکیان پێکەنین. ئینجا فەلامەرز وتی:

- دوێنـێ یاسـی بـەبـۆنـەی جــــەژنـی نـەورۆزەوە گــــەڕاوەتـەوە بـۆ ئەسفەهان، ئەی تۆ ناگەڕێیتەوە بۆ نەورۆز؟

- ڕەنگە ئەوان بێن بۆ تاران.

- باشــە ئـەزیزم دیدارمــان هەڵدەگــرین بـۆ دوای تاتیلی نەورۆز. خـواحـافیـزییـان کرد و هەریەکـە بەلایەکدا وەڕێکـەوتن. ژیلا دەروونی مەنجەڵ ئاسا هاتبووە کوڵ. ئەمجارەیان نەدەگریا لێوی خۆی دەگەزت، سـووکـانی مـاشـینەکـەی ئەوەنـدە سـفت دەوشـارد خـوێن لە دەست و

پەنجەیدا لە هاتوچۆ کەوتبوو. لەبەرخۆیەوە وتی: یەشتا جێی شوکری باقییە. ئەگەر ناچاری خەفیەتی کردباما چی؟ خۆ نەمدەتوانی لە فەلامەرز و یاسەمینەوە نزیک باما. لەوەی دەڕوا تا ئاوی بەڕێوەبەر و ئاشی من لە کارابێت وردیلانەکان زاتی داوای تریان نەبێ و پێم نەوێرن. خۆ ئەمانە لە خۆخسڵەتی گورگدان. سەرتاسەری ژیانی خەڵکیان کردووەتە جەنگەڵ. گەورە، بچووک هەڵدەدڕێ و دەسەڵاتدار، بێدەسەلات هەڵدەلووشێ. لێیانگەڕێ، واڕاهاتوون. سەد ڕەحمەت لە ڕەوانی پاکی حافز کە دەفەرمووێت:

عاشق روی جوانی خوش نوخاستەام
زخدا صحبت آورا بەدعا خواستەام
عاشق و رندو نظربازم و می گویم کاش
تا بدانی کە بچندین هنر آراستە ام
شرمم از خرقەی آلودەی و خود می آید
کە برو وصلە بەصد شعبدە پیراستەام
خوش بسوز از غمش ای شمع کەاینک من نیز
هم بەدین کار کمر برخاستەام

– خراو له زامەکەی ترساوم. هەرچی دەکەم تاو و لەرزی لێ نابڕێت، ڕۆژ بەڕۆژ بەرەو خراوتریش دەڕوا؛ وا بڕوا تەواوە.

– با سەبری بەمانە نەزانێت. تا بیرێکی بۆ دەکەینەوە.

– باوەڕ ناکەم ئەوەندەی پێوەبێت. هەرچی دەکرێ با زووتر بێ. ئەگەر بەزووترین کات نەگاتە دەوا و دەرمان و بیمارستان حساوی تەواوە.

– دەڵێم با بڕۆین بۆ لای کوێخا تا ڕێگەیەکمان بۆ دانێ. ئەمە بەو دەکرێت.

– بڕۆین.

فەقێ ڕەشید و عەلی تەیب لە ماڵ وەدەرکەوتن. دەنگی تەقینەوەی تۆپ دەهاتە گوێ. دووکەڵەکەی بەسەر پۆپەی چیای زمناکۆوە دەبینرا. لە حەوشەی ماڵی کوێخادا چەندین چەکدار سفت و سەخت خۆیان پێچابوویەوە. کترییەکی ڕەشی دورنجاوی پیاڵە و قۆری، هەگبەیەکی پڕ لە نان و وشکە ئازووقە لە زەویدا دەبینرا؛ سەرجەم دە چەکدار دەبوون.

کوێخا ڕوو بەزەفەری کوڕی:

سڵاوم بگەیەنە مەلا حیلمی. هیچ جووڵانەوەیەک ناکەن بێ فەرمانی پێشمەرگە. ئەوی ئەوان دەڵێن بێ یەک و دوو ئەنجامی دەدەن. بەمەلا

بڵێ: ئەگەر بەپێویستی دەزانێ. بۆ خۆمیش دێم.

یەک دوو وڵاخیان ئامادە کردبوو. بار بارکراو کەوتنەڕێ. فەقێ ڕەشید لە کوێخا نزیکتر بوویەوە:

– ڕەحمان وەزعی باش نییە.

عەلی تەیب لە دەمی فەقێی وەرگرت و: زام وەک پێشەو سووقان و چومگە لە جێ چوون نییە. برێک زام دەڕواتە قینا و خۆش ناوێتەوە. ڕەحمان خوێنی پیس بووە. دەڵێم با بەزووترین کات بیگەیەنینە دکتۆرا ئەگینا.

– ئەگینا چی؟

– تەواو بووە و زامەکەی دەیکوژێت.

– کام دکتۆر؟ ئەوە ئێرانە، هەرچاوێکیان کردووە بەهەزار و کون بەکون بەدوایدا دەگەڕێن. بۆچی سەروان عەزیزی کوشتن گاڵتەیە؟ دەزانی تا ئێستا لەسەر ئەو چەند کەس کوژراوە و چەند کەسیش گیراوە و خراونەتە ژێر گاز و تاوەوە. من دەڵێم سەد. تۆ بڵێ هەزار. ئەوە ئەوێ، دەمێنێتەوە هەڵەبجە و سلێمانی. هەڵەبجە دوای دوو ڕۆژ پێی دەزانرێت. مارفی تیا جاشە و دەستیشی دەڕوا. سلێمانیش بەمن ناکرێت بەتایبەت برینداری گوللە شاردنەوەی بەدەم ئاسانە. مەگەر مەلا حیلمی چارەمان کا. وا دەبینی شەڕە، شەڕیش بێ کوشتن و بریندار کەم ڕوودەدا. خوا بکا برادەران سەلامەت بن سبەی دەڕۆین بۆ لایان و پێیان ڕادەگەیەنین، بێگومان ڕێگەیەکمان دەخەنەبەر.

دوو سوار لەبەر دەرگای ماڵی کوێخادا دابەزین. کوێخا خوری بڕۆن ئەو وڵاخانە لەو میوانانە بگرن. دووکەس بەرەو ڕوویان بەڕاکردن ڕۆیشتن، ئەسپەکانیان لە دەست وەرگرتن و هاتنە حەوشەوە. کوێخا و

خەڵکەکە ڕۆیشتنە پیریانەوە. هەرچی ورد دەبوونەوە نەیاندەناسین. بەگەرمی بەخێرهاتن کران و فەرموو فەرموو کوێخا کەوتە پێشیانەوە بەرەو دیوەخان. لەبەر دەرگای میوانخانەدا ڕاوەستا و بەدەست ئاماژەی دەکرد و دەیوت: فەرموون.. بەخێرهاتن!

میوانەکان دانیشتن. فەقێ ڕەشید و عەلی تەیبیش دانیشتن. کوێخا دوای ساتێک لە دیوەخان وەدەرکەوت و دووبارە گەڕایەوە. دەنگی تۆپ بەردەوام دەهاتە گوێ. چایان هێنا، کوێخا دووبارە کەوتەوە بەخێرهاتن و خۆش و ویش.

یەکێک لە میوانەکان هاتە قسە:

– من برای مەجید باوەجانیم و ئەمیشە ئامۆزامە. دوێ شەو لای ئەوکە شامار بووین. زۆر سەلاوی دەگەیاند و وتی: بەو ناونیشانەی وا ستارخانیەکەم بۆ ناردووە، لە ئێمە دڵنیابێت. کوێخا قسەی پێ بڕی:

– جا ئەوە ناونیشانی بۆچییە؟ مەجید خۆشەویستی هەموومان بوو حەیف ڕۆیی و بەجێی هێشتین. تا بڵێی لەسەرخۆ و بەئازموون و کارامە بوو. بەخوا، بەخوا ئەم ناوچە تێکڕا وەک خزمێکی خۆیان بۆی نارەحەتن. بێگومان ئەوکە چۆنیەتی کوشتنەکەی بۆ گێڕاونەتەوە؟

– بەڵێ بۆی گێڕاینەوە. وەک جەنابت دەزانی مەجیدی برام تەنها سونی مەزهەوێک بووە لەناو دەستەکەی ئەوکەدا. ئەوکە ئێمەی ناردە خزمەتتان تا لە چۆنیەتی کفن و دفنی ئاگادارمان کەن. ئەوەشمان بیستبوو کە ئێوە درێغیتان نەکردووە؛ بەڵام دڵمان ئۆقرەی نەگرت و هاتین تا لە دەمی خۆتانی ببیستین.

– وەک وتم ئەم ناوە مەجیدیان خۆش دەویست، لەوەش دڵنیابە بەپێی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کفن و دفن و تەلقین کراوە. ئەوە خودی

فەقێ ڕەشید لەیرا ئامادەیە و بۆ خۆی ئەو تەلقینی خوێندووە و سێ ڕۆژی تەواویش بۆی دانیشتووین و پرسەمان بۆ داناوە و لەم لاو لاشەوە هاتوونەتە پرسەمانەوە. ئەوی پێویستی سەرشانمانە کردوومانە و وەک دەزانن مەرگ و میریش بەدەستی خوایە. ئەوسا یەکێک لە هاوڕێیەکانی کە لەگەڵیدا بریندار بووە یەشتا لە جێگەدایە و بەدەم زامەکەیەوە دەناڵێنێت و وەزعیشی باش نییە و دەمانەوێت هەرچۆنێک بووە بیگەیەنینە دەوا و دکتۆری شاران.

– خوا لە پیاوەتیتان کەم نەکا! ئێمە هەر بۆ ئەوە هاتین یەکەم بەخزمەتی جەنابتان بگەین و فاتیحایەکیش بەسەر گۆڕەکەیەوە بخوێنین.. ئەگەر مۆڵەت بفەرموویت دەمانەوێ بگەڕێینەوە.

– ئەوە بەڕاستانە؟ ئەمشەو لە خزمەتتاندا دەبین و سبەی لەو بارەوە دەدوێین.

– کوێخا! نازانیت دوای کوشتنی سەروان عەزیزی چییان بەسەر هێناوین. شەق و تێهەڵدان و گرتن و پەت پەتی مەپرسە، خاوە و تەڵەکە و گەڕپیاکردن بەفلسێک. هەرچیمان هەبوو ژاندارم و پاسگا لە چنگی وەدەرهێناین و خستمانیانە سەر ساجی عەلی. نازانین تا دەگەڕێینەوە چی گۆبەنێکی تازەمان پێ دەگرن.

– دەی تامولّتان هەبێ. ئێمەی کورد بۆ هەرکوێ بڕۆین ئاسمان یەک ڕەنگە. بیستمان دوای ئەو کوشتارە تەواوی پیاوانی دێی کێلەبەرزەشیان گوریس پێچ کردووە و هەر هەموویان خراونەتە بەندیخانەوە، تا ئێستا بەرەڵاکرابن ئەوەیان نازانم؟

– کوێخا دەورانێکی سەیرە. هەرکەس بۆ خۆیەتی. هەر پاسگایەک سوڵتانێکە بۆخۆی. تا دەمیان چەور نەکرێت بەرەڵابوون لە کاردا نییە.

ئەوەندەی لە بەندیخانەدا دەهێڵنەوە تا کاژفرێدا.

– جا ئەم فەقیر و هەژارە نان نییە بیخۆن، پووڵ و پارەیان لە کوێ هەیە تا ئەو دەمە خوێناوییانە چەورکەن.

– ئەوی بیری لێی نەکەنەوە خەڵکییە. دەڵێن بڕۆ سواڵ بکە، قەرز بکە، چووزانم دزی بکە. ئەوی گرنگە بێ پوول و پارە نەگەڕێتەوە پاسگا. خوا کاری عەشرەت و دۆست و ناسیاو ڕاست بهێنێ. ئەوان باربوویان بۆکردین. ئەگینا تا ئێستا لە بەندیخانەدا بۆگەنم کردبوو. ئینجا دەستی بۆ ئامۆزاکەی درێژکرد و وتی:

– سەفایشیان سێ هەفتە خستە ژوورەوە، بەهەزار دەردەسەرو پوول دان ئازادکرا. سەگە حەوشەیەکیان پێ کردووین نەبێتەوە.

– ئەی بۆ شکات ناکەن؟ عەرزەوحاڵ بنووسن بۆ ئوستان، بۆ گەورەتر. یەکێک هەر وەڵامتان دەداتەوە. مەگەر شار بێ خاوەنە؟

– شکات؟ شکاتی چی؟ مەگەر دەنگمان هەر بەخوا بگا. ئوستان و موستان بێ سوودە، سەروان عەزیزی چاوی دەوڵەت بوو ئەوکە و برادەرانی کوێریان کرد و تەواو. وا لە جوێی ئەو کارە دەرپێی هەموومانیان داکەندووە و هێناویانەتە سەرچۆکمان، زاتمان نییە بڵێین "لەل".

– خوا هەقە عەزیزی کوشتن گاڵتە نەبوو، سەگێکی هاربوو کەوتبووە ناو خەڵکی. کورە ئێمە خۆ ئێرانی نەبووین، سەدجۆر گرفتاری بۆ دروست دەکردین. دەک خوا بکا لەولاتر بڕوا ئینشائەڵا!

هەموو یەک دەم:

– ئینشائەڵا دەڕوا و خراوتریش. گرمەگرمی فڕۆکە هاتەگوێ. دانیشتوان شڵێژان. شپرزانە کوێخا و دانیشتوان لە دیوەخان

وەدەرهاتن. لە مێژوو پێشمەرگە بەتەواوی دێهاتی دەوروبەری ڕاگەیاندبوو کە چاڵی پارازتن لە نێو دێدا هەڵکەنن بۆ مەبادای بۆردومانی فڕۆکە. هەر ژن و منداڵ بوو بەرەو چاڵەکان ڕایان دەکرد. دوو فڕۆکە سەر لووتکەی زمناکۆی بۆردومان دەکرد. لە بازنەی بادانەوەیاندا دەگەیشتنە سەر دێ و دووبارە دەگەڕانەوە. لە گەڕانەوەدا تیشکی هەتاو دەیدا لەژێر سکی فڕۆکەکان؛ لە ماسی چەتوون و عەجوولی نێو ڕووباران دەچوون، سکیان دەدایە تیشکی هەتاو. فڕۆکەکان سێ خولیان خوارد و گەڕانەوە. دەنگی تۆپیش بڕایەوە هەتاو چەند ڕمێکی مابوو بۆ ئاوابوون. لە مێژا کوێخا بەزەفەری کوڕی ڕاگەیاندبوو هەواڵی خۆیان و شەڕەکەی پێ بگەیەنێت. خۆرئاوا تەتەری پێشمەرگە گەیشتە ناو دێی کێلەبەرزە و یەکڕاست خۆی گەیاندە کوێخا و بەهەناسەبڕکێیەوە ڕایگەیاند:

– هەموو سەلامەتن. تەنها دوو بریندارمان هەیە و بەس. هەشت نۆ لاشەیان لێ بەجێماوە، یەکێکیان مارفە.

– کوێخا وتی:

– کام مارف؟

– مارفی کوێخا ڕەسووڵ.

– دەست خوا خۆش بێت. وازی نەهێنا تا سەری خۆی دانا؛ چی دانانێکیش، لەسەر جاشایەتی. ڕووڕەشی دونیا و قیامەت، باشە بریندارەکانمان کێن؟ دەیانناسم؟

– یەکێکیان حەمەی وەلییە، ئەوەکەی دییان حوسەینی حاجی محێدینی کەلارە. خەفەتیان مەخۆ، زامەکانیان کوشندە نییە و جێگای مەترسی نین. هەردووکیانم دی بەپای خۆیان گەڕانەوە بنکە.

تاریک داهاتبوو. کوێخا و دوو میوان و دوو سێ کەسی تر لە دیوەخانا سەرگەرمی چای خواردنەوە و گفتوگۆ بوون. فەقێ ڕەشید و عەلی تەیب و بەدوایاندا ڕەحمان دار لە بندەست هاتە ژوورا بەدژوار هەنگاوی دەنا. جارەوبار سەری دەلەرزییەوە.. عەلی تەیب یەک دووجارێک نیگەرانی خۆی دەربارەی ئەو سەرلەرزینە وەدەرخستبوو کە گوللەکە نزیکی دەماری بڕبڕاکەی پشتیەتی و تەرازووی تێک داوە، چڵک و کێم گەیشتووەتە دەوروبەری ئەو شادەمارە، بۆیە جارەوبار سەری دەلەرزێتەوە و وا بڕوا دەمی گێڕ و چاویشی خێڵ و ڕەنگە شەلیشی بکا. سەبری گیسکێکی بۆ کردبووە مەولووی پەیامبەر. ڕەحمان هەر وەک خۆی مابوویەوە. عەلی تەیب هەرچی دەکۆشا تاو و لەرزەکەی لێ ببڕێت، خراو چڕوسابوویەوە. کە دانیشتن، ڕەحمان هاتە قسە:

– هەرچی کردم نەتوانستم نەیامە دیدەن خزم و خوێش خودا بیامورز. ئەلحەق! مەجید کوڕ بی، کوڕ. حەیف وەجیمان هیشت و چوی. یە ڕووژ وەر لە جەنگ کە وت... "هەست بەوە دەکەم نەهاتمە. خوا خۆی ڕەحم بکا، دڵنیام لەم شەڕەدا دەکوژرێم" ئەوکە وەت وەپی ئەی ئەراجیفە چەس ئیشی؟ مەگەر وەو دونیا هاتیتەتەو. ئەی قسانە بەدنگینە مەکەرەی... حەیف وەدەسمان چوی. ئەشهەدو برای خاسی داشتن.

کوێخا ویستی باسەکە بگۆڕێت:

– هەموومان ئەوە ڕێگەمانە لەبەرە. برێک زووتر و برێک درەنگتر. سەیر لەوەدایە هەموومان پێمان وایە تەنها مەرگ بۆ خەڵکە و بەس. ڕوو بەبراکەی مەجید، لام خۆشە جارێک نەڕۆنەوە و یەک دوو ڕۆژێک

لە خزمەتتانابم. هەر نەبێت سبەی مەڕۆنەوە.

– ماڵت ئاوابێ یاخوا! بەڵام کوێخا ئێمە بەدزییەوە هاتووین، ساواک و ئیتیلاعات ئەوەندە خەفیەیان بڵاوکردوەتەوە لە ناومانا پیاو لە خێزانەکەشی بەگومانە. هەرچی زووتر بگەڕێینەوە، درەنگە.

– بەهەرحاڵ ماڵی خۆتانە. سەد خۆزگە چەند ڕۆژێک لە خزمەتتانا دەبووم.

فەقێ ڕەشید هەڵسا و وتی:

– با بیکەینە خەو.

سبەی برا و ئامۆزای مەجید بەرەو ناو باوەجانی گەڕانەوە. کوێخا مەحموودیش بەرەو ئەشکەوتی پاشا و بنکەی برادەران.

مەلا حیلمی و مەلا ئەنوەر لە دەمی ئەشکەوتی پاشادا ڕاوەستابوون خۆیان دەدایە هەتاو. تەواوی دەشت و دەر و کێو و درەخت لەژێر تیشکی هەتاوا پرشەی دەهات، هەر لەو بەرزاییەوە ئاوبەستی دەربەندیخان ئاو تیادا پەنگی خواردبوویەوە؛ پرشە و بریقەی ئاو هەزاران ئاوێنەی خوڵقاندبوو. زەفەری کوڕی کوێخاش لەولاتریانەوە ڕاوەستابوو. بزەی سەرکەوتن لە ڕوخساری هەمووانا دەبینرا. فەقێ ڕەشید و عەلی تەیبیش هاوڕای کوێخا هاتبوون. مەلا حیلمی ڕوو بەعەلی تەیب:

– دوو بریندارمان هەیە. دکتۆرەکەی خۆمان دەڵێت زامەکانیان جێگەی مەترسی نین؛ لام خۆشە تۆیش زامەکانیان ببینی.

پێشمەرگەیەک کەوتە پێش عەلی تەیب بەرەو لای برینداران.

لە بندەستی ئەشکەوتدا شەش حەوت ژووری جیاجیایان لە قوڕ و تل و بەرد سازاندبوو، لە یەکێک لەو ژوورانەدا دوو بریندار ڕاکشابوون. پێشمەرگەکە ڕایگەیاند:

– مامۆستا، خالۆ عەلی ناردووە تا زامەکانتان ببینێ.

حەمەی وەلی، گوللە بەر قۆڵی کەوتبوو. لوولاقێکی شکاندبوو، دەستی بەملیەوە هەڵواسرابوو. هەڵسایە سەر پا، هیچ ئازارێکی پێوە نەدەبینرا. ئەو بریندارەکە دەینالاند گوللە بەر بنڕانی کەوتبوو. عەلی تەیب بەوردی برینی ڕاکشاوەکەی تاووتوێ کرد و تا دەیسووتاند. زامەکەی قۆڵی حەمەشی تەماشاکرد و گەڕایەوە لای مەلا حیلمی.

– ها چۆنن؟

– زامەکەی حەمە شتێکی وا نییە؛ بەلام کاک حوسەین ئەبێ بگەینرێتە لای دکتۆر و دەوا و دەرمان. زامەکەی بەرەو چڵککردن دەڕوا، خراو تا دایگرتووە.

کوێخا هاتە قسە:

– ئێمە خۆمان لە ئێوە جیاناکەینەوە و تا ئێستاش لە تەواوی گیروگرفت و شەڕەکاندا شان بەشانی ئێوە بەشداریمان کردووە و هەروایش دەمێنێتەوە. کوردستان موڵکی باوکی هەمووانە و پاراستنی ئەرکی سەرشانی کوردی بەشەرەفە. هاتنەکەمان زۆرتر بۆ دڵنیاییە. سوپاس بۆ پەروەردگار وا هەمووان سەلامەتن و دوژمنیش ڕسوا و دهۆڵ دڕاو شەرمەزارانە دۆڵی گرتووە و شکاوە. دووهەمیان هاتووین بۆ ڕاوێژ.

– ڕاوێژ..؟ دەربارەی چی؟

– ڕەحمان وەزعی ناجۆرە و ڕۆژ بەڕۆژیش خراوتر دەبێ. ئەوە لای

ئێـرانە، ئاگـاداری نـەک خـۆی ئـەوی پەیوەنـدیشـی پێـوە بێت لە داری دەدەن. خـاڵۆ عـەلی دەڵێت ڕەحـمـان نەگـاتە لای دکـتـۆر و عـەمـەلیـات نەکـرێت، تیـاچووی نـاوە. جـا نازانم جـەنابت چ ڕێگەیەک دەخـەیتـە پێشمان؟

مەلا حیلمی ڕوو بەعەلی تەیب:

– یانی وەزعی وا خراو بووە؟

– زامـەکـەی خـراو دەخـوێنێ، ئـەوسـا تووشـی سـەرە لەرزەی کـردووە. ئەگەر زامـەکـەی وا نزیکی بڕبڕاکـەی پشـتـی نـەبوا دەمـوت هـیچ نیـیـە؛ بەڵام ڕاستت بوێت خراو تۆقاندوومی.

مەلا حیلمی ڕوو بەکوێخا:

بڵێم نـاتوانین یارمـەتی بدەین درۆت لەگـەڵ دەکـەم. دەتوانم بینێـرمـە شـاری سـولەیمانی بۆ لای ڕێکخـراوی برادەران؛ بەڵام ئەوە کـارێکی ئاسان نییە، ئینجا ڕوو بەعەلی تەیب:

ـ پێت وایە زامەکەی حوسەینیش پێویستی بەعەمەلیات هەبێت؟

– وەنەزەرم ئەویش نیازی بەعەمەلیات دەکەوێ.

مەلا تۆزێک تێڕاما و ئینجا ڕوو بەکوێخا:

– سبەی بیهێنە بۆ ئێرا تا لەگەڵ حوسەینا بیاننێرمە شار.

فەقێ ڕەشید هاتە جواو:

– لە شارا برا و برازام زۆرە، با بڕۆنە ماڵی ئەوان.

– نا مـام فـەقێ! ئەمـە کـارێکی نهـێنی و حـزبایەتیـیـە. پڕە لە وردەکاری. ئێمە لەناو شـارا ڕێکخراوی تایبەت بەخۆمـان هەیە. ئەوان ئەم کارانە دەگرنە ئەستۆ، تا چاکی چاک نەبنەوە جگە لە دکتۆر کەس

ئەو بریندارانە نابینێت. خۆ دەتوانێ ڕێ بکات؟

- دەتوانێ؛ بەڵام بەدژوار.

- سبەی بەتراکتۆرەکەمان دەینێرمە خزمەتتان..

- مادام وایە با تا سەر سیروان بیانبات؛ یانی بەرانبەر باوەنوور. لەوێڕا دابەزن. لە مێژ وا بوو هەر لەم ڕاستەوە بەبەلەم بڕۆشتانایەتە ئەو بەرەوە. دوای ئەم شەڕە ترسی داو و ماو و لە گۆڕدایە.

- سبەی چ کاتێک بڕۆن باشترە؟

- بێ شک هەردەبێت بەشەودا بپەڕنەوە و بڕۆنە نێو باوەنوورەوە. وەک دەزانی پڕە لە پۆلیس و جاشیش.

- کەواتە دەمەوئێوارە دەیاننێرم؛ ئێمە بەیارمەتی جەنابت مەرەخەس دەبین.

- کوێخا! وامان لەگەڵ مەکە. ڕاستە فەقیرین؛ بەڵام شتێکمان هەیە بۆ خواردن.

- مامۆستا لێگەڕێ ئەوی هی ئێمەشە هەر هی ئێوەیە.

- نا نا نارۆن. نان دەخۆن ئەوسا.

ئینجا مەلا قیراندی: ئەرێ هیچمان هەیە بۆ خواردن؟

یەکێک وەڵامی دایەوە: بەڵێ هەمانە.

- چیمان هەیە؟

- ساوەر.

- باشە بۆ هەر ساوەر؟

- بۆچی دیوەخانەکەی وەسمان پاشای جاف و ئەوساکەیە. بۆخۆت نازانی لەوە زیاترمان نییە؟

– هەتیو بۆ نایەڵی فشەیەک بکەین؟

هەر شـــەڕێک روویدابا بەتایبـــەت ئەو شـــەڕانەی دەوڵەت ناچاری بۆردومـان باتا کـەس و کـار و هـاوڕێیـانی پێـشمـەرگـەکـان خـۆیان دەگـــەیاندە بنکەی ســـەرەکی لە نزیکەوە دڵنیـا دەبوون. کـوێخـــا و هـاوڕێیـــانـی بەرەو "کـــێلەبەرزە" وەڕێکەوتن. زەفـــەر و هـاوڕێیـــانـی نەجووڵان. مەلا حیلمی:

– کـاک زەفـــەر ئێـوەش بگەڕێنەوە. پێم وانیـیـە بەم زووانە بێنەوە سەرمان. ئەگەر ئاوا خەیاڵێکیان هەبێت لەمێژا ئاگادار دەکرێین. خوا نموونەتان زۆر بکا بۆ کوردستان و ئەم خەڵکە زوڵم لێکراوە.

– مامۆستا هەر من بگەڕێمەوە یا هاوڕێکانیشم؟

– هەمووتان. خواتان لەگەڵ!

خواحافیزییان کرد و وەڕێکەوتن. دووان لە هاوڕێیەکانیان گەڕانەوە بۆ هێنانی وڵاخەکانیان زەفەر لایکردە لایانەوە:

– درەنگ مەکەن؟

– کەرکوڵ و بارسووک. مەگەر خەیمەگای شاعەباسمان پێیە؟

کـوێخـا گـاڵۆک بەدەست سەربەرەو خـوار لە پێـشـەوە دەچوو. وردە وردە زەفەری کوڕی لێ نزیک بوویەوە و ئاماژەی بۆ ئەشکەوتی پاشا کرد و وتی:

– ئەمجارە چەند پێشمەرگەیەک لێیان پرسیم بۆ ناوی ئەشکەوتی پاشایە. لە ڕاستیدا نەمتوانی وەڵامیان بدەمەوە؟

– کوڕم ئەم ئەشکەوتە داستانی زۆری لێ دەگێڕنەوە. لەوەش دەڕوا ئەوی لێی قـەومـابێت پەنای هێناوەتە ئەم ئەشکەوتە و لەوێڕا خـۆی

پاراستووە؛ بەڵام لەم دوادواییەیەدا بۆ ناوی پاشای کەوتە سەر و خەڵکەکە بەپاشای دەناسی، ئەمیش داستانی خۆی هەیە. مەحموو پاشای جاف لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانیدا ناکۆک دەبێ و دەداتە کەژ و بەناچار لەم ئەشکەوتەدا دەگیرسێتەوە و دەیکاتە بنکە و هەوارگەی خۆی. پێش دروست کردنی ئاوبەستی دەربەندیخان سیروان تا لە کەلی دەربەند نزیکتر دەبوویەوە، تیژ و توند و سەرشێتانە و مارپێچ بەدۆڵ و دەربەندا لرفەی دەهات و دەچوو، ئەوسا ترس و تۆقیانی دەخستە دڵانەوە وا دەستەمۆ نەبووبوو پەنگیان پێ نەخواردبوویەوە. سەدان خێڵی کۆچەری جاف لەوێڕا لە دامێنی چیا دابەزیبوون. ئەو دیوارە بەرزەی چیمەنتۆیە، ڕۆژگارێک گوزەرگای خێڵی جاف بووە. ئەشکەوتی پاشایش بەو بەرزاییەوە تەماشاکەری دەشتی شارەزوور بوو. دەڵێن ئەوانەی لەشیان پاک بێ و لەو ئەشکەوتەدا بنوون، سەرتاسەری شەو لە خەوا دەنگی هۆرەی دێتەگوێ.

- ئەمە بۆیە یەکێک لە پێشمەرگەکان دەیوت، هەرکە دەخەوم تا بەیانی گۆرانیم بۆ دەڵێن.

ئەوسا وا باوبوو کە ئەشکەوتی پاشا خاوەنی خۆی هەیە و شەوانە لەوێڕا فرت و هۆڕیانە. من بۆ خۆم یەک دوو شەوێک تیا نووستووم ڕاستت بوێت نە هیچم بیست و نە هیچیشم دی. بەسەر ئەوشدا پێشینان لە خۆڕا هیچیان ناڵێن.

# ٣٥

– یەکەمین جارە دێی بۆ پاریس؟

– نا، هاتووم. ڕاستە لادێییم، بەڵام چەند ساڵ لەمەوبەر لەگەڵ باوک و دایکمدا منداڵ بووم هاتووم.

– هیچت لەبیرە؟

– تێکەڵ و پێکەڵ. بەڵام ئەوەم لەبیـــرە لە دەوروبەری شـــەقـــامـی شانزەلیزیدا بووین. کاتێک بەشانزەلیزیدا تێپەڕیم هاتەوەبیرم ئەم شەقامەم دیوە.

– پاریس گۆڕاوە، وانا؟

– بۆ من پاریسی ئەوسا و ئێستا وەک یەک وایە. هەموو شتم لا تازەیە. ئاخر هەژدە ساڵ لەمەوپێش بۆخۆی عومرێکە.

لی لی بێ ئەوەی لا بەلای فەلامەرزەوە بکا وتی:

– پرسیارێکت لێ بکەم ڕاستم پێ دەڵێی؟

– جا تا ئێستا درۆم لەگەڵتا کردوو؟

– نا، مەبەستم لە درۆ نییە. دەمەوێ بزانم ئەم هەشت نۆ ڕۆژەی لەم شارەدا پێکەوەین، خۆشت پێگوزەشتوە و ڕاتبواردووە؟

لە نێـــوان هەردووکـــیـــانا مـــێـــزێکی خـــڕی بچکۆلانە دانرابوو، هەردووکیان بازوویان خستبووە سەری. یەشتا لی لی لای بەلای دەرەوە بوو. فەلامەرز قاقا پێکەنی و چوو بەپشتدا لی لی لای کردەوە

لای فەلامەرزدا و سەرسامانە نوارِییە ناوچاوانیدا. فەلامەرز کەنینی برِیبوویەوە بەپەنجەی شایەتمان و پەنجە درێژەکەی ئارام لووتی لی لی وشارد و وتی:

– لەگەڵ تۆدا بم، نەک لە شارێکی وەک پاریسدا کە شا ژنی تەواوی شارەکانە، بەڵکو لە عەلیابادیشا بم بێ سنوور شادمانم.

– عەلیئاباد کوێیە؟

– دێیەکە لە دێیەکانی خوا.

خورِ باران دەباری. ئەوی رِۆژهەڵاتی و ئەفریقایی بوو بەپەلە خۆیان دەگەیاندە پاساژ و کۆگاکان و لاپاڵەکانا. خەڵکی شار ئاگاداری هەوا و ئاسمانی شاری خۆیان بوون ئارام و لەسەرخۆ چەتر بەرِاسەرەوە هەنگاویان دەنا. لی لی و فەلامەرز لە پشتی جامخانەی رِستورانی "فوکیە"وە دەیان نوارِییە هاتوچۆکەرانی شەقاما. فوکیە جمەی دەهات لە دانیشتوانا. سەری لی لی و فەلامەرز هێندە لەیەکەوە نزیک بووبوویەوە هەناسەیان تێکەڵ ببوو.

لی لی وتی:

– ئەمرِۆ تۆ بە یەکێک لە دەربارییان دەدریەیت لە قەڵەم. وا بەباش دەزانم لە برِێک گیروگرفتی نێو دەربار ئاگادارت کەم. بەپێی قووڵایی مێژوو تەواوی دەرباری شاکان پرِ بووە لە شەرِەقۆچ و دەستە و دەستەبازی و پیلان و داو و مل شکاندنی یەکتر. جا بەپێویستی دەزانم لەو بیگرە و بەردانە ئاگادارت کەمەوە.

– لی لی گیان! رِاستە من کار بۆ دەربار دەکەم، بەڵام کاری من کارێکی هونەرییە و دوورە لە بیگرە و بەردە. سبەی کارەکەم تەواو دەبێ و دەرِۆمە رِێگەی خۆمەوە. تەنها پەیوەندی نێوان من و دەربار

تەنها تۆیت و بەس ئەویش بێ ئەوەی هاتوچۆی دەربار بکەم دەکرێت بەردەوام بین.

- هەڵەکەت لەیرادایە. سەدان کەس لە دەربارادایە. هەر هەموو ئەو خەڵکە ئاواتەخوازی شەرەفیابی شابانوون. تۆ هەمووی چوارپێنج مانگە کاروبارت سەر بەدەربارە. شابانوو بۆ خۆی فەرموویەتی کە بەخزمەتی بگەیت. ئەمە نیشانەیەکی گرنگە و لام وایە کۆشکیش تەواو بێت دەربار دەستبەردارت نابێت. هەر نەبێت من دەستبەردارت نابم؛ منیش یانی شابانوو، چونکە شابانوو گوێ لە قسەم دەگرێ و پێشنیارەکانم دەسەلمێنێت. فەلامەرز تا ئەو دەمە دەستی لەناو دەستی لی لیدا بوو نەرم دەستی وشارد و وتی:

- چ دەربار و چ جێگەیەکی تر و یا هەرکوێی دونیا بێت، باوەڕ ناکەم عشقی تۆم لەبیر بچێتەوە. لاشم وایە شەڕی خۆم لەسەر ئەو عشقە و ئەم لەش و لارە دەکەم؛ سەرکەوم یا نا من تەقەلای خۆمی بۆ دەکەم.

- وەک وتم دەربار پڕە لە بەزم و ڕەزم. جارەوبار ڕەزمەکان تاو دەگرێت و داش دەمرکێتەوە. بەزمەکانیش دیسان پڕە لە داو و ململانێیەکی نهێنی. ململان لە نێوان شابانو و والاحەزرەت ئەشرەف. ئەگەرچی لەم دوادواییەدا عەلاحەزرەت کەمەکێک پەڕوباڵی والاحەزرەت ئەشرەفی قرتاندو. خستییە نێو چوارچێوەیەکی تایبەتییەوە. بەڵام ئەشرەف لەوانە نییە هەتاوەکو عەلاحەزرەتیش بتوانێ سنووری بۆ دانێ. سەرکێشی و تەماحەکەی لەوەدا نییە بەئاسانی دەسەمۆ ناکرێت. وەک دەزانی لەگەڵ شاهەنشادا بەیەک سک بوون. بۆ نموونە هەمیشە چەند وەزیرێکی کابینە سەر بەو بووە و زۆرتر فەرمانبەرداری ئەون تا دەوڵەت و سەرەک وەزیران. هەرکات بیانەوێ بزیسکە و بریسکەی ئەشرەف کەم کەنەوە، چرا هەڵگرەکانی

دادەخـــەن و کلک و گــوێی دەکـــەن. باوەک شـــابانوو لـەوەدا نـەمـــاوە ئەشــرەف بتــوانێ زەفــەری پێ ببـا ،  شـــابانوو دایکی وەلی عــەهدە، وەلیعـەهد. لەم دوادواییەدا بـوونەتە پەپوولەی دەوری شـابانوو. جگە لە والاحـەزرەت شــەمس نەبێت کـاری بەکـاری هەراو هـوریای دەربارەوە نیــیــە و لە دونیــای خـۆیدایە. مـێـردەکـەشـی بووە بەداشـی تەواوی کابینەکان و هەر سەرەک وەزیری ناچارە کابینەکەی مێردەکەی ئەوی تیـادا بێت. دەمـێنێـتـەوە سـەر والاحـەزرەت عـەبدولڕەزای برای شــا. بۆخـۆی لـە دەشـتـی "ناز"دا دام و دەزگـای تـایبـەت بەخـۆی سـازاندووە. سـاڵی جـارێک مـیـوانییـەکی گەورە دەدا پڕە لە سـیـرم سـیـرمی پڕ لە مـەسخـەرەی جۆراوجۆر. فـاتمەی خـوشکی شا بـەتەواوی توانایەوە لە خـزمـەتی شـابـانودایە، زۆرتر لە تـەقـالادایە دڵی دۆسـتـانـی شـابانوو بەدەست بهێنێت.

– ئەو کـەسـە چ کەسێکە خـوشکی شـا بیەوێ دڵی بەدەست بهێنێ و لێی ڕازی بێت، دەبێ کاربـەدەسـتـێکی یەکـجـار گـەورە و سـەرشـناس بێت. وا نا؟

– نا وا نـا؛ بەڵکو کـەسـێکە هیچ پۆ و پەیوەنـدییـەکی بـە دەوڵەت و دەزگای فەرمانڕەواییەوە نییە.

– خەریکی گێژم دەکەی. کەسێکی وا هـەر دەبێ جادووگەر بێت، یان خاوەنی چراکەی عەلائودینە؟

– نە ئەمــە و. نە ئەو. کـابرایەکی سـادە و سـەڵت و قـوڵتـە بەناوی فـەرەیدوون. دوایی تەواوی داسـتـانەکـەت بۆ دەگـێـڕمـەوە. لەم ڕوانەوە هەرچیت هاتە گوێدا و بیستت، خۆتی لێی وەکەڕ کە و هیچت بەدەما نەیەت و خۆت مەکە خاوەنی.

– وەکو چی؟

- چووزانم، لە دەربارا یان ئەمـــلاولا. زۆرشت دەوترێت و زۆرشت دەبیسرێت؛ بۆ نموونە پێش سەفەرەکەمان بڵاوبوویەوە کە کوڕی "ئەرتشبود خاتەمی" ویستوویەتی شا ترۆر کا، لە تۆڵەی کوشتنی باوکیدا؛ چونکە لای وایە باوکی لە باڵەفڕەی "گایت"دا کەوتووەتە خوارەوە، ڕووداو نەبووە و بەپێی بەرنامە کوژراوە.

- جا وابووە؟

- من دەربارەی چۆنیەتی کەوتنە خوارەوەکەی شتێکی ئەوتۆی لێ نازانم؛ بەڵام دەربارەی تەقالای کوڕی خاتەمی سەرتاسەری درۆیە کوڕی خاتەمی خوشکەزای شایە یان دەڵێن شا نەخۆشە و تووشی شێرپەنجە هاتووە.

- جا لە ڕاستیدا نەخۆشە؟

- نەخۆش بێت یا نا، تۆ خۆتی لێی وەکەڕکە و لەو ڕووەوە هیچت بەدەما نەیەت. وریابە ئەوی دەربارەی شا و شابانوو دەبیسیت، هیچی لێی نەدوێ. ئەگەر بتوانی وەدرۆی خەرەوە. یا هەرنەبێت بێدەنگ بە. فەلامەرز سەلاوێکی سەربازانەی کرد و وتی:

- سەرچاو! فەرامینت موتاعە، ئازیزی دڵ!

- وەک بۆتم ڕوون کردەوە شەڕەقۆچی نێو دەربار جیاوازە لەگەڵ ململانێ وەدەست هێنانی دەسەڵاتی نێو دەوڵەتدا.

- ئەگەر ڕوونی نەکەیتەوە هەڕی لە بڕ ناکەمەوە.

- تێت دەگەیەنم. ئەمانەت بۆیە بۆ دەگێڕمەوە تا دۆست و دوژمنی من بناسیت. زۆر کەس لە هەل و پارێزدایە تا پاشقوڵم لێدەن و بەڵگە بەدەست بهێنن و بیکەنە بەزم و شایی لوغان.

- بۆچی خەڵکی ئەوەندە دڵڕەق هەن تۆ ببەزیەنن؟ ڕاستە دەڵێن

مرۆڤ دڕندەترین نەوعی ئاژەڵە.

– ئەی.. ی.. ئاغا! فرە و فراوان.. نزیکی و پەیوەندی من لەگەڵ شابانوودا گرێی تێوەبەرداون و بوون بەبۆکرووز بەتایبەت لە نێو چاوساقانی نێو دەوڵەتدا.

– مەبەستت لە چاوساقان کێن؟ من لەم وشانە تێناگەم.

– ئەوەندەش خۆت منداڵ مەکەوە. درۆ دەکەی هەموو شت دەزانی، ئەوی ناوباو ناتوری ناشرین هەیە سەرچاوگەکەی زانکۆیە و لەوێڕا بڵاو دەکرێتەوە.

– ڕەنگە وابێت، بەڵام بەندە لەو کۆڕ و کۆمەڵانەوە بەدوور بووم. تەنها سەرگەرمیم کاروباری کۆلێژ و وانەکانم بووە.

– درۆزن دوژمنی خوایە. ئەی ئەم هەموو لێزانی و وەستاکارییەی دەربارەی ئافرەت و ئافرەت ناسینەت لە کوێنەوە هێناوە. ڕەنگە لە وانەکانی زانکۆدا فێریان کردبیت؟

– ئەوی دەیفەرمووی، بەهرەیەکی خواییە. ئەمەش بەخۆشبەختی خۆمی دەزانم. ئەوە نییە بەتەواوی توانا و بیر و ئەندێشەمەوە لە خزمەتدام؟

– با بگەڕێمەوە سەر باسەکەمان، لە کوێنەدابووم؟

– لە پیاوماقوڵانی دەزگای شاهەنشاهیدا.

– ئەها! بۆ نموونە بەرانبەرکێی نێوان دەستەی هوەیدا و ئاموزگار بۆ خۆی داستانێکی دوور و درێژە. خۆ ناشێ بڵێی هوەیدا و ئامووزگاریش ناناسیت؟

– نا هەردووکیان دەناسم. بەتایبەت هوەیدا تەواوی خەڵکی ئێران دەیناسن..

– ئەی ئاموزگار؟

– ئەویش دەناسم. یەکجار واش نیم، ڕۆژنامە دەخوێنمەوە.

– ئافەرین کوڕی باش! باسی پیاوماقوڵانم دەکرد. وەک وتم یەکجار زۆرن، زوربەی زۆریشـــیـــان بەدناو و دەڵە و ســـەدان تەڵەیان بەکلک تەقاندووە.

– وەکو کێیە؟

– چووزانم، زۆرن. تا ئاغای عەلەم مابوو، وەک ئەو، وەک ئیقبال و شەریف ئیمامی و دکتۆر ئەیادی و ئەردەشیر زاهیدی و هوشەنگی ئەنساری و ئەتابای و بەهبەهانی و یەزدان پەنا و کورە سەدان گروپ و دەستــەی جــۆراوجــۆری تر ئەوەندە زۆرن ڕەنگە لە هەزار فامیلیا زۆرتر بن.

فەلامەرز بەسەرساميیەوە وتی:

– ئەمانە هەموویان دوژمنی تۆن؟

– هەموویان نا، زۆریان حەزیان لە چارەم نییە.

– چەندە بێ سەلیقە و گەوجن هەیە ئەو دەم و لێوە گۆشتنە ببیزێنێت؟

– هەیە تینووی خوێنیشە؟

– دەبێ ڕقیــان لە چیت ببێ؟ قەدوبالا؟ نازەنین ڕەفتار؟ خانمانە گفتار؟ لە شەکەر شرینتر کردار؟ مەپرسە ئەوانە دۆزەخین، دڵنیابە خوا دەیانگرێت ئینشائەڵڵا.

– ئەوانە بەلای منەوە ئەوەندە بێ نرخ و بێ باییین، شـــایانی هیچ نین. من لە پێیانم کردووە.

– ئەو پاوپلە نازدارە حەیف نییە لەوانەکرێن؟

– سەری شابانووم بۆ خۆش بێت بەسەگی لاکۆڵانیان نازانم. لاوە با

بزانین ئەمشەو لە کوێنەدا دەگێرسێینەوە. ئەمشەو دەتبەمە جێگەیەک بەلاتەوە سەیری سەیرە.

– جا شەوی پاریس کوێی پڕ لە سەیر و سەمەرە نییە بۆ چاوساقانی نێو شار؟ هەر قوژبنێکی قیامەتێکە بۆ خۆی.

– نەک تەنها بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتیی، بەڵکو بۆ ڕۆژئاواییەکانیش پاریس پاریسە و هیچ شار و پایتەختێکی تری پیا ناگات؛ دەگات.

– دەڵێم. بۆ لە قوژبنێکی ئارامدا دوور لە خەڵک دوور لە هەرا تا بەیان لە ئامێزت نەگرم. بەلای منەوە تاک کردنەوەت هەر ساتێکی سەرتاسەری شاری پاریس دەژی.

لی لی ئارام دوو لێوی فەلامەرزی ماچ کرد و وتی:

– وەڵا خۆ پێشنیارەکەت پڕە لە شکۆ و زەوق و پیاوەتی تەماحگیرت کردم؛ بەڵام شەوگار درێژە. لێگەڕێ بەویشدا دەگەین. ئەمشەو دەتبەم بۆ دیسکۆیەک بەناو "کرکۆدیل"؛ ئەوسا جێگە و هەوارگەی دبلۆماسییەکانی دەوڵەتە ئەفریقاییەکان بوو. ئاکتەرەکانی سینەما و... من لەوێڕا لەگەڵ "عومەر شەریف" و "ئەلان دلۆن"دا ئاشنا بووم.

– چ جۆرە ئاشنایەک؟

– حەرامزادە! چۆنم تێدەفکریەیت؟

– ئاخر ئەو پیاوەی حەز لە تۆ نەکا گێل و گەوجە.

– کاتێک لە پاریسدا دەژیام جارەوبار لەگەڵ دۆستانمدا یەکشەممە شەوان بۆوێ دەڕۆیشتین.

– شابانووش دەهات؟

– ئەو دەمە شابانوو کچێک بوو بەناوی "فەرەح"، بیشهاتبا مافی ڕەوای خۆی بووە. وەڵامی ئەم پرسیارە بخە دواوە. جارێک زووە لەو

ڕووانەوە بدوێین.

– مەبەستێکی تایبەتم لەو پرسیارە نەبووە. زۆری کاتتان پێکەوە بوون. هەردووکتانیش لە هەڕەتی گەنجایەتیدا.

– نامەرد! چەند فشە بەتەمەنتەوە دەکەی.

– وا نییە، من فشە بەوەوە دەکەم کە تۆ تاک و دەنکمی. باشە ئەو جۆرە شوێنانە جارەوبار هەرای تیادا دەقەومێ. تووشی هەرا نابین؟

– لەوەی دڵنیابە. هاتوچۆکەرانی ئەو جێگەیە هەموویان هەڵبژاردە و لە ڕووی پرس و جۆیەکی دوور و درێژەوە دەبنە ئەندامی ئەوێ. دەرگا بۆ نەناسراو ناکەنەوە. من پێنج ساڵە بەوێدا نەڕۆیشتووم؛ ئەگەرچی ئابوونەوەی سالانەم بۆ ناردوون ڕەنگە بەئاسانی دەرگامان لێ نەکەنەوە.

– نەشیان کردەوە چاویان وەدەربێت. لەگەڵ تۆدا بم بۆ من ئاسمان یەک ڕەنگە، مادام لەگەڵ تۆدام.

– چییە ئەمشەو فرە کەیلی، ترسم لێ نیشتووە تووشی درمەکەی پاریس هاتبیت.

– بۆچی پاریس بەم خۆشییە درمیشی هەیە؟

– درمی پاریس لەگەڵ هەر درمێکی دیدا جیاوازە، پڕە لە سەفا و زیندەگی و عیشق.

– ئەگەر وایە سەد خۆزگەم بەدانیشتوانی ئەم شارە. با ئەوەش بڵێم لەم ڕووەوە بەشاری پاریس قەرزار نیم، عیشقی من چاوگەکەی لە تارانەوە بووە؛ بۆیە وا ڕۆژ بەڕۆژ ئەفسووناویتر دەبێ. من لەوێڕا تووشی هاتووم. هیچ منەتێکی پاریس لە ئەستۆ ناگرم. من سەرسوپوردەی هەوا و ئاسمانی دامێنی چیای ئەلبورزم، من غولامی شازادەیەکی ئەفسانەیی تەباری حافز و سەعدی و خەیامم.

– ئەمەش ماچێکی تیادایە. لی لی دەمی برد و دووبارە فەلامەرزی ماچ کردەوە.

– ئەم جۆرە ماچانە بۆنی زستان دەدەن. من ڕۆژهەڵاتیم، ڕۆشنایی مژم تەواوی وجوودم پڕ لە گڕ و گڵپە و ئاگرە. پێم خۆشە لە ئامێزت گرم و لێوانت بمژم. هەناسەم هەرچی سەرما و سۆڵەی ئەم بنارە هەیە بکاتە مەشخەڵی نەورۆز.

– ئەمشەو بووی بە شاعیر. وتەکانتم گەلێک لا شرینە. نەتبیستووە پێشینان وتوویانە غەم و عیشق وەک دوو ڕووی یەک پارەن. سەیر لەوەدایە هەردووکیان دەرەقەتی زەمان نایەن.

– با بیستوومە؛ بەڵام مەرج نییە ئەوەی پێشینان وتوویانە من بیکەمە نموونە و ئەڵگۆی ژیانم.

– دونیا گۆڕاوە. گۆڕاوە؛ بەڵام وتەی پێشینانیش پڕە لە حیکمەت و تام و چێژی تایبەت بەخۆ. هەتاوەکو لەم وڵاتانەش پابەندی وتەی پێشینانی خۆیانن و لایان وایە میللەتانی خاوەن مێژوو ڕابووردووی پڕ لە توانا و دەسەڵات ئەمڕۆکە شانازی بەڕابووردووی خۆیانەوە دەکەن.

– من بەجۆرێکی دی تێدەفکریەم. ئەوەی لەم خەڵکە و هاتووچۆیی تیژ و بەرق ئاسای ئەم خەڵکە دەبینم، پێم وانییە ماوە و مەودایەکی وایان هەبێت لە هەڵپەکەون و بیر لە ڕابووردوویان کەنەوە.

– ئەوانیش وەک ئێمە بیر لە ڕابووردووی خۆیان دەکەنەوە؛ بەڵام نەک وەک ئێمەی ڕۆژهەڵاتیی. هەتاوەکو لە ڕووی ڕابووردووی خۆمانیشەوە ئێمە بەم ڕۆژئاواییانە قەرزارین. ئەوی زانیاری قووڵایی مێژووی وڵاتانی ڕۆژهەڵات هەیە، زوربەی زۆری لەلایەن ئەوانەوە

دۆزراوەتەوە و گەیشتووەتە ئێمە.. لەبیرمە کاتێک لەم شارەدا لە کۆلێژدا دەمخوێند. لەگەڵ زۆرکەسدا دەبووە دەمەقاڵمان. دەیانوت: ئەگەر ئێمەی ڕۆژئاوایی نەبووینایە ڕەنگە بۆ چەند ساڵێکیدیش فەرهەنگ و مێژووی ئێوەی ڕۆژهەڵاتی هەر لە ژێر خۆڵدا بایە و بەم شێوە ئاگاداری ڕابووردووی خۆتان نەبوونایە. دان بەم ڕاستەقینەدا نەنان، نیشانەی سپڵەییتانە. منیش لە ڕووی خوێن گەرمییەوە نەدەچوومە ژێر و دەموت: ئێوە شاکامی بەڕابووردووی ئێمە دەخوازن و دەتانەوێ چرنۆکی لێی گرن و تۆڵەی ئەو دەمەی خۆتانمان لێکەنەوە کە لەو حەلەدا لە دونیای بەربەرییەتیدا دەخولانەوە و ئێمەش ئاوابووین وەک خۆتان دەڵێن وەڵامیان دەدایەوە: لێگەڕێ لە ئەوسا؛ ئەم نانە نانە. ئەورۆ لە خوانە. کە وردبوومەوە و کەوتمە تاووتوێ و پشکنین، تۆزەکێک دەستبەرداری لاساری و کەللەشەقی بووم دانم بەو قەرزارییە دانا.

– ئەوانیش بەئێمە قەرزارن، ئەمڕۆی مرۆڤ ئاوێنەنمای ڕابووردووە. هیچ میللەتێک ڕاستەوخۆ نەبووە بەخاوەنی فەرهەنگی خۆی؛ مێژووی مرۆڤایەتی زنجیرەیەکە بەدەم یەکەوەیە. لی لی سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و وتی:

– ئەم هەویرە ئاو زۆر دەبا. وا درەنگە. هەستە با بڕۆین.

– دوورە لەیراوە؟

– نا ئەوسا چەند کۆلانێک ئەولاترە، لام خۆشە بەپێیان بڕۆین. بە لێخوڕەکەشمان دەڵێین با بڕوات و سبەی بێتەوە. لەوێڕا بەتەکسی دەگەڕێینەوە، فەلامەرز هاتبووە سەرحاڵ. هەستایە سەر پا و بەگۆرانییەوە دەیوت:

– هەنگوێنی شانە شانە، ڕێواسی کەلەخانە، لی لی من چاوی جوانە.

لی لی هەروا ڕاوەستابوو دوو سێ جار منداڵانە لەسەریەکەوە وتی:

– چیت وت؟ توخوا چیت وت دەپێم بڵێ.

– هیچ نییە. ئەمە بەیتی خۆماڵی لای ئێمەیە.

– نا بۆم بکە بەفارسی. فەلامەرز وەری گێڕایەوە فارسی و لی لی نەرمە ماچێکی دەمی فەلامەرزی کرد و وتی:

– با بڕۆین. فەلامەرز پاڵتاوی پێستی بۆ لی لی گرت و لەبەری کرد، تا سەر چۆکی هات. تووکی ڕەشی بریسکەداری پاڵتاوی پێستی ئستراخان و پاوپۆزی سپی و سۆڵی سام و هەیبەتێکی دەخستە دڵی بینەرەوە. هەر لە ڕستۆران وەدەرکەوتن دەستکێشی چەرمی ڕەشی لە ژانتا دەستییەکەی دەرهێنا و لە دەستی کرد و قۆڵی کرد بەقۆڵی فەلامەرزدا لە شەقامی شانزەلیزێ پەڕینەوە و سەربەرەو خوار بوونەوە. دەنگی پاژنەی کەوشی بەرزی لی لی مەوزوون و ڕیتمدار دوور دەڕۆیشت و شایەتی بۆ قەد و باڵای پڕ تەناسوبی لەش و لار و هەنگاونانی خاوەنی دەدا.

یەک دوو چەخماخەی لەسەر یەک ئاسمان و شەقامی ڕۆشن کردەوە.

لی لی وتی:

– خوا بکا تا دەگەینە دیسکۆ باران دانەدا، سەر و زوڵف و ئارایشم تێکەڵاو دەکا و دەمکاتە ڕمووزن.

– ڕمووزن؟ تۆ بەیانییان لەنێو جێگەدا سەد ئەوەندەی ئێستا نازدارتری.

– نەمدەزانی ئەوەندە وردەکار و ناقۆڵای.

– ببم یا نا. ترست لە باران نەبێت بیرم لێی کردووە.

– بیری چی؟ بارانە و دەبارێت و چەتریشمان پێ نییە و تەڕیشمان دەکات.

– با دەست پێ بکا. چاکەتەکەم دادەکەنم و بیدە بەسەرتا و با من تەڕ بم و ئارایشی تۆ تێک نەچێت.

لی لی بەدەم ڕێڕۆیشتنەوە بەنیشانەی سوپاسگوزاری بازووی وشارد و پێچیان کردە نێو کۆڵانێکا لە سەرەوە لێی نووسرابوو "دواترلو" لە دوورەوە گڵۆپێکی سوور چاوەقلێچکەی دەکرد. لی لی دەستی درێژ کرد و وتی:

– ئەوەسانێ. گەیشتین بارانیش نەباری. فەلامەرز دەستی چەپی پێچایەوە کەمەری لی لی و لەژێر لێوەوە وتی:

– دیارە لەم کووچە و کۆڵانەدا بیرەوەری سەیر سەیرت بەلایەوەیە..؟

لی لی ڕاوەستا و وتی:

– لەوە دەڕوا زۆرتر نیگەرانی ئەوسامی تا ئێستا. هەیت؟

– نیگەران کە نیم؛ بەڵام کە ڕابووردووت دێنمەوە بیر و کاوێژی دەکەم، دەکەومە دڵەخورپەوە.

– ئەگەر ژیرانە بیری لێی کەیتەوە تووشی دڵەفڕە و دڵەڕاوکە ناوی. کەس نییە بێ ڕابردوو، هەرکەسە بەجۆرێک. وردبینەوە دایک و باب و خوشک و کەس و کارمان هەر هەموویان و هەریەکە بەجۆرێ خاوەنی ڕابووردوو و بیرەوەری خۆیانن. بۆ ئەوانە لەبیردەکەین و کەچی دەربارەی خۆشەویستەکانمان دەکەوینە گومان و دڵەڕاوکێیەوە. من

ئەمە بەخودخوایی و خۆپەرستی دادەنێم. لەو ڕووانەشەوە من کاتی ئەوەم بەدەستەوە نەماوە دەربارەی ڕابووردووم بیرکەمەوە و بگەمە سنووری پەشیمانی یا بێدەربەستی. ئەوەندە بەعیشقی تۆوە گرفتارم.

لە دەرگای دیسکۆی "کرکودیل"ەوە نزیک بووبوونەوە. دەرگایەکی ئاسنینی بچکۆلانە لەنێو دەمی سووری تیمساحێکدا ڕەشی دەکردەوە، دوو گڵۆپی سوور لە نێو دووچاوی پەیکەردا داگیرسا و بەچەپ و ڕاستی شەقاما دەسووڕایەوە. زەنگێکی گەورە بەلای دەرگادا شۆڕکرابوویەوە. لی لی زەنگی زرنگاندەوە. لەنێو دەرگا ڕەشەکەدا کوناباجەیەک کرایەوە. دوو گلێنەی سپی لە ڕوخسارێکی تاریکدا بەگومانەوە کەوتە نواڕین. بێدەنگییەک کەوتە نێوانەوە. لی لی دوورتر وەستابوو سەری نزیک کونەباجە کردەوە و وتی:

- ئا، منم لی لی..

کابرای ئەودیوی دەرگا کە گوێی لە دەنگی لی لی بوو ناسییەوە و وتی: فەرموون، فەرموون، بەخێرهاتن.

کابرای ڕەشتاڵی زرتەزەلام. ڕوو بە لی لی:. بمبوورە بۆ ساتێک نەتمناسییەوە.

- بۆچی واگۆڕاوم؟

- نا من چاوم کز بووە. باوەڕم بەدکتۆر نەدەکرد کە دەیوت چاوت نیازی بەچاوێلکەی زەڕەبینە، دیارە ڕاستی کردووە. دیسکۆی کرکودیل یەشتا کوورەی گەرم نەبووبوو. دەنگی دووسێ تەپڵی تێکەڵی دوور و نزیکی ئەفریقایی وەک لە دوورەوە لێدرێت، دەهاتە گوێ. تەپڵەکان بێدەنگ دەبوو، کیفەی مار و قریوەی مەیموون دەهاتە گوێ. دیوارەکانی دیسکۆ وەک شووشەیەکی ڕەنگی تابلۆی مەرگ و زیندەگی

جانەوەرانی بەسەرەوە نەخشابوو. جارەوبار نەڕەی شێرێک دەنگی دەدایەوە، یا قریوەی باڵدارێکی ئاڵۆزی ئاوارە یا قیڕە و پیشکەپیشکی فیلێکی تووڕە. مۆسیقا بەردەوام بوو.

لی لی و فەلامەرز لە قوژبنێکەوە لێی دانیشتن. زۆربەی دانیشتوان ڕەش پێستی ئەفریقایی بوون.

لی لی ژەندییە فەلامەرزەوە:

– ئەیرات پێ چۆنە؟

– پێم چۆنە؟ ئەمە جەنگەڵی ئەفریقایە و هێنراوەتە نێو شاری پاریس. ئەشهەدو دیدەنییە، دانیشتوانیشی پۆشتە و شیک و پێکن.

– حەیف دوو ڕۆژمان ماوە، دەبێ بگەڕێینەوە.

– خۆمانین تارانەکەش حەیاتە.

– حەیاتە، ئا حەیاتە! گەشت و گوزاریش بۆ خۆی دنیایێکە ڕۆح دێنێتە فڕین و گوڕیش زاخاو دەداتەوە هەر هەلێکم وەدەست بێت ژانتای لێدەپێچمەوە بۆ لەمەولا وڵاتانێک هەڵدەبژێرین نەماندیبێت.

– بۆ هەرکوێ بڕۆین من نەمدیوە. منداڵ بووم لەگەڵ بابما هاتوومەتە دەرەوە بۆ ئەیرا و لەیراش بەرەو ئسپانیا. بابم زۆری حەز لە دیدەنی شەڕەقۆچی گا و گابازان بوو، بەرەو ئەوێ ڕامانیماڵی. لەبیرمە لە ناخمەوە حەزم لە سەرکەوتنی گاکە دەکرد تا گابازەکە.

ـ منیش ئەوجۆرە وەرزشانە دەبێزێنم و بەوەحشیگەری دەزانم.

– باوکم برێک خۆخەسڵەتی سەیری هەبوو. لەبیرمە کە میوانی دەهات، شەڕەبەران و شەڕە کەڵەشێر و شەڕە سەگیشی بۆ ئەنجام دەدان. بەم لاولادا پیاوی دەنارد بەدوای سەگی چاکدا بەتایبەت لە ڕەگەزی هەوشار.

- سەگی هەوشار یانی چی؟

- لە ناو کوردەواری لای ئێمەدا ناوچەیەک هەیە لە کوردستانی عێراقدا جۆرێک سەگی تیا پەروەردە دەبێت لە هیچ کوێی دونیادا وەدی ناکرێ، ئەوەندە زل و سەروگوێلاک و قەپووزە ئەستوورن.

- خوا ڕەحمی کردووە سەردەمی گلادیاتور نەماوە، ئەگینا باوکت لە جوێی سەگ و بەران و کەڵەشێر بەشەری دەنا سکی یەک.

- لەگەڵتم. بەس نییە بەسەگ و کەو و کەڵەشێر ڕازی بووە.

- موسیقایەکی خۆشە خولێک سەما نەکەین؟

- یەک خول یا دە خول؟

ئاهەنگەکە هی سەمایەکی نەرم و ئارام بوو.

لی لی دەمی خستبووە بناگوێی فەلامەرز و ئەویش هەردوو لەپی پان پانێک خستبووە سەر باسەن و کەفەڵی یاسەمین و سفت و سەخت دەیوشاردە خۆیەوە. موسیقا و ئەلکول و حەز و هەوەس تێکەڵ بووبوون..

لی لی وتی:

- ئەم ئاهەنگە "ئادەمو"یە، دەتەوێ بۆت وەرگێڕمەوە سەر فارسی؟

- زۆرم لا خۆشە.

ئیتر لی لی لەسەرخۆ شیعری گۆرانییەکەی بەفارسی دەچرپاندە گوێیدا:

*ترسێکم لێ نیشتووە. دەزانم خۆر دەنیشێ، دەزانم دووبارە هەڵدێتەوە. ئەو حەلە من تێم. ئەو حەلە زەمانێکە لە دونیای تاریکی هەتا هەتاییدا توامەتەوە. جا ئیتر بۆ نەترسم؟ من گیانلەبەرێکی ترساوم..*

ئاهەنگ تەواو بوو. ئاهەنگێکی ئارامی تریان خستە سەر. فەلامەرز پێی وابوو ئەو ئاهەنگەش دەگێڕن. لی لی ئەو حەلە پەنجەکانی لە مووی پشتی سەری فەلامەرزدا نوقم کردبوو. دەستی بەرداو فەلامەرز ڕوانی فرمێسک "ڕمێڵ"ی چاوە ڕەشەکانی لی لی شڵەقاندووە.

بە پەرۆشەوە کەوتە پرسیار: چی بووە؟ بۆ ناڕەحەتی؟ بۆ دەگریت؟

لی لی قورگی پڕببوو لە گریان، نەیدەتوانی وەڵام داتەوە. دەستی برد بۆ پێکەکەی و مژێکی لە شەمپانیاکەی دا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

– هیچ.. هەروا ناڕەحەت بووم.

– ناڵێی لە چی و بۆچی؟

– فەرامۆشی کە ئەو ئاهەنگە غەمگینی کردم و هێنامییە گریان.

– باشە ئەو شیعرانە غەمگین بوون. ئا غەمگین بوون؛ بەڵام گریانی پێ نەدەویست.

– با دەیویست. بەدەستی خۆم نەبوو وا دەروونمی پڕ لە گریان کرد. پەشتا زۆرت ماوە ئەندازەی عیشقی منت بۆ دەرکەوێ. ڕەنگە لات وابێت عیشق و عەلاقەی من زۆرتر بوونیان و تەمەڵی لەسەر هەوەس و حەزی نێو جێگە بێ و بەس. باوەڕ بکە هەتاوەکو "یاسەمین"یشم خۆش دەوێ، چونکە دەزانم دەزگیرانی تۆیە. گریانەکەم ترس و ختورەیەک بوو هاتە دڵما. بیرم لەو ڕۆژەی کردەوە وا لێم دوور کەویتەوە و دابڕان... مەرگم ئەو ڕۆژەیە.

فەلامەرز دەم و لێوی لی لی هەڵمژی و دووبارە تۆزێ دوور کەوتەوە و لەسەرخۆ وتی:

– بۆ دەڕۆیتە پیری تراژیدیاوە..؟ ئەم جۆرە بۆچوونانە نەشیاوە.

جارێک زووە؛ ئێمە تازە دەستمان پێ کردووە، لەو قسانە گەڕێ. خۆ وەڵا منیش جارەوبار ئاوا ختورەیەک دێتە دڵما و دەڵێم تۆ بڵێی لی لی–م لێی سارد بێتەوە و ڕۆژێک لە ڕۆژان بێمە سەرکوانوی خامۆش؟ بۆخۆم وەڵامی خۆم دەدەمەوە بۆ وا تێدەفکریەیت؟ لە ئێستاوە غەمی ئەو ڕۆژە خواردن، گەوجانەیە.

– خۆ ڕاست دەکەی، با لەوە گەڕێین. درەنگە وا بەیانە، نەگەڕێینەوە؟

– با...

لە دیسکۆی کرکودیل وەدەرهاتن. کابرای قۆڵی دەرکەوان لەبەر دەرگادا ڕاوەستابوو. ڕوو بەلی لی وتی:

– ئومێدەوارم شەوێکی خۆشتان گوزەراندبێت، لی لی سەد فرەنگی پێ بەخشی و پەنجەیەکی بۆ ڕاوەشاند، بەنیشانەی شەوێکی خۆش و خواحافیزی. یەک دوو تاکسی لە کەناردا ڕاوەستابوون. لی لی وتی:

– با تۆزەکێک بەپێیان بڕۆین، هەناسەیەک تازەکەینەوە و بۆنی ئەلکوڵ و دوکەڵ لە دەم و برناخماندا بدەینە دەم باوە. بەناوبانگە پاریس هەرگیز ناڕواتە خەو. فەلامەرز لە لی لی دوورکەوتەوە و دوودەستی سەلیبەوار کردەوە و وتی:

– لی لی گیان با بڕۆینەوە و بیکەینە خەو لام وایە کە خەوتم وەک نەڕە گەور تا دوو سبەی بەخەودا نەیەم.

– نا، نایەڵم. نیوەڕۆ لە منماخت نان دەخۆین و بەرنامەی سبەی شەویش دادەنێین.

گەیشتبوونە لای ئێزگای تەکسی. فەلامەرز دەرگای تەکسی کردەوە و بەدوای لی لی خۆی هاویشتە ناویەوە.

دەرگـای کـردەوە. نواڕی ژیلایە. بەتەواوی تواناوە خـۆی هاویشـتـە باوشـیـیـەوە. ئەگـەر ژیلا خـۆی سـفت نەگـرتبـا و پای لە زەوی گـیـر نەکردایە هەردووکیان لە پلەکانەکە گل دەبوونەوە. جۆرێک یەکتریان لە ئامێز گرت وەک تەتەی درەختێکی بتەو ماچ نە یەک و نە دوو نە دە. گریان لە قوڕگدا پەنگی خواردبوویەوە. یەکتریان بەرەڵاکرد. یاسەمین دەسـتی ژیلای گـرت و بردیە مـاڵەوە. هەرکـە بەسـەر کـاناپەکـەوە دانیشتن، یاسەمین منداڵانە تەکێکی دا بەولاوە و سەری وەرچەرخاندە لاوە و وتی:

لاچۆ بێ مـەعـریفـەت قـسـەت لەگـەڵ ناکـەم ئەوەندەت لـێ زویرم نەبێتـەوە. ئەمەیە دۆستایەتی و هاوڕێیـەتی؟ ئێ بابە. نایەی بۆ لامان، مـەیە. خـۆ ژمـارە وەرگـرتنێک پەنجـەکـانت هەڵناوەرێنێت. هەڵیدەوەرێنێت؟ کورە خۆ ئاسمانت بەسەردا نەهەرووژاوە؟ کچە بۆ وامان لەگەڵدا دەکەی؟

ژیلا پارچەیەک کلینیکسی لە ژانتـاکـەی دەرکـرد و فـرمـێسکە بەرەڵاکانی پێ سـڕی. بەدەم بەرەهەنسکەوە پچڕپچڕ دەیوت: هەرچی بڵێی حەق بەتۆیە، هەرچیشم پێ بڵێی ئەویش حەقە. بێ مەعریفەت هەم، ڕەفـاقـەت نازانم؛ خـۆ وەڵا نایزانم. بەڵام بەو خـوایەی وا منی خـستـۆتە ئەم ڕۆژەوە و ڕوو زەردی لای تـۆمی کردووە، ساتێک نییە شـێوەت لەبەر چاوم نـەبێ. چی بکەم منیش تووشی دەردەسەری فرە

ناجـۆر هـاتـووم و بۆت بگێـڕمـەوە سـەرت سـپی دەبێ. هەرچیم لەیەک دەدایەوە ڕووی ئەوەم نەبـوو هەڵگرمـە تەلـیـفـۆن و دەردی دڵێکت لەگەڵا بکـەم. لام بـاش بـوو نـەنـگ و ژانم بـا هـەر بـۆ خـــــۆم بێ و بـەس، بـا دامێنگیری دۆستان و ئازیزانمی نەکەم، چاکترە.

– ئەوە دەتەوێ چی بڵێی؟ مـەگـەر تاعـوونت گـرتـووە؟ ئەوە سـاڵێکە گومی. دەتەوێ بـەدوو فرمێسک گۆڵم بدەی و بمخـەڵەتێنی؟ چییـە خانم گرفتار بووە و نەیتوانیوە تەلەفۆنێکمان بۆ بکا.

ژیلا هاتبـووە سەرخۆی.. یاسەمین بەپەلە لیوانێک ئاوی هێنا و یەک دوو جار وتی:

– بیـخـۆرەوە دەی تـا قـاوەیەکت بۆ دەکـەم. چاوەڕوانی ژیلا نـەبوو گـەڕایەوە ئاشـپـەزخـانەکـەی. ژیلا دەم و لـووت و چاوی سـڕی. چاوی بەدەر و دیواری ئەپارتمانە خنجیلانەکەی یاسـەمینا گێڕا و یاسـەمین بەدوو قـاوەوە گـەڕایەوە. یاسـەمین وردەکارانە لە ڕوخسـار و مـیـحـەنی ژیلا وردبوویەوە. هـەستی بەشـەپۆلی غەم دەکرد، سەرتاپای داپۆشیوە؛ بەڵام خۆی لێی کەڕ کرد.

– ئـەپارتمـانەکـــەت جـــوان ڕازانـدووەتەوە. ئـافـــەرین! ئـەپـارتمـانـی ئارشتێکتییەک. هەر دەبێ وا بێت.

ـ بڵـێم هـەمـووی زەوقی خـۆمـە. درۆ دەکـەم. فـەلامـەرزیش بەئەندازەی من پێوە خەریک بووە.

– ئیتر وایە، دۆم بێت و کڵاش بۆ خۆی بکا.

– بەکـرێ گـرتـوومـانە، هەر ئەوەندە هـەڵدەگـرێ. ئـەمـسـاڵ لـەیراین سـاڵێکی دی لە کووچە و کۆڵان و گـەڕەکێکی دی. نەتـبیـسـتـووە دەڵێن: کرێنشینی و خۆش نشینی.

– با بیستوومە. بەڵام ناڵێی ئەم دار و درەخت و گوڵانە لە کوێنەوە دێنی؟ ڕەنگە هەرچی دەرئامەدت هەیە بیدەی بەمانە؟

– ئەگەر ئەمانە لە گوڵخانەکاندا بکڕم. زۆری تێدەچێ بەڵام بۆ من بەهەرزان تەواو بوون. چونکە ئەندازیاری ئەنجوومەنی باخچەکانی شارەوانی پایتەختم جێگەی کارەکەشم لە "پارک شهر"دایە. سەر بەرز دەکەمەوە گوڵ و گوڵخانە و شینایییە.. لێپرسراوانی گوڵخانەکانیش دەزانن شیفتەی گوڵ و شینایییم.. کۆتاییم لێی ناکەن.

– دەڵێن: گــوڵ وەک گـــیـــانلەبەرێک هەست بەجـــوانی خـــۆی و دەوروبەریشی دەکا. بەلای خوێن شیرینەکانەوە زۆرتر دەمێنێتەوە. گوڵەکانت وا گەشاوە و سەرحاڵن، هونەرییان نەکردووە، خاوەنەکانیان لەوان جـــوانتـــرە. ئەوان پەیان بەمـــە نەبردووە، بنوارە چۆن دڵداریت لەگـەڵ دەکـەن. منی بەدبەختـیش وەک تەیری گـوڵ. عـاشـقی داری زەقنەبووت بووم، بۆیە ئاکام و سەرەنجامم وا بووەتە ژان و دەرد.

– کـوڕە کـچێ! ڕاسـتـم پێ بڵێ چیت بەسـەرهاتووە. ئاخـر ئەوسـا دوورلە ئێستا خۆمان بەدەستە خوشکی تۆ دەزانی، هاوڕێ هەین، ئا هەین. دڵســۆزی یەکین ئا هەین.. ئەگــەر لە تەنگانە و تەنگەبەریدای ڕاستم پێ بڵێ. شتێکمان هەر لە دەست دێت.

– یاسی گیان! دەردەکەی من دەردێکی بێ دەرمان بوو، لەوانە نەبوو دۆستان و ئازیزانم بگەنە فریاما. تا دەجووڵامەوە باشتری تێدەنیشتم؛ هەر دەبوا وام کـردبا کـە کردم. پەڕگرتن و خـۆشـاردنەوە و دووری و غەم گیرەکردن بوو بەسەرتاسەری ژیانم و مەودا و مۆڵەتی هیچی تری بۆ نەهێڵامەوە.

– ئەم فەلسەفە نەکولاو و خرچ و کاڵەت لە کوێنەوە هێناوە. هەیە بێ

دەردەسەر و گرفتاری؟ تەواوی خەڵکی هەریەکە بەنەوعێک خاوەنی دەردەسەر و بۆنەهاتی خۆیەتی. من برێک لەو گرفتارییانە بەسازندە و لەزەت بەخش دادەنێم. بەتایبەت لە کاتێکدا زاڵ دەبم بەسەریدا.

– ڕاستەوخۆ برێک لەو گرفتارییانە هەموو کەس گیرە و وێڕای بەسەریا زاڵ بوونیشە. نەک ئەو کێشانەی وا دووچاری من بوون. کەوتمە تۆبەی دوو بەردەئاشی زەلامەوە و هاڕیمیە سەریەکدا. ورد نابیتەوە لە ڕوخسارم؟ کورە ئێستا باشم لەچاو ماوەیەک لەمەوبەردا وەک وابێ مێشێک نەیگەزتووبم. باوەڕ بکە ئەوەندە دەستەپاچە و بێدەسەڵات بووم چەپ و ڕاستی خۆمم لەیەک نەدەکردەوە گێژ و وێژ خۆم بەکاوڕەگێژە دەزانی.

ژیلا دەستی بۆ فنجانی قاوە درێژ کرد و مژێکی لێی دا و وتی:

– با زۆر سەرت نەیەشێنم و بڕۆمە سەر بەسەرهاتم. وەک دەزانی دوای گرتن و گرفتاری میهران کەوتمە تەقەلاوە وەک سەگی پا سووتاو هەر ساتێک لە کوڵان و دەرگا و گەڕەکێکدا بووم. دەرگای ماڵی سەدان نامەرد و گەوادیشم لێدا. ڕۆژ نەبوو دەست بەدامێنی مەرد و نامەرد نەنێم. لە سەد لاوە بەڵێن و متمانەیان پێدام و ئەمڕۆ سبەینەیان پێ کردم؛ یەک مانگ و دوو مانگ و سێ مانگیشی کێشا. سەرئەنجام "میهران"یان کوشت و منیش کۆڵەوار داکەوتم. لەو دووسێ مانگەدا بەهۆی ناسیارێکەوە لەگەڵ کوڕی تیمسارێکی ناسراودا ئاشنا بووم کە گوایە باوکی یارمەتیمان بدا و بڕواتە هانای میهرانەوە. جارێک و دووان و دە جۆرێک لەگەڵما دەجووڵایەوە بەڕاستی توانی متمانەی پێ بکەم و هەست بەئاسایش کردن... پەیوەستە ئومێدەواری دەکردم و دڵنەوازی پێ دەبەخشیم. دوای

کوشتنی "میهران"یش دەست بەردار نەبوو. بۆ هەرکوێ دەڕۆیشتم بەدوامەوە بوو. سەرئەنجام ڕازی بووم لەگەڵیا دانیشم. جارێک و دووان. شەوێک پێی سەلماندم لیوانێک بیرەی لەگەڵا بخۆمەوە. ئەوەندەم ئاگا لە خۆ بوو تارماییییەک بەسەر سنگمەوەیە. سبەی بەخۆم زانی کەتنی خۆی کردووە. یەک دوو مانگێکی بەسەردا چوو هەستم بەبارداری کرد؛ کە یەخەیم دەگرت. دەیوت:

– جا چی بووە؟ خۆشەویستی تۆ ناچاری ئەو کارەی کردم. ئەگەر وام نەکردبا بەمن ڕازی نەدەبووی. وا دەبینی لە خزمەتدام تەنها چارەیەکمان لە پێشە. ببینە ژن و مێرد.

من تووشی دەردەسەری هاتبووم. بەدزی باوک و دایک و بنەماڵەوە. شووم پێ کرد. وردە وردە کەسایەتی بۆگەن و بۆنهاتووەی موحسنم باشتر بۆ دەرکەوت. تەواوی کاروبار و زیندەگی پڕ بوو لە ناحەزی و ناڕەوایی، لە خەبەرچینی ساواکەوە بیگرە تا هیرۆئین کێشان و ئەلواتی و سەدان تەشقەڵەی تر. کاتێک بەخۆمم زانی ئەمنیش هوکارەی هیرۆئین مژین بووم؛ ورگم بەرە بەرە زلتر دەبوو. هەموو ڕۆژێک دەبوا ژەمێک هیرۆئینم هەڵمژیبا. دەڵێی بۆ خۆتت شاردبوویەوە؟ بە چی ڕوویەکەوە هاتوچۆی لای ئێوەم کردبا؟ سکێکی هەڵئاوساو، مێردێکی خەبەرچینی ساواک و سەرسەری هیرۆئینی بێ بەندوبار. بەهەر فەلاکەتێک بوو منداڵم فڕێ دا، خۆم هاویشتە بیمارستانێکەوە، هیرۆئینم خستە لاوە. زەجر و دەرد و ژان و ئازارێکی فراوانم چێژا لە داستانەکانیشدا نەبینرابوو. هەڵگرمە تەلیفۆن و لەگەڵ یاسی ئازیزدا چی بڵێم ؟ سەرئەنجام پول و پارەیەکم خاوە دا بەموحسین تا تەلاقی دام و ئێستا کەم کەم خەریکم دێمەوە

سەرخۆم. ئەمە بوو بەدبەختی من.

ژیلا زارزار هاتە گریان. یاسەمین خۆی هاویشتە باوشیەوە. چەندین جار خۆی بەقوربان و سەدەقەی کرد. ژیلا هەر ژیر نەدەبوویەوە.

درا لە دەرگا. یاسەمین دەرگای کردەوە. فەلامەرز هاتە ماڵەوە. چەند کیسەیەکی بەدەستەوە بوو کە ژیلای دی کیسەکانی توورِ دا و ژیلای لە ئامێز گرت:

– ئەمە مانگ لە کوێنەوە وەدەر هاتووە؟ با هێناوتی، باران ڕاوی ناوی. ئێمە لە ژێر زەویدا بەدواتەوەین ئەوەسا لێرایت. دووبارە گۆنای ژیلای ماچ کردەوە.

فەلامەرز دەستی بۆ کیسەکان درێژکرد و وتی:

– نەوبەرەی ڕاڕەنگیم هێناوە یاسەمین سازی کا با بیخۆین. ئینجا لە تەنیشت ژیلاوە دانیشت و وتی:

– خوا شایەتە فرە بێ مەعریفەتی. ئاخر ئەمە کەی ڕفتارە لەگەڵ ئێمەدا دەیکەی؟

ژیلا نەیهێڵا فەلامەرز درێژە پێ بدا، وتی:

تەواوی بەسەرهات و دەردەسەریم بۆ یاسی گێڕاوەتەوەو لە سیرەوە. تا پیاز. نامەوێت بۆ خۆم دووبارەی کەمەوە، دڵنیام یاسی بۆت دەگێڕێتەوە. ئەوی بەسەر مندا هاتووە حەوت خوانێکە بۆخۆی، هەر منم بەرگەم گرتووە.

یاسەمین ڕاڕەنگی و دەوری و چەقۆی هێنا و ڕوو بەفەلامەرز:

ـ منیش ڕاڕەنگیم دەدی دەموت. نایکرم با هەچارخۆر بێت ئەو دەم دەیکرم! بەڵام فەلامەرزخان خانزادەیە و ئرستۆکراتییانە دەفرێ. وەک

ئێمەی کڵاش لە پێ نییە. زرووف و زەمان و ڕێکەوت پەروەردەی کردبێت.

– هەم بزمار داکوتانە؟

– مەگەر وا نییە؟

– ژیلا! باوەڕم پێبکە هەتاوەکو بزمارەکانی ئەم کچەم لا شرینە.

– خوا لەیەکتان نەکا. ئینشائەڵڵا! دیارە زۆر تەمەڵن، دەڵێی بەتەمای گرِوگاڵی منداڵ نین.

یاسەمین چاوی زیت کردەوە:

– کورە منداڵی چی؟

– چۆن منداڵی چی؟ هەموو شت لەبارە. بەڵگەنامەیە وەرتان گرتووە. موهەندس هەن، ئا هەن. ژن و مێرد چۆن بێ منداڵ دەیانکرێت. مەگەر عیلەتێک لە ڕێگەدابێت ئەگینا سەفای ماڵ. منداڵە.

– ژیلا گیان! ئێمە یەشتا ژن و مێرد نین تا بوینە خاوەنی منداڵ.

فەلامەرز زنجیری سەعاتە ڕوڵێکسەکەی لە مەچەکدا دەسووڕاند.

– کەواتە ئێوە دەزگیرانی هەمیشەگین.. ئەمە چەندی بەچەندە؟

– جارێک زووە بۆ منداڵداری. فەلامەرز بێ دەنگ هەر لە سووڕدانی زنجیردا بەردەوام بوو.

– ببوورن! من تۆزێک تون ڕۆیشتووم و لە سنووری خۆم تێپەڕیوم. ڕەنگە لەوەش دڵنیابن مەبەستم تەنها خۆشبەختیتانە و بەس.

فەلامەرز لەژێر لێوەوە وتی:

– من خراو بەگیر هاتووم.

یاسەمین چاوی لێی بازوو کردەوە.

ئەمجارە فەلامەرز بەدەنگی بەرز وتی:

– دایک و بابیشم هەروا دەڵێن. دایک و بابی یاسەمینیش دەڵێن. یارۆی کوردە خەیاڵی چییە؟ بەتەمایە عومری نووح بکا. مەبەستیان لە یارۆی کوردە منی بێچارە و تاوانە نازانن کچەکەیان لە خەڵوەتێکی ڕوحیدایە. هەرسێکیان پێکەنین..

یاسەمین ڕوو بەژیلا:

– بێ مەعریفەت دیسان نەبیتە ماسی و بڕۆیتە نێو دەریاوە. هە بەژمارەی تەلیفۆنەکەت.. ژیلا ڕەنگی سوور هەڵگەڕایەوە. نەختەکێک باوەڕ بەخۆیانە وەڵامی دایەوە:

– یاسی گیان من یەشتا بەتەواوی خۆمم بەدەست نەهێناوەتەوە، یەشتا بۆنی بۆگەن بەلەشمەوە هەست پێدەکرێ، یەشتا ئالودە و پیس و پۆخڵم. لێم گەڕێ با بێمەوە سەرخۆم و بگەمە ئەو باوەڕە کە دیسانەوە شایان و شایستەی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی ئێوەم. باوەڕم پێ بکە دەقیقە ژمێری دەکەم کەی دەگەمە ئەو باوەڕە، نازانم. هەر هەستم بەخاوێنی و شیاوی ئەو حەلە کرد چرکەیەک ڕانەوەستاوم و خۆمت پێدەگەیەنم.

فەلامەرز هەروا سەرسامانە گوێی لە ژیلا دەگرت ویستی شتێک بڵێت یاسەمین هەڵیدایە:

– فەلامەرز! با دوایی بەسەرهاتی ژیلات بۆ بگێڕمەوە، ئەو دەم حەقی دەدەیتێ.

ژیلا سەیری کاتژمێری کرد و وتی:

– من درەنگمە دەبێ بڕۆم. خۆ ئیتر لێم زویر نیت؟

فەلامەرز وەڵامی دایەوە:

– من یەکێک زۆرت لێ زویرم.

ژیلا سڵوکایەوە.

فەلامەرز وتی:

– ئەگەر دوولای ڕوومەتت ماچ بکەم ڕازی نابم.

ژیلا خۆی هاویشتە باوشیەوە. تا سەر پلەکانەکان بەدوایدا ڕۆیشت. ویستیان لەگەڵیا بڕۆنە خوارەوە، ژیلا نەیهێڵا تا لە چاو گوم بوو. هەروا ڕاوەستابوون.

یاسەمین لەبەر خۆیەوە وتی: ژیلای قوڕبەسەر خراوی بەسەرهاتووە وردە وردە کەوتە گێڕانەوەی قسەکانی ژیلا. فەلامەرز ئارام و بێدەنگ گوێی دەگرت. یاسەمین باسی تەواو کرد و فەلامەرز هەروا بێدەنگ تێڕامابوو. یاسەمین پێوەی ژەند:

– ها چۆنی بۆ دەچی؟

– زۆری بۆ نیگەران و نارەحەتم؛ بەڵام لام وایە ژیلا یەشتا لە گرفتاری خۆیدایە، بۆیە پارێز لە تێکەڵاویمان دەکا. سەرم لە خاڵێک سوڕ ماوە. ژیلا دەزانێ ئێمە بەتەواوی توانامانەوە لەگەڵیا دەبین و دەست وەبندەستی دەخەین و دەبینە پاڵپشتی. بۆ لەو یارمەتییانە خۆی دەشارێتەوە؟ لە چی دەترسێ؟ لەوەیش دڵنیام بەئەنقەست خۆی لێمان دەشارێتەوە. پارێز دەکا لە چی؟ نازانم. خوا بکا لەوە زیاتر تووش نەبێ. ئەرێ نەتوت دەنگوباس چییە؟

– دەنگوباسی چی؟

– دەنگوباسی لی لی گیانت. دەنگوباسی کاروبارت و دەربار و هەزار خێزانی حیز و دز.

– پێم خۆش نییە لەو باسانە بدوێم.

– ئاخر ئەمە بێ مەعریفەتییە. هەر نەبێت تۆزەکێک باسی لی لی خانمم بۆ بگێڕەوە.

– دەترسم لە باسەکەم زویر بیت. لاوە با باسی خۆمان بکەین. فەلامەرز لەوسەری کەناپاکەوە خۆی ترنجانە بندەستی یاسەمینەوە یەک دووجار لاگەردن و بن گوێی ماچ کرد و زمانی خستە نێو گوێی. یاسەمین سەری کشانەلاوە. کورە لابە ختکەم دێت. تازە دەست و پلم بۆنی تایدی لێ دێت ڕاڕەنگییەکانم بەتاید شۆردەوە.

– نا بۆنی بەهەشتت لێ دێ. کام تاید؟

– ئەی حەرامزادە! هەرواش بەلی لی خانم دەڵێیت؟

– یاسی گیان! با درۆت لەگەڵ نەکەم. من وەک پیاوێکی دوو ژنەم لێ هاتووە. زۆر کۆشام وا نەبم. چی بکەم تۆ، ئا تەنها تۆ بەزۆری زۆرداری منت هاویژتە دەمی نەهەنگەوە.

– ئەمانەی دەیڵێی ڕاست دەکەی؛ بەڵام دەمەوێ بزانم ئاخرین جارێک لەگەڵ لی لی نوستووی کەی بووە و چۆن چۆنین دەستان پێ کرد؟

– بۆ دەکۆشی خۆت نارەحەت بکەی؟

– وتم.. نارەحەت نابم؛ یانی نابم. بڕێک سفتتر خۆی چەسپاندە فەلامەرزەوە. سوورتر هەڵگەڕا و هەناسەی سوارتر بوو. دەمی فەلامەرزی ماچ کرد و بەدەم ماچکردنەوە: دەی.. دەی نەتوت کەی؟ دوێنێ شەو.. لای بووی. لای نەبووی؟

یاسەمین هاتبووە سەر هەوەس. پەیتا پەیتا فەلامەرزی ماچ دەکرد و دەستیشی لەکاردابوو.

فەلامەرز هاتبووە سەر هەوەس. پچڕ پچڕ وتی:

– لە ئەپارتمانەکەی خۆیدا.

– باشە کامتان دەستان پێ کرد؟

– با باسی ئەوانە نەکەین.

یاسەمین تیشێرتەکەی بەری داکەند و تەنها بەمەمکدانەوە مایەوە. فەلامەرز بەچاکەت و پانتۆڵەوە لە دەربارەوە هاتبوویەوە. یاسەمین گرێی کەرەواتەکەی کردەوە.

– ئێ نەتوت لە پێشدا کامتان دەستان پێکرد؟

– یانی ناچارم بیڵێم.

– بەکورتییەکەشی ڕازی نابم. ناچاری ورد ورد بۆم بگێڕیتەوە.

– ئەو هاتە لامەوە. ماچی کردم.

– ماچی کردی. یا یەکترتان ماچ کرد؟

– خۆ تل و بەرد نیم، یەکترمان ماچ کرد.

عەرەق نیشتبووە ناوچاوانی یاسەمین و خومارانە چاوی هەڵدەهێنایەوە: ئێ چی تر؟ ماچی درێژ یا کورتە ماچی لەسەر یەکە؟

– هەردووکیان.

– لی لی چی لەبەردا بوو؟

– من کە لە ئەپارتمانەکەی چوومە ژوورەوە، ڕۆبێکی ناسکی دوشامبەری مۆری لەبەردا بوو.

– لەژێرەوە چی؟

– دوایی زانیم هیچ.

یاسەمین ڕاپەڕی و خۆی خستە کۆشی فەلامەرزەوە خۆی بەگەردنیا

ئالاند و توند توند دەمی خستە نێو دەمی و زمانیشی ڕادایە نێو دەمیا. ئیتر پەلە پەل ئەوی لەبەریانا مایەوە شپرزانە دەریان هێنا. ملّچەی ماچ و نووزەی تێکەڵ و پێکەڵ جێگەی تەواوی وشەکانی گرتەوە.

درا لە زەنگی ئەپارتمانەکە. یاسەمین لە ژێرەوە لەژێر لێوەوە: ئەگەر ئینکیر و مینکیریش بێن وەڵامیان نادەمەوە، لێی گەڕێ با ئەویش لێی دا.

- یە فرە تفتە. تیتکم ڕاست کردە و وەل عەرەق ئێمە فرە فەرق دیرت.

- لیخۆرەوە و شوکری خوا بکە جێگەی ترتی ڕاست نەکردووەتەوە شیری شێرە ئەوە. پێی دەڵێن عەرەقی ئەبو کەلەبچە.

- یانی چی؟

- یانی هەر کێ بیخواتەوە وا سەرخۆش و کەلەپای دەکا ئاخری شەو خۆی تووشی مەرافە و بیگرە و بەردە دەکا و گرفتاری شورتە و کەلەبچە و بەندیخانە دەبێت.

- خاڵو ئەگەر واسە مەگەر باوکتان کوشتمە بیلە با نەیخۆینەو.

- حەمەی وەلی دەستی لە ملیدا بوو. هاتە نێوان قسەکانی ڕەحمان و کاک دلێرەوە.

- شۆخیت لەگەڵدا دەکا واش نییە. ئەگەر لە مێژدا نەتخواردووەتەوە و ئاگاداری دەنگ و فەنگی خواردنەوە نیت چاکترە بیرە بخۆیتەوە.

- چە؟

- دەڵێم ئابجۆ بێ دەردەسەرترە.

- بیشم عەرەق خۆری نەکردمە، کردمە. وەلی تا وە ئیسە ئەی چەلەبچە نەشنەفتمە.

- چەلەپچە نا، کەلەپچە؛ یانی دەستبەند.

– خاسە کەلەبچە. پەیداس عەرەق خەتەرناکییە، وەلی بایەت بخۆمەی. ئابجو. بی ئابجو. توام بزانم ئەی ئەبو چەلەبچە چە وەپیم کەت.

دلێر یەک دووجار دای لە چەپڵە و وتی:

– ئافەرین کاک ڕەحمان! هەموو شتێک لە یەکەمین هەنگاوەوە دەست پێدەکا.

ڕەحمان مژێکی تری لە لیوانەکەی دا و دوو سێ جار سەری لەرزانەوە و بەپشتی دەستی دەمی سڕی و وتی:

– مردن مردنە لەقە فرتیە نێتوات، بیلە ئەمشەو سەفاکەین.

دلێر پێشمەرگەی ناوشار بوو زۆربەی برادەرانی نێو چیای دەناسی. تا ئەو دەمە کەسێکی وەک ڕەحمانی نەدیبوو، جگە لە یەدولا ناوێکی خەڵکی شاری خانەقین نەبێت بەبریندار هێنابوویانە نێو شار؛ بەڵام زمان چەوتییەکەی ڕەحمانی بەلاوە گەلێک دژوارتر دەهاتە چاو. دلێر مژێکی لە عەرەقەکەی دا و ڕوو بەڕەحمان:

– ژن و منداڵت هەیە؟

ڕەحمان تۆزەکێک تێڕاما و سەرێکی لەرزاندەوەو:

– ئەڕا پرسیت؟

– هەروا.

– هەروا نەیرت. ئادەم سوئالی کەت زانت ئەڕا چە پرست؟

– کاک ڕەحمان! منیش دەزانم بۆچی دەپرسم مەبەستم ئەوەیە پێشمەرگایەتی و ژن و منداڵداری ئاسان نییە و تۆیش لەم غەریبایەتییەدا خوانەکردە شتێکت بەسەردا بێت منداڵەکانت خراویان لێ دەقەومێ وا نا؟

– ڕاست کەیت. وەلی ئادەم ئەگەر ترس لە جاکەشی داشتووت ژن من نێتێرت. مەرگ و میر وەدەست حەقە، هەر وەخت مەرگ کل کەت، کەیتەی. پرسی ماڵ و مەلال دیرم ئا دیرم یە کوڕ گاوڵکیەکەر و یە گلەی تر هاوە ڕاوە. مەلالەیل ئیمە وەی شارە قەوم و قنگەی فرەی دیرت.

حوسەینی حاجی هاتە نێوانەوە:

– لەم قسانە گەڕێن با ئەوەندەی تر خەفەتبار نەبین. ئەمشەو با غەمێک بەبادا بدەین. ئەوە نان و ئەویشە خوان و ماوەتەوە سەر دەمێک هورەی کاک ڕەحمان.

دلیر پرسیی چی کاک ڕەحمان؟

حوسەین وەڵامی دایەوە:

– هۆرە؛ مەگەر هورەی جافیت نەبیستووە؟

حەمەی وەلی وتی:

– لام وانییە بیستبێتت.

– با جافم بیستووە؛ بەڵام ئەم برادەرە فڕی بەسەر جافەوە نییە. تێم گەیەنن..

حوسەین وەڵامی دایەوە:

– هۆرە بەیت و بالۆرەیەکە زۆربەی هۆزە کوردەکانی ڕۆژهەڵات دەیڵێن. شتێکە بەناوی جافەوە ناوباوی دەرکردووە. ئەگەر ئیتر نەپرسیت وا دەیبیستی.

ڕەحمان بێتاقەتانە وتی:

– وە ئەلی سەرما خواردمە و دەنگم دەرنێتێت. دلێر پەنجەی بۆ

لیوانی عەرەقی بەردەستی ڕەحمان درێژ کرد و وتی:

– ئا تۆ ئەو ئاگرە هەڵدە بزانە چی عیلەتت هەیە نایبڕێنێت.

دلێر لیوانی عەرەقی بەرزکردەوە و وتی:

– بەسەلامەتی کاک ڕەحمان!

ڕەحمان جۆری دانیشتنی گۆڕی و دەستی لەسەر گوێی خست و دەستی پێ کرد:

شەنگ خانەی پشتت پڕی لە شەنگە
چاوت لە دوژمن دەستت وە جەنگە
کردیان وە سەردا دوتەل.. ماوی
بەگزادە لە جاف حات لە سنجاوی
دیوەخانەکەت فەرشە لە قاڵی
میوان هاتیە.. ئەکبەر خان والی

توند توند درا لە دەرگا. دلێر ڕاپەڕی بەرەو دەرگا. دەمانچەکەشی لە مشتدا دەوشارد و وتی:

– کێیە؟

دەنگێک وەڵامی دایەوە:

– من حەمە جەزای دراوسێی ئەولاتم. یەک دوو ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامەکە ڕاوەستاوە، لام وایە بەدوای ڕاپۆرتا هاتوون. وردە وردە بەرەو ناو کۆڵانەکان دێن سەروگوێلاک و کلکی چەند جاشێکیش وەدەر دەکەوێ. بەپێویستم زانی ئاگادارتان کەم.

زامدارەکان زامەکانیان بەرەو خۆشبوونەوە دەچوون، ڕەحمانیش گوڕی پەیدا کردبوویەوە. دلێر گەڕایەوە و وتی:

– لەوە دەڕوا بەدوای ئیخبارییەدا هاتوون. تا من ئەم بەنوبەساتە کۆدەکەمەوە، ئێوە بڕۆنە سەربان و لەوێڕا بڕۆنە سەربانی ماڵی پشتمان تا پێتان دەگەم. نیگەران مەبن هاوسێی ئەودیویشمان هەر لە خۆمانە و لە برادەرانە و دەرگای ماڵیان بەسەر کۆڵانی ئەودیوەیە. ڕەحمان و حوسەین و حەمە بەپلەکانا سەرکەوتن. دەنگە دەنگ و گاڵەگاڵ لە چەند لاوە دەبیسرا. لەولاترەوە لە تەنەکە دەدرا، نیشانەی هاتنی یاساوڵ و سیخوڕەکانی دەدا. دلێر دەیزانی دەرگا دەشکێنن و دێنە ژوورەوە.. کارێکی وای کرد بیسەلمێنێت ئەو خانووە زەمانێکە چۆڵە و کەسی تیا نەژیاوە و کابرای هەواڵدەریش درۆزنێکی ڕووڕەشی بێ نرخە. بۆخۆیشی سەرکەوتە سەربان. ورە نزیک بووبوویەوە دلێر لە پێشەوە بەپلەکانەی ماڵی ئەودیوا ڕۆیشتە خوارەوە. خاوەن ماڵ هاتە پیرییانەوە. دەیزانی کۆڵان تەفرە دراوە و بەدوای ئەمانەدا دەگەڕێن.

دلێر بەڕەحمانی وت:

– ئەگەر ناتوانیت هاوهەنگاومان بیت، ئەیراش هەر وەک ماڵی خۆمان وایە و دەتوانی بمێنیتەوە.

– مامۆستا نەریمان ڕوو بەڕەحمان:

– کاک دلێر ڕاست دەکا ئەیراش وەک ماڵی خۆت وایە.

ڕەحمان ڕوو بەدلێر:

– ڕاست توایت ترسم وەلتانا بام و گرفتاری ئەڕاتان دروست کەم.

– باشە بمێنەرەوە. دوایی دێم بەدواتا. ئینجا ڕوو بەکاک نەریمان: ئاگاداری کاک ڕەحمان بە. ئازیزی هەمووانە. سبەی دێمە دوایدا.

مامۆستا نەریمان پەنجەی خستە سەر هەردوو چاوی: کەس خاوەن ماڵ نییە، ماڵ ماڵی خۆیەتی. زرمەی لێدانی دەرگا دەبیسرا.. بیکەوە..

بیکەوەی تێکەڵ بەجنێو. برێک لە سەربانانەوە دزە تەماشایان دەکرد. شەو شڵەژابوو. یاساوڵەکان دەرگایان شکاند و هێرشیان بردە ماڵەوە. تەواوی ژوورەکان تاریکی دایپۆشیبوو. موختاریشیان لەگەڵا بوو. کابرای خەفیە سەروملی پێچابوویەوە. سوێندی دەخوارد تا ئێوارە درەنگ چوار پێنج کەس لەم ماڵەدابووە. کابرای ئەفسەر لە موختاری پرسی:

– ئەمە ماڵی کێیە؟

– پێم وایە ماڵی حاجی غەفووری سەعاتچییە.

– وا بزانیت، ئاخوا. دەبێ دڵنیابیت.

– دڵنیام.

– دیارە ئەم ماڵە چۆڵ نییە. بەڕای تۆ دانیشتوانی لە کوێن؟

– ماڵی حاجی غەفوور ئەوەسا لە گەڕەکی سابوونکەرانە. ئەم ماڵەی بەکرێ داوە.

– ئەی کرێچییەکانی دەناسیت؟

– وابزانم ژن و پیاوێکی هەڵەبجەیین، تۆزێ بەساڵاچوون. مانگی دە دوانزە ڕۆژێک لەیران و ئەو باقی دەگەڕێنەوە هەڵەبجە.

کابرای موخبیری سەروملی هەڵپێکراو هەی سوێندی دەخوارد ئێوارە چوار زەلامی دیوە هاتوونەتە ئەم ماڵەوە. موختار ڕوو بەئەفسەرەکە:

– دەتوانم پرسیارێک بکەم؟

– دەتوانی.

– زەلام هاتوونەتە ئەم ماڵەوە، ڕەنگە وابێ. ئەمە چی دەگەیەنێت؟

کابرای خەفیە وتی:

– دەتوانم وەڵامی بدەمەوە؟

ئەفسەرەکە دەستی بەنیشانەی نەء وسکووتبە بەرزکردەوە و وتی بۆخۆم وەڵامی دەدەمەوە. ئێمە بەدوای کەسێکدا دەگەڕێین بڕوا وایە لەگەڵ ئەو چوار کەسەدا بووە و هاتووەتە ئەم ماڵەوە. بەهەرحاڵ هاتووبن یا نەء، ئێمە وەستانمان لەیرەدا بێ سوودە. ڕوو بەموختار وتی:

– هەرکاتێک ئەو ژن و پیاوە لە هەڵەبجە گەڕانەوە. ئاگادارمان کە.

ئینجا بەموخبیرەکە وتی :

– هەتیوە حیزە! ئەمە دووهەمین جارە بەدرۆ دەمان هێنیتە سەما. جارێکی دی ئەم بەزمەت لێ قبووڵ ناکەم.

کابرا هەر سوێنی دەخوارد ئەفسەرەکە بەتووڕەبوونەوە وتی:

– وسبە خوێڕی.

لەو ماڵە وەدەرهاتن. بەکۆڵانا گەڕانەوە. ئەفسەرەکە و موخبیرەکە زەردەخەنەی خەڵکیان هەست پێ دەکرد. ئەفسەرەکە بەکابرای جاسووسی وت:

– ئەم گاڵتە بێدەنگە هی کاری نەکولاوی سەگبابێکی وەک تۆیە.

تەنەکە لێدان لە دوورەوە دەبیسرا، هەواڵی گەڕانەوەی یاساوڵەکانی دەگەیاند.

کابرای جاسووس ڕوو بەئەفسەرەکە:

– خۆ گوێت لێیە. ئەو خەڵکە هەموو بەخۆڕایی یارمەتییان دەدەن و ئەوی ئێمە دەیرێسین، ئەوان شی دەکەنەوە.

– ئەم قسانە تازەگی نییە و بەلای منەوە پڕوپووچە، جارێکی دی بمانکەیتە گاڵتەجاڕی شار، بێ سەر و شوێنت دەکەم. نەڵێی نەیوت تێگەیشتی؟

– باشە قوربان با بڕۆینە ماڵی پشتی ئەم کۆڵانە ڕەنگە هەرچواریان تیا بگیرێن. لەوێ دڵنیام لە سەربانەوە ڕایانکردووە.

کابرای ئەفسەر بەدەم ڕێکردنەوە سدارەکەی سەری چەرخاند و تۆزەکێک بێدەنگ بوو ئینجا وتی:

– ئەگەر لەوێ نەبوون چی؟

– من دەڵێم لەوێن.

– لەوێ نەبوون خراوت بەسەر دێنم؟

– هەرچیم پێدەکەی بیکە.

لە کۆڵان وەدەرچوون و وەرچەرخانە لای کۆڵانی پشتەوە و خۆیان گەیاندە بەر دەرگای ماڵی مامۆستا نەریمان. زرمەیان لە دەرگا هەڵساند.

ڕەحمان کوڕی باران دیدەبوو، زانی ئەو جۆرە لێدانە ئاسایی نییە بەمامۆستا نەریمانی وت:

– مەیکەرەوە تا من خۆم دەگەینمە سەربانان.

ئەوی وت و توند و چالاک بەسەر پلەکاندا سەرکەوت و بەسەربانانا یەک ماڵ و دوو سێ و چوار ماڵی تەی کرد و لە گۆشەیەکدا خۆی شاردەوە.

مامۆستا بەدەم ڕاوەستە.. ڕاوەستەوە.. بیژامە لەبەر، دەرگای کردەوە. پێنج شەش چەکداری ڕەفتار ئاڵۆز هورووشیان کردە

حەوشەوە. بەپشکنینەوە خەریک بوون، دار و بەردی ماڵیان بەسەر یەکدا تێکەڵ کرد.

مامۆستا نەریمان بێ ئەوەی خۆی بشڵەژێنێت، هەروا دەینواڕی. تۆزێک ڕۆیشتە پێشەوە و بەسەرسامییەوە پرسی:

- چی بووە؟ مەگەر چی قەومـاوە؟ بۆ وام لێ دەکەن؟ قەرزە و دەیدەمەوە. زانیم سەعە نامەرد ئاخری ئەم کەتنەم پێدەکا. کۆمپالەم داوە، ئا داومە قەرزار قەرزاری نەخواردووە. ئینجا ڕوو بەموختار:

- باشە تۆ بۆ؟ لای خۆی ئێمە ئاشنای یەکین و نەدەبوو بۆرە هەواڵێکت بۆ بناردما؟ ئەو نامەردە بەدزییەوە ئەمری قەبزمی دەرکردووە؟

ئەفسەرەکە هەروا دەینواڕی. کەم و زۆر تێدەگەیشت. سەرئەنجام بەموختاری وت چی دەڵێت.

یاساوڵەکان بەپشکنینەوە خەریک بوون. موختار قسەکانی مامۆستا نەریمانی بۆ ئەفسەرەکە گێڕایەوە. پشکنین تەواو بووبوو. مامۆستا نەریمان لەبەرخۆیەوە دەیوت: چاوت لە سەعەیە چی پێ کردم.

ئەفسەرەکە ئاڵۆزی و کەنینی تێکەڵاو بووبوو. تا ئەو حەلە ئەفسەرەکە دارەکەی دەستی خستبووە بن دەستییەوە بەدەستییەوە گرت و ڕوو بەموخبیر دووسێ جار ڕای وەشاند و وتی:

- ها برادەر! ئەیرایش هیچ.

- قوربان! قو.. نەیهێڵا قسەکەی تەواو بکات تا هێزی تیا بوو یەک دوو داری ئاڵاندە ویزەی موخبیردا بەژاندەرمەکانی وت:

- بکەونە ڕێ با بڕۆین. دارەکەی ئاماژە کرد بۆ خەفیەکە و وتی:

– ئەم حیزبابە، ئەمشەو تەواوی شارمان پێدەگەڕێنێت.

مامۆستا نەریمان گێلانە هاتە پێشەوە ڕوو بەموختار:

– ئەگەر سەعە شکاتی لێ نەکردم ئەی ئێوە بۆچی هاتوون؟

– هاتووین بەدوای شەمشەمەکوێرەدا. برۆ شوکری خوا بکە.

ترس و ئازار و ئەفسەر و جاش و خەفیە و موختار لە دەرگای ماڵی مامۆستا نەریمان وەدەرچوون. دەرگا دووبارە داخرایەوە. مامۆستا خۆی گەیاندە پەنجەرەی سەرشەقام و بەچەپ و ڕاستدا نواڕی ماشینی یاساوڵەکان. تا چارەکە سەعاتێکیش ڕاوەستا و نەیوێرا سەر لە ماڵ وەدەر ببا. سەرئەنجام دەرگای کردەوە تا لە ڕۆیشتنی یاساوڵەکان دڵنیای دڵنیا بێ. لەبەر دەرگای ماڵێکدا کابرایەک ڕاوەستابوو، ڕوو بەمامۆستا نەریمان:

– دڵنیابە ڕۆیشتن. نەتزانی بۆچی هاتبوون؟

– جا زانینی بۆ چییە؟ دار فوازی لە خۆی نەبێت ناقڵیشێت. هەرچی بوو ئەو گەوادە سەروملی پێچراوە بوو. زۆر لەسەر مەسەلەکە سوور بوو لەسەر ماڵی دەچوو. گوێی مەدەرێ سەگی هار چل ڕۆژ عومرێتی. ئەو موخبیرە دەستی ڕۆییوە، بەمردووی دانێ.

– دەیناسیت؟

– هیچ شتێک گوم نابێ. خۆفرۆشان بەسزای خۆیان دەگەن. ئەمڕۆ نا سبەی. ئا تۆ سەیرکە کام موخبیر ڕسوا نەبووە؟

– باشە ئەو خەفیانە ئەمە دەکەن، چی بەدەست دەهێنن؛ پارە. ئازاری خەڵک، تۆڵە بۆچی؟

– بۆ هەموویان. بێ لیاقەتی و پڕوپووچی خۆیانیش سەربانی.

– جارێک بۆیان لواوە، لەوەی دڵنیام ڕووڕەشی دونیا و قیامەت دەبن. کەی؟ نازانم.

– کوێرە چیت دەوێ؟ دووچاوی ساق. خواحافیز.

– جا بۆ نافەرموویتە ماڵەوە؟

– نا دەگەڕێمەوە؛ منداڵەکانم خراو ترساون. تۆ نازانیت چەندە وەحشییانە غافڵگیریان کردین. هەرچیمان هەیە ڕژاندوویانەتە حەوشەوە..

– باشە نەتزانی بەدوای چیدا دەگەڕان؟

– بەدوای زەلامدا دەگەڕان.

– زەلام مەگەر ئەنگوستیلەیە؟

– یەکێک هەر باشە. ئەویش چوار زەلام ئەوەم لاخۆش بوو ئەفسەرەکە کە دی دەستیان لە هەوانەی خاڵییەوە وەدەرهاتووە تا هێزی تیا بوو هاتە ویزەی خەفیەکەدا.

– لەوە خراوتریان بەسەر دێت.

– دەترسێم بمرم ئەو ڕۆژە نەبینم.

مامۆستا نەریمان بەرەو ماڵەوە بوویەوە. یەکڕاست خۆی گەیاندە سەربان. چەند جار ڕەحمان ڕەحمانی کرد، وەڵامی نەبیست.

ڕەحمان گوێی لە دەنگی مامۆستا نەریمان بوو بەچاکی زانی وەڵامی نەداتەوە. ترس دایگرتبوو، زۆرتر لە نائاشنایی و بێ ئاگایی لە دەوروبەر. بیری لەوەی دەکردەوە ئەگەر بیگرن و بیخەنە ژێر گاز و تاوەوە ڕەنگە پەی بەوە ببەن کە ئێرانییە و تەسلیمی ئێرانی کەنەوە. ساواک هەڵیدەواسێ. لە مێژدا کاک دلێر پێی ڕاگەیاندبوو ئەگەر هاتو

لێی قـەومـا هـەرچۆنێـک بووە خـۆی بگەیەنێـتـە قـەرەداغ و قـوپپیـەکـەی بنـکەی بـرادەرانـی تـیــادایە. بـەدبەخــتــیـی ئەو لـەوەدابوو نـەیدەزانـی قەرەداغ و قوپپیەکەی کەوتووەتە کوێوە و ڕوو لە چی لایەک بنێت.

تیشکی هەتاو موچیرکەی دەخستە ئەندامەوە. ئاسمان ساف و بێگەرد کزەبایەکی وشک و سارد ناخی دەسمێ. سەرپۆپەی چنارەکانی دوولای شەقامی پەهلەوی وەک کچۆلەیەکی تازە عاشقی بۆ سەر ژوان چوو، دەلەرزینەوە. ماشینەکان توند و تیژ سەربەرەو خوار سەربەرەو ژوور دەهاتن و دەچوون.

تازە فنجانێک قاوەیان خستبووە بەر دەستی. سەڵگێک چوار سووچەی پڕ لە شیریش پاڵی دابووە فنجانەکەوە.. وێنەی مانگایەکی کەتەی بەسەرەوە نەخشابوو، گوانی لە پاری شیری دەدا. قاوەکە هەڵمی لێ هەڵدەستا. ئاهەنگێکی ڕۆژئاوایی ئارام. سالۆنەکەی پڕ کردبوو. فەلامەرز سەری لە ناو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەی ئیتیلاعاتدا نوقم کردبوو. یاسەمین بەئەسپایی لەسەر کورسی بەرانبەری لێی دانیشت. لە پڕ دای لە ژێر ڕۆژنامەکەی دەستی و وتی:

– سەلام!

– خوا شایەتە ترساندمت؛ چۆن وا بەدزییەوە دانیشتی؟ ئینجا سەری شۆڕکردەوە لای پای و وتی:

– خۆمە پاشی پەتی نییە. یاسەمین یەک لنگی بەرز کردەوە:

– کالآیە کالآ. خۆ ناکرێ لە ناو هاتوچۆی "پارک شەهر"دا تەق و توق و تەق و توق کەوشی پاژنە بەرز لە پێکەم و وەک لی لی گیانت بەناز و کرشمەوە لەسەر نووکی پەنجە بڕۆم بەڕێگەوە دەکرێ؟

- دەکرێ و ناشکرێ؛ بەڵام وەک دز هاتیە ژوورەوە.

- دز لی لی گیانتە.

- چای یا قاوە؟

- هەردووکیان.

- کامیان لە پێشدا؟

یاسەمین بەسەری پەنجە دووسێ جار دای لەسەر مێزەکە و ئینجا وتی:

- لە پێشدا چای. دەڵێم.

- دەی.

- هەواڵێکی ناخۆش و دڵ تەزیەن.

- یا ئەبولفەزل! مەگەر چی بووە. لە برادەرانمان گیراون؟

- نەخەیر. لەو بابەتانە نییە؟

- خۆ کەس و کارت سەلامەتن؟

- لەوانەش نییە.

- دە شەقت پێ بردم. ئیدی بڵێ چی بووە؟

یاسەمین دەستماڵ کاغەزی لە ژانتا دەستییەکەی دەرکرد و چاوی سڕی.

فەلامەرز بەهەردوو دەست توند توند دەستی وشارد و پەشۆکاوانە و لەسەریەکە دەیوت دەپێم بڵێ، دەی.

- ئێستا لای دکتور هاتوومەتەوە.

- مەگەر نەخۆشی؟

- شالا نەخۆش باما.

فەلامەرز گێژ بووبوو. یەک دووجار سەری بەو لاو لادا چەرخاند و ویستی تۆڕە بێت.

یاسەمین مۆڵەتی بۆ نەهێلایەوە وتی:

- دکتۆر وتی. حامیلەم؛ باردارم. باردار دەزانی بارداری یانی چی؟

تا ئەو دەمە هەردوو زەرانێ دەست و قۆڵی فەلامەرز گەیشبووە ناوەڕاستی مێزەکەو کە یاسەمین وتی "حامیلەم" فەلامەرز پاڵی دایەوە و تارماییەکی خۆشحاڵی لە ڕوخساریدا بنی نایەوە.

یاسەمین هەر بەچاو سڕینەوە خەریک بوو. بێدەنگی فەلامەرز سرنجی ڕاکیشا و لە پڕ قیژاندی بەسەریا:

- ئەمە تاوانی تۆیە دووچارم بووە.

فەلامەرز هەروا بێ دەنگ تێی دەنواڕی. کابرای گارسۆن قۆری و فنجانی چایی لەسەر مێز داناو. دوورکەوتەوە.

- دەڵێم خەتای تۆیە وام بەسەر هاتووە، بۆ وا بێ دەنگی؟

- تاوانی منە؟

- ئەی تاوانی باوکمە؟

- یەکەم ئێمە خۆ تازەکار نین. دەمێکە وەک ژن و مێرد پێکەوەین دووهەمی ئەڵاهو ئەکبەر لەم تاوانە لەزەت بەخش و شرینە. ئا تۆ لەم تاوانانە بخەرە ئەستۆم و هەقت نەبێت.

- گاڵتەم پێ دەکەی؟

- گەوجی تۆ..؟ گاڵتەی چی؟

- باوەڕ بکە هەڵدەستم دەڕۆم.

- نا لەسەر ئەوەیمان نەکردووە، مەڕۆ و مەیکە هەرا. جارێک بۆ

ناوت ناوە تاوان؟ تازە تاوانەکەشت خستووەتە سەر من. تۆ مەگەر گولاژی دژ بەبارداریت نە دەخوارد؟

- با.

- بۆ موحکەم کاریش دەتوت "لەولەب"یش دادەنێم.

نەت ئەوت؟

- با، ئەویشم وت.

یاسەمین سەری داخست و چەند جارێک سەری بەدوادا برد و سەری بەسەر کەمەی کورسییەکەوە سەقام گیر کرد و تەواوی پرچی شۆڕبوویەوە سەر پشتی کورسییەکەیدا و دەینوارِییە بنمیچی دالانەکەدا.

- با بیخەمەوە بیرت. گولاژت لەبەر قەڵەو بوون واز لێ هێنا.

مەگەر نەت دەوت ئەوەتەی گولاژی باردارنەبوون دەخۆم، دوو پەردە قەڵەو بووگم. ها دەبڵێ، نەتوت؟

- با، دەموت.

- سەد ڕەحمەت لە باو باپیرت. با بێینەوە سەر لەولەبی و لەولەب وەک بەرئاوێکە لە نێوان ڕۆخانەیەکی کەفکردووی بێ ئامان و هەڵدێرگایەکی هەزار بەهەزاردا لەولەب یاساوڵی دۆڵ و دەربەندێکی پڕ لە ئاو و کانیاوە. لەولەب... یاسەمین بەئەوپەڕی ئاڵۆزییەوە دای بەسەر مێزەکەدا قۆری و فنجان و کەوچک هاتنە زریکەو مانگای سەر قاڵبە شیرەکەش لنگەو قوچ بووبوو. چەند کەسێک لەولاترەوە ئاوڕی سەرسامی نارەزایەتیان تێ برین.

- دەڵێم ئەو تورەهاتانە برەوە. من لە ئەوپەڕی گرفتاریدا تۆیش لێم بووی بە شاعیر.

- گرفتاری؟ کام گرفتاری. من لە دەستیی تۆ سەری خۆم هەڵدەگرم و دەڕۆم بۆ وڵاتێک نەکەس بناسم و نە کەسیش بمناسێت.

- لەگەڵ لی لی گیانتا، وانا؟ دەی فەرموو ڕێگا کراوە و باز و ئاچوخە. بۆ وەستاوی؟ من باسی گرفتاری خۆمی بۆ دەکەم دێتە شان و هۆی لەولەبدا و گاڵتەم پێ دەکا.

- دە ئاخر هەڵەی تۆ لەیرەدایە. با بێینەوە سەر باسە کۆنەکەمان؛ ئەوەسا دەستی ڕێکەوت و تەقدیریش بۆی نەخش کردووین و هاتووەتە هانامانەوە. بێ بەرنامەگیانلەبەرێکی هێناوەتە نێوانمانەوە. تا بەزووترین کات ئەوی لە سەرمانە بیکەین.

- ئاغا دەفەرموویت چی بکەین؟

- چی بکەین. هەر ئەمڕۆ. نەک سبەی دەبینە ژن و مێرد. ئەمەت ناو ناوە گرفتاری؟

- قسەی قۆڕ مەکە، بەو ئاسانییەش نییە؟

- ئەی شەڕی ئێران و تورانە یا بەسەرهاتی ئەمیر ئەرسەلانە؟

- بەلای منەوە لەو شەڕانە قورسترە، وەدەری دێنم.

- چی؟ وە دەری دیەنی؟

- باشت بیست.. دەڵێم وەدەری دێنم، یانی وەدەری دێنم.

دکتۆر وتی. جارێک لێی گەڕێ با نەختێک گەورەتر بێت ئەو دەمە وەدەرهێنانی بێ دەردە سەرترە.

- کاری وا مەکە.

- بیکەم چی؟

- دەتوانی بیکەی، بەڵام ئەم لاسارییە ناو دەنەی چی؟

- ناوی دەنەم "منطق".

– مەنتقی تەیر یا مەنتیقی حەیوان یا ئینسان؟

– بزانە چی دەڵێی.

– دەزانم چی دەڵێم و دەشزانم وەدەرهێنانی ئەو توخمانە ڕیشووی زۆر شت لە بن دێنێت..

فەلامەرز لەرزینێک کەوتە دەنگیەوە. ئاڵۆزیی ڕوخساری نەختێک سوور کردەوە.

– پێم وایە ئێمە لەم ڕووەوە زۆر دواوین و گەیشتووینەتە ئاکام.

– ناسکەم ئاکام. ئاکاممان ئەوە بێت دەستمان بەخوێنی گیانلەبەرێک ڕەنگین کەین. ئەویش لە خوێن و گۆشتی خۆمان و بەرهەمی خۆشەویستیمان؟

فەلامەرز بەتووڕەبوونەوە یەک دووجار دای بەسەر مێزەکەدا و ئاڵۆزانە وتی:

– تۆ ئیتر فرە ناخۆشت کردووە، لات وایە بیروڕاو بۆچوونی من ئاوی حەمامە. یا بەڵمە برنجە. خۆمە قسەی من و فلسە سوورێکی لایەکە.

دڵۆپ بەدوای دڵۆپ فرمێسک لە چاوانی یاسەمین دەهاتە خوارەوە، فرمێسکی بەرەڵا بووبوو.. تا ئەو حەلە پاڵتاو کڵاوەکەی یاسەمین بەسەر یەکێک لە کورسییە خاڵییەکاندا دانرابوو کردی بەکڵاو و پاڵتاوداو گورجانە بۆی دەرچوو.

فەلامەرز کەوتە پارەی مێزدان و بەدوایدا لە ڕستوران وەدەرچوو.

یاسەمین لە شەقامی پەهلەوی پەڕی بوویەوە و چاوەڕوانی تاکسی ڕاوەستابوو. تاکسییەک لەبەر پایدا ڕاوەستاو سواربوو فەلامەرز بۆ تاوێک هەروا دەینواڕییە دوای تاکسییەکەدا تا لە چاو ون بوو. بەپەلە

خۆی گەیاندە لای ماشینەکەی تا وەدوای کەوێ. لەپڕ دوودڵ تێڕاما. بەدوایدا بڕوا. یان نەڕوا. خۆی پێ ڕانەگیراو هەڵەپەلە ماشینی خستە گەڕو بەرەو خوار بوویەوە. توندوتێژ کەوتە لێخوڕین. لێخوڕی ماشینەکان دەستی نارەزایەتییان لێ ڕادەوەشاند و جنێوی وردو درشتیان پێدەدا. لە ترسی پێچ پیەچ لێخوڕینەکەیدا خۆیان لێ لادەدا.

تیژ لێخوڕین و چرا داگیرسانی پێشەوەو چاوە قلیچکە پێکردنی و مار پێچ لێخوڕین و چرای سوور تێپەڕین و هۆڕینی لەسەر یەکە لێدان تەماشاکەری دەخستە بیری ئەوەوە کە لە نێو ئەو ماشێنەدا گیانی گیاندارێک لە مەترسیدایە، بۆیە ئەو لێخوڕە وا بەتەنگەو شێتانە لێی دەخوڕی.

فەلامەرز دووبارە تاکسییەکەی وەدی کرد و یاسەمینی دییەوە چەندین ماشینیان لە نێواندا بوو. لە بندەست لوولەی چراسوورێکدا ڕاوەستابوو. سەوز داگیرسا و تاکسی بۆی دەرچوو.. فەلامەرز گەیشتە چوارڕیان چرا دووبارە سوور بوویەوە. فەلامەرز گوێی بەسوور و سەوز نەداو بەدوای تاکسیدا گل بوویەوە. پۆلیسێکی مۆتۆرسواری لێ تاین بوو بەدەست ئاماژەی کرد لە کەناردا ماشینەکەی ڕاگرێت. فەلامەرز بێ دەربەست لە فەرمانی کابرای موتورسوار هەروا دەرۆیشت. کابرای مۆتور سوار دەنگەوەرەدا تێی خوڕی تا ماشینەکەی ڕاگرێت. یەک جار دوو جار فەلامەرز هەر ڕانەوەستا. کە ورد بوویەوە دوو مۆتورسوار بەدوایەوەن. یەکێکیان دەکۆشا پێشی پێ بگرێت لە لای پێشەوە وردە وردە فەلامەرزیان ناچاری ڕاوەستان کرد. هەردوو ئەفسەر دابەزین یەکێکیان بەهەنگاونانیا ئاڵۆزی لێ دەباری. فەلامەرز بێ جووڵە دەست لەسەر سووکان بێ دەنگ لە جێگەی خۆیدا دانیشتبوو.

کابرای ئەفسەر گەیشتبووە لای پەنجەرەی ماشێنەکەی بەتووڕەبوونەوە وتی:

– من نازانم تۆ کێی؟ هەر کەس هەیت و بەهەرکەسیشدا دەنازی. مافی ئەوەت نییە وا بێ باییانە بنواڕیتە هەست و مافی خەڵک و یاسادا. هەبە مۆڵەتنامەی لێخورینەکەت. لە ماشینەکەتیش دابەزە. بۆچی هەرکەس بۆ خۆیەتی؟ یان شار بەبێ خاوەن دەزانی؟ وەک وتم. زوبە موڵەت نامەکەتم دەیێ.

فەلامەرز لە ماشین دابەزیبوو. لابەلا مۆڵەتنامەی لە چەکمەجەی ماشین وەدەرهێنا و دای بەدەست ئەفسەرەکەوە و بێدەنگ ڕاوەستا.

ئەفسەرەکەی دی لە فەلامەرز نزیک بوویەوەو وتی:

من بەپێی تاقیکردنەوەی کاروبارم ڕەنگ و ڕۆ ڕواڵەت و شەمایلی تۆ لە ژیکول بازیەوە دوورە؛ بەڵام لاشم سەیرە کابرایەکی وەک تۆ لە سەر چ بیرو ڕاو ئەنگیزەیەک ئاوا شەقام بشێوێنیت. شتێکت هەیە بۆ وتن..؟

کابرای ئەفسەر دوو ئەستێرەی بەسەر شانەوە بوو لە وەڵامیدا وتی:

– جەناب ستوان! ئەوی یاسا دەڵێت بەسەرما بیسەپێنە. من یاسام ڕێز لێ نەگرت و بوومە مایەی ترسی و هەراس و ئازار و ئەزیەتی خەڵکی. تۆیش بمبەخشیت من خۆم نابەخشم.

– بێگومان یاسا، یاسایە. هەمووانیش لە عاستی یاسا وەک یەکن.. تۆمەتەکانت یەک و دووان نین، چوار پێنجێکن. هەر یەکەیان خاوەنی سزای خۆیەتی.

– وەک عەرزم کردی. ئامادەی تەواوی ئەو سزایانەم.

ئەفسەری یەکەم تا ئەو دەمە لە ماتۆرەکەی دانەبەزیبوو ماتۆری

خستە سەر دووکوچکە و بەرەو لای فەلامەرز هات و خاو خاوێک وتی:

– یانی ئەوەندە خۆتان بەگەورە دەزانن لاتان شوورەییە هۆی ئاوا یاسا شکانێکی مندالآنە ڕۆشن کەنەوە و پاساوی دەن؟ ئێوەی خواپێداوان سەرێک بەرزکەنەوە ئاسمان بەدی کەن و بنوارِن چەند ئەستێرە بەئاسمانەوەیە؟

فەلامەرز وردبوویەوە نوارِی هەردوو ئەفسەر لایان وایە لە بەرزە دەماخی و خۆبەزل زانی ئەوە وا بێدەنگ بووەو ناکەوێتە تکاو نزاو نالَەو هەروا بێ دەنگە. سەرئەنجام هاتە زمان و وتی:

– یەکەم داوای لێبووردنتان لێ دەکەم کە بوومە هۆی ئالَۆزی و سەرقالَیتان.. دووهەم ئەگەر باوەرِم پێ دەکەن بۆ خۆشم نازانم ئاوا کارێکی گەوجانەم چۆن لێ وەشاوەتەوە. بێدەنگییەکەم هی سەرسورِمان و واق ورِمانی خۆمە، کە چۆن کاری وا نەشیاو و ناپەسەندم لێوەشاوەتەوە.. تەنها ئەوەم لا مەعلوومە لە حالَەتێکی هستیریدا بووم، دوای تاکسییەک کەوتبووم دەزگیرانەکەمی تیادابوو ئەلَبەتە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت شایانی لێبووردن بم بۆیە لەسەرەتاوە وتم یاسا چی بریار دەدا بیکەن و شایانی ئەو سزایەشم.

ئەفسەرە توورِەکە هێمن بوویەوە لەبەر خۆیەوە وتی:

– دەزگیرانەکەت لەگەلَ یەکێکی نەناسراودا بوو.. بۆیە وا بەپەرۆشەوە بوویت؟

– ئەمەیان وانازانم پەیوەندی بەکاری تۆ و سزای منەوە بێت.

– ئێستا دەلَێی چیت لێ کەین؟

– چیم لێ دەکەن؟ خۆ هەلَم ناواسن. ئەوی سزا و جەزامە بیکەن و بمدەنێ.

ئەفسەرەکە مۆڵەتنامەکەی بۆ گەڕانەوەو دووبەرگ باجی سەرکێش و تێپەڕبوونی چرای سووری بۆ نووسی و ئینجا وتی:

– فەلامەرزخان سزای تاوانەکانت هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتنامەی لێخوڕینەکەتە؛ بەڵام لەبەر ئەوەی گەیشتمە ئەو باوەڕەی ناخۆ ئاگا ئەوانەت لێ وەشاوەتەوە. فەرموو بڕۆ، خوات لەگەڵ!

فەلامەرز یەک دووجار نەرمە سەری تەعزیمی لەرانەوەو دووبارە سواری ماشینەکەی بوویەوە. بەرەو ئەپارتمانەکەی یاسەمین وەڕێکەوت. گەیشتە سەر کۆڵانی ئەپارتمانەکەی و فەرمانی وەرچەرخاندەوەو گەڕایەوە. بێ ئەوەی هەستی پێ بکا ڕادیۆی ماشینەکەی کاری دەکرد. گوگوش گۆرانی دەوت. بەتووڕەبوونەوە ڕادیۆی کوژاندەوە. دای بەسەر بازنەی سووکانی ئۆتومبیلەکەیدا و قیڕاندی:

– یانی چی؟ ئەمەیان ئیتر یەکجار زۆرە. میللەت و بیروڕا و ڕێکخراو لەسەر سەرم. ئەی من؟ ئەی خۆشەویستی؟ ئەی ژیان؟ کەواتە دەبێ بژین بۆ مردن. دووبارە بێ دەنگ بوویەو. پەنجەکانی دووبارە کەوتەوە لێدانی بازنەی سووکان ئینجا لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئارام بە فەلامەرز! لەسەر خۆت. دیارە ئەو پەیمان و بەڵێنانەی بەخۆتت داوە لە بیری خۆتی دەبەیتەوە. خەریکی لە دونیای پڕ لە کش و فشی دەربارا دەبیتە داشی دامەو بەرە بەرە غەم و خەفەتی خەڵکە زۆرەکەت لە بیر کردووە. یاسەمین ڕاست دەکا؛ ئەو وەک "زەمان" ڕاوەستاوە و منم خۆم داوەتە دەستی تەواوی گۆڕانکارییەکانەوە، ئەو ڕاستگۆترە. هیچ باو باران و تۆفانێک پلی پێ نەدا و تلی نەداتە لاوە. تۆزێک ویژدان، پیاوانە و ژیرانە بیرەکەرەوە.

یەکێک لە پەنجەکانی خستە نێو دەمی و بەدان تێی بەربوو تەواوی نینۆکەکانی کرۆژاند. ماشێنێ دوای یەک لەسەریەک هوڕینی بۆ لێدەدا. فەلامەرز لای بەدواوە کرد کابرای لێخور لە پەنجەرەی ماشینەکەیەوە سەری وەدەر هێنا و نەڕاندی:

– مەگەر لات وایە شەقام ئیرسی باوکتەو ئێمەش ئاژەڵی نەنکتین؟ دەبڕۆ ڕێگەوە لامەسەب.

فەلامەرز هاتەوە سەرخۆی و زانی دووبارە بووەتەوە مایەی ڕێبەندان و ئاشوفتەگی نێو شەقام و هاتوچۆی. پای بەبدالی بانزین ناو تیژ بۆی دەرپەڕی. دیسان کەوتەوە بیرەوە: یاسی منی خۆش دەوێ، ئا خۆش دەوێ. خۆشەویستییەکی بێ مانەند؟ ئەشهەدو ئەوەی دەزانم.. ئەی بۆوام لەگەڵ دەکا؟ ئەمە چ جۆرە دڵداری و خۆشەویستییەکە وا بو ساڵێک دەڕوا بەزۆر منی خستوەتە باخەڵی ئافرەتێکی ترەوە. ئەوەسا خوێن و گۆشتت وەک ڕیخۆڵەی گەنیاو توورِ دەداتە دەرەوە، ئەوەسا چەند ساڵە دەپاڕێمەوە تا ببینە ژن و مێرد، ئەوەسا دەلاڵکێمەوە ئەم وڵاتە بەجێ بهێڵین. ئێمەش وەک هەزاران برادەرانی کۆنفدراسیون لە وڵاتانی بیانیدا دژ بەدەوڵەت دەست بەکاربین؛ خۆ دەڵێی گوێزی بۆ دەژمێرم، دەڕوا بەگۆییداو لەوی تری وەدەردێت. کام خۆشەویستی؟ لە کام فەرهەنگی خۆشەویستیدا ئەم کەین و بەینە وەدی دەکرێت؟ یان تایبەتمەندی تەنها من و یاسەمینە؟

ئەمانە هەمووی بەجێگەی خۆی. دەتەوێ چی بکەی؟ لات وا نییە گەلێک درەنگ بێت؟

درەنگی چی؟ مەگەر خەزێنەی شام بڕیوە؟ تاوانم کردووە؟ نەمکردووە. ئەوە سەری من و ئەویشە چەقۆی یاسی. قەینا

لاسارییەکەی منداڵانەیە؛ بەڵام نازانم دەیەوێ چیم پێ بسەلمێنێت؟ لای وایە. ژاندارکە یان گیڤارای ئێران. هەرکامیان بێت ڕێگە لە ژن و مێردی ئێمە ناگرێت. لەیرەدایە گێژو وێژی کردووم. مۆتورسوارێکی سەرو پرچ گژناوی وەک جنۆکە پێچی کردە بەردەم ماشێنەکەیداو ڤیراژ گردو ناچار کوتوپڕانە پای بە"هوپ"دا ناو لە ژێر لێوەوە وتی: تووله سەگ! ئاوڕی لە سەعاتەکەی دایەوە بەرەو ئەپارتمانەکەی لی لی وەڕێکەوت و لەبەر خۆیەوە بۆڵاندی: دووچاری تۆفانم. دووچارم. ئەوەسا وەک پەڕی بەربا لە هیچ کوێ خۆمم پێ ڕاناگیریەت. هەرچی دەبێت بابێت، خوای دەکرد تۆفانی نوحیش هەڵدەستا، بەئەسفەلە سافلین!

شەقام بەسرابوو دووماشێن لەیەکیان دابوو لێخورەکانیش یەکتریان خوێناول کردبوو. عەشامێکی زۆریان لێ گلێربووبوویەوە. بەناچار ڕاوەستا. دیسانەوە کەوتەوە بۆڵە:

– بەڕاستی ئەمرۆ. نەهاتمە. کاک فەلامەرز! ئەمانە قسەی قۆڕە. هات و نەهاتی مرۆڤ ئاکامی کارو کردەوەی خۆیەتی؛ بەخت و جەخت و ڕێکەوت و چارەنووس و سادەیی بیرو بۆچوونی خودی ئینسانە. ئەم جۆرە بۆچوونانە دوورە لە مەنتیقی مرۆڤی ئەمڕۆیەوە. ئاوا تێفکرینێک هی کەسانێ زەبوون و ترسنۆک و بێ دەسەڵاتە. ئەوەتەی مرۆڤ خوڵقاوە دەردەسەرو کێشە و گرفتاری لەگەڵا هەبووە. مرۆڤ بۆ خۆی گیانلەبەرێکی گۆبەن گێڕە، خۆ دەبینی هەر چین و دەستەیەک بەگوێرەی جۆری ژیانی دەکەوێتە بیگرەو بەردەو گرفتارییەوە. شوانێکی نێو ئەو کەژ و کێوە بیر لەوە ناکاتەوە چۆن پیانووە شکاوەکەی چاک کاتەوە یا کابرایەکی شاری بەخەیاڵیدا نایەت گەوڕی ئاژەڵەکانی تکە دەکا یا کاتی ئەوە هاتووە خوێ بدا بەمەڕەکانی.

ئەوەندە مەڕۆرە خانەی بێ دەسەڵاتی و چی بکەم چیبکەمەوە؛ یەخەی بێ تاوانی خۆت مەتەکێنە، لێگەڕێ لەم تئورییە سەلەفییانە. لای خۆت خۆ بەخوێندەوار دەزانی. ئەتۆ ناڵێی کام پڕۆژەی ئابووری و زانیاری و ڕۆشنبیری ژمارەیەک لە بەخت و جەخت ڕێکەوتیان بۆ داناوە؟ بەرنامەی دونیای ئەمڕۆ دوورە لە هەست و نەست و عاتیفە؛ دووجار دوو دەکاتە چوار، کەواتە هەر گرفتارییەک ئاکام و سەرئەنجامی بۆچوون و کردەوە و هەڵە و هەڵەشەیی خودی ئینسانە؛ دەستی شکاو لە ملی خاوەنیەتی، مەیخە مل خەڵک. ئەفسەری هاتوچۆ بەرێ ماشێنە کۆمەڵ بووەکانی ڕادا ڕادیۆکەی کردەوە. پڕوپاگندەی ئابووری بڵاودەکردەوە "عەینولای لای سەمەدو باقیرزادەی لای خۆی باسی چۆنیەتی «ئایسی» دەکرد.. بانکی عومران و دڵۆپ دڵۆپ ئاو دەبیتە دەریا" فەلامەرز لەبەر خۆیەوە وتی:

– وردە نارێکی من و یاسەمینیش وا خەریکە دەبێتە خەرمان. لەماشین دابەزی و خۆی کرد بەساختمانی ئەپارتمانەکەی لی لیدا. بەئەسانسۆردا سەرکەوت و دەرگای کردەوەو خۆی گەیاندە تەلیفون:

هەڵاو! منم لە ئەپارتمانەکەی تۆوە قسەت لەگەڵ دەکەم.

– کە هاتی. بۆت باس دەکەم.

– ....

– خوا حافیز

ژمارەکەی یاسیشی لێدا. هەڵی نەدەگرت. دەبێت بۆ کوێ ڕۆیشتووبێت؟

هەستی کرد نیازی بە خۆ شۆردن هەیە. کەوتە بیری ئەفشینی برایەوە ڕۆژانە سێ جار خۆی دەشۆرد. خۆ وەڵا هەمووانی ئاڵۆز

کـردبوو چاکی کـرد ڕۆیشـت. لەو ئەوروپایە. ژیان جـۆرێکـی ترە. ئەوی بەلای ئەیراوە دەسـت دەدا لەوێرا مـەحـاڵە. ئەوی لەیرا تێی دەفـکریەین لەو بنارە خەیاڵە. لەوێڕا ژیان لەسـەر تەقالاو لێهاتوویی بونیاد نراوە و بەگـوێرەی تەقـالاو توانا شت وەچنـگ دەکـەوێ، ژیانـیش بەو بریقـە و ڕەنگاو ڕەنگییەوە وەک چەقۆ وایە هەڵە قـبوڵ ناکا.. هـەر کەس پابەندی کردەوەی خۆیتی. فەلامەرز بەڕاوەستانەوە دووشـی خوڕی بەسـەر خۆدا بەردابوویـەوە پاڵی دابووە سـیـرامـێکی دیـوارەکەوە. ئاویش خـوڕخـوڕ بەسـەرو لەشـیـدا دەچۆڕا. تێـدەفکرا؛ گـەیشـتـە ئەو باوەڕە. گـەلێک مـاندووە. لە پڕ دەرگـای سـەرشـۆرگـە کـرایەوە؛ لی لی ڕووت و قـووت ڕۆیشـتـە ژێر دوشـەوە باوشـی بەفـەلامـەرزدا کـرد و سـەری نایە سـەر سنگەییەوە ساتێک و دووان و سیان، ئینجا لی لی وتی:

– نەتوت چۆن وا بێ بەرنامە هاتووی؟

– تاسۆتم کرد.

– دەزانـی تێ هەڵچوونی کوتو پڕی و بێ بەرنامە تام و چێژی تایبەت بەخۆی هەیە.

– لات وایە. بۆ لەمەولا بەرنامە توورِ دەدەینە لاوە.

– دەڵێم...

– دەی.

– دەمەوێ بڕۆم بۆ ئەوروپا.

– بۆ کوێ؟

– خەیاڵی سەفەری ئەوروپام هەیە.

– چیـیـە. ئەم ڕۆژانە بەرنـامـەکـانت لە پڕو کـوت و پڕین. ناڵێی مەوزووع چییە؟

## ٣٩

ئیتر شوورش دەرئاوردینە. زەخمی بوون ئیقەرە ئەداو ئەتوار نیەتوات. شەوسو چیمنە ڕاو نەیشی نێتوانم، بایەت باییت.

– بیشم نێتوانم، توانم. ترسم زەخمەکەم دەم کاتەو ئەو وەخت دەخلم دەرتیرت. ئەگەر توای خاس خاس وم، بیلە ئەی هەفتەش ئەڕای بکەفم. پەنجەیەکی بەرزکردەوە، فەقەت یەک هەفتە.

– وەنەزەرم برادەران جەنگ مەنگ هاوە دەسیانەو. مەلا حلمی کل کردیەسە نوامانا.

– ئەگەر فرە نزیک وت نێتوانم بام خوا بکا یەک هەفتە بخەینە دوا.

– وەنەزەرت چەند ڕۆژی بخەنەی دوا توانی بابیت

– فرە، فرە سیە چوار ڕۆژتر. جەنگ هەڵس و کەوت فرە نێتوان. دەنگی منداڵێکی ساوا هاتە گوێ.

ئەوکە وتی:

– شنەفتمە سەوری دویت ئەڕات هاوردیە. قەینا ئەلحەمیلا کوڕ دیریت و ئاشیش بار ئاش دیریت. نەوتی ناوچی خستیستە بانی؟

– وەک زانی ئەو هاتیە من وەیرا نەویم وەختی هاتمە ناو شرین خستنەسە سەری.

زرمەی سمی وڵاخ و سەڕەی نێرەکەر هاتە گوێ. تا دەبوو نزیکتر دەبوویەوە. پیشکە پیشکی دوو کەر و قیژەقیژ لە ناو حەوشێ هەڵسا

خانووبەرەکەی ڕەحمان سەرجەم لە سێ ژوور و دالانێک پێک هاتبوو هەرسێ ژوورەکە دەرگاکانی بەسەر دالانەکەوەی بوو. دالانەکەش دەینوارییە سەر حەوشێ و گەوریکی باریک و درێژدا تا چەندێ لەمەوبەر پڕی مەڕومالات بوو. لەسەر فرۆشتنی پەزەکان لەگەڵ سەبریدا تێک چووبوون. ڕەحمان لە ژوور دەرپەڕی. ئەوکەش بەدوایدا نێرەکەرێکی یەرەق کرد و پەڕی بووە سەر کۆڵی ماکەرێک پاڵ و ملی ماکەرەکەی بەگاز گرتبوو. سەبری لە زەویدا کەوتبوو ماکەریش ئارام ئارام هاتبووە قەوچە.

ڕەحمان بەدار هاتە ویزەی کەرەکانا. ویستی بەخنجەر تێیان کەوێ.

ئەوکە ئارامی کردەوە:

- بیلەیان بیلە خەرن خەر.

- مەگە خاوەن نیەرت. وە ئەلی کوشمەیان. ئەوکە پێدەکەنێ. سەبری هەڵسابوو. وتی:

- نێرەکەرەکە هی جەبارە شەلە و ئەوەکەش هی میم پەریزادە ڕەحمان ڕاست بووبوویەوە: وتم ئەڕا ساڵ دوانزە مانگ وەفالە.

ئەوکە بەپێکەنینەوە:

- دەر حەوشی بوەسن، کار تەمامە.

ڕەحمان قیراندی:

- ڕاس کەت. ئەڕا دەر کڵوم نیەکەیت دەس خوا خۆش خستنەت. یەکێک لە پیاوەکانی کوێخا مەحموو هاتە بەرەوە:

- کوێخا دەڵێت با بفەرموون بۆ دیوەخان

ئەوکە وتی:

- چە بییە؟

- پێم وانییە هیچ ڕووی دابێ. وتی ئەگەر کاریان بەدەستەوە نییە بابێن.

ئەوکە وتی:

- بچو. هاکا هاتیم.

ئەوکە کەمێک کەوتە بیرەوە. لەبەر خۆیەوە وتی:

ئەی ناردنە بی مەلامەت نییە. بجوم بچیمن.

- بیلە با خۆم پوشتەکەمەو. زۆری نەکێشا ڕەحمان هاتە دەرەوە بەرەو دیوەخانی کوێخا وەڕێکەوتن. با هەڵی کردبوو، کلکی مشکییەکانی ئەوکە و ڕەحمان دەیدا لە ڕوخساریان و لەوەی دەترسان با بیبا.

مێزەرەکانیان کردەوە و گرتییان بەدەستیانەوە. هەور سکی خستبووە زەوی ئاشوفتە و ئاڵۆز بەیەکدا دەچوون. بڕێک لە ڕانەکەی کوێخا لە پەچەی بەر دەرگادا کۆمەڵ و کاوێژیان دەکرد. شوانێکی فەرەنجی لەبەری گاڵوک بەدەست خەریکی پێک هێنانی جگەرەی بەرماڵ بوو، دژوار توتنەکەی بۆ ڕادەگیرا با دەبیرد تۆزی توتنەکە چووە چاوی.. وازی لە پێچاندنی هێنا و کەوتە چاو بزواندن و بۆڵە بۆڵ:

- ڕیامە هەزار جغارە خواردنی وادا. ئەوکە ڕوو بەشوانە:

- ئەرا ئەی ڕێنە نەوردیەسە دەشتەو؟

ئەوکە ڕانەوەستا بۆ وەڵامی شوانە. هەروا بەرەو دیوەخان تەکانی دەدا.

شـــوانە بـەدوایانـا دەیوت: ئەمـــانـە مـــانەســـەوە تا خـــۆیـان بدەینە، کەوتبوونە کەسەک خواردن.

ئەوکە و ڕەحمان گەیشتبوونە ناو حەوشی کوێخا و بەرەو دیوەخان ملیان دەنا ڕۆیشتنە ژوورەوە لەبەر دەرگادا کلاشەکانیان داکەند. کوێخا لەبەریان هەڵسا. ئەوکە و ڕەحمان بەدەم ئەستەخفیرەڵاوە بەپەلە دانیشتن:

– بەخێر هاتن. سەرچاو!

– مەرحەمەت زیاد.

چای تێ کراو. ڕژایە نێو ژێر پیاڵەوە هەر یەکە بەفوو لێکردنەوە خەریک بوو. چەند دۆشەکێک لە سەربنەوە ڕاخرابوو. پشتی قەڵەو قەڵەو چەند دانەیەک دوور و نزیکی یەکتر دانرابوون. کوانوی سارد و سڕ لە ناوەڕاستی دیوەخاندا ڕەشی دەکردەوە. هەمووان چوار مشقی دانیشتبوون. سۆپایەک گڵپەی دەهات، بای دەرەوە جارەو بار تەوژمی تووڕ دەدایە ژوورەوە. پیاوێک جارەوبار چەند سەلکە کۆتەرە داری دەئاخنیە نێو سۆپاکەوە. سەماوەرێکی نەوتی لە بندەست سۆپاکەوە کوڵەی دەهات. قۆرییەک بەسەر سەماوەرەکەوە دانرابوو. لا گوپی قۆرییەکە وێنەی حەمە ڕەزاشای پێوە بوو، سەروبنی بەتەل بەسرابوو. جارەوبار تک تک چایی لێ دەڕژایە سەر سەماوەرەکە جزە جزی دەبیسرا. قۆرییەکە لە زرکەتاڵ دەچوو. ڕەحمان سەری هاتبووە لەزرین، ڕوو بەکوێخا: وەنەزەرم ئەی کوانیە پڕ کریتەو خاستروت، مەگە نا؟

– منیش گەیشتوومەتە ئەو باوەڕە. ڕام گەیاندووە پڕی کەنەوە. کوێخا ڕووی کردە چایچییەکە:

- عەولحامی! مەگەر نەموت ئەو کوانووە پڕکەنەوە؟

- با، قـــەرار بـوو ئەوڕۆ بیکـەن؛ بەڵام لـەبەر خـــوێ دانـی پەزەکـــان نەمانپەرژا. با ئەو بەشی پەزەکانیش خوێ بدەین پڕی دەکەینەوە.

- یانی دووسبەی.

- ئینشاڵڵا.

کوێخا ڕوو بەئەوکە:

- کارێکی بچکۆلانەم پێتانە. با تاوێک بڕۆینە دەرەوە.

دانیشتوان هەستان وتیان:

- ئێمە دەڕۆین. هەستان بڕۆن. کوێخا نەیهێلا. وتی:

- ئێمە زۆرمان پێ ناچێت. کوێخا هەڵسا و وتی:

- ڕەحمان تۆیش وەرە دەرەوە..

ڕەحمان پیاڕانەگەیشت سەری زۆر بلەرزێنێتەوە. هەستا و کەوتە دوایان.

نێرەکەرێک لەناو دێدا دەیزەڕاند. ڕەحمان لەبەر خۆیەوە وتی:

- بویەو نەوت یاروی لای جەوارە شەلە.

کـوێخـا تـەزبیـحـێکی سـەدویەک دانـەی قـەزوانی بـەدەسـتـەوە بوو عەجوولانە جووت جووت دەیژمارد. لەپڕ لەناو لەپیدا کۆمەڵی کرد و دایە ناو ئەو لەپی و وتی:

- دوێنێ لای مەلا حیلمی بووم. لە کرماشانەوە هاتبوویەوە ڕاست نایە مـشـتم.. کـەوا سـاواک داوای لێ کـردووە... کـوێخـا پەنجـەی شایەتمانی خستە سەر سنگی ئەوکەو کە تۆیان بۆ بکوژێت. ئەویش نەڕۆیشتووەتە ژێرو ئەوەشیان پێ وتووە کە لە ناو تاقمەکەیدا پیاوی

خـۆیان هـەیە؛ بەڵام لایان بـاشـە ئەو بەو کـارە هـەڵسـێ. وە ئەوەشـی پێ وتووە کە تا ئێستا تۆیان نەکوشتووە لەبەر برێک بەڵگە و هۆی خۆیان بووە؛ ئەگینا وەک ئاوخواردن لە ناوتیان بردبوو.

ڕەحـمـان سـەری هـاتـبـووە لـەرزین. ئەوکـە تـاڵێک لە سـمـێـڵـی بەدان دەقرتاند لە پڕ وتی:

– یە وەک بەخـشـش ئاو هـەمـامـە ئوندەی نـەیرن. ئەگـەر دەسـیـان بڕەست خـەیلی وەخت پیش ئەیانکرد. فرە. فـرە شـەوسـو چیمنـەو خاک ئیران، هـەرچی توانن بابکەنەی.

– نا مەوزووعەکە بەو شێوەش نییە. من بۆیە پێتان دەڵێم تا هوشیار بن و ئاگادار. لاشم باشە بۆخۆتان بڕۆن سەرێک لە مەلا حیلمی بدەن. لە نزیکەوە چاکتری لێ تێدەگەن.

– هـەرواکەین.

– بابڕۆین دانیشین.

– نا تواین مـەرەخـەس وین. بەدوعا!

– بەدوعا.

ئەوکە و ڕەحمان لە حەوشێ وەدەرچوون. ڕەحمان نەرم. نەرم سەری هاتبووە لەرزین.

ڕەحمان بێ ئەوەی لابەلای ئەوکەوە کا:

– تو چە ئیشیت؟

– چە ئیشم؟

– مەگە نەشنەفتی؟

– من ئیـشم. ئەیە تەواو چاو و ڕاوە. سـاواک توات بشـیـونمان.

فەقەت کەمەکی لە ئەسەد بەدگومانم. قەوم و قنگەی فرەیی وەناو شار دیرت ترسم وەعد مەعدی داوت.

– کوێخا مەفتەگی ئەی قسانە نیەکەت. چاو و ڕاو نییە و ئەی باسە بێخ دیرت، نەیرت؟ حەتمەن بیخ دیرت.

– بێخ دیرت، دیرت. ساواک تەقالا کەت بکوشدەمان کەیتەی ئەگەر بتوانت. من فرە وە ئەسەد گومان دیرم، ترسم کاری وەدەستمانەو دا.

– ئەگەر ئیقەرە سووری بکوشەی. تا ئەو ترسە ڕیشەکەن وت و چەکەرە وە دڵمانا نەیەت.

– یانی ئیشی ساواک ماواک ئەی باسە وەل مەلا حیلمی نەکردنە؟

– با، کردنە. فکر نیەکەم بیجەگەلە ئەسەد کەسیتر وەناومانا قەوم و خویش وەناو شارا نەیرت، دیرت؟

– ئیمە دوانزە نەفەرین. دنک دنک یەکتر خاسی ناسین توان مەرافە بخەنە ناومان. تەنها گومانێ دیرم. ئەسەدەو بەس. کوشمەی و تەواو.

– شەوسو چیمنە لای مەلا حیلمی. ڕۆک و ڕاست وەلیا قسەکەم. فرە. فرە چیمنە ناو خاک ئیران، با ژاندارمیەل بانە ڕامان. وەهەرکوی بچیمن ئاسمان یەک ڕەنگ دیرت. کەمێک گرفتار مڵاڵیەل وین وەئیلا چە ئەیرا چ ئەورە.

– یە ڕایی ئەرا ماڵ و مڵاڵ دوزیمنەو. بیلە دەم و کاجیر مەلا حیلمی باتە دەسم و بزانم چ مەرامی وەلمانا دیرت ئەو وەخت زانین چەبکەین.

– ڕاستت بوێت دایکم پەرێشانی ئەفشینی برامە. بابیشم لە ناساق دەچێت، ڕەنگە گیروگرفتی "پروستات"ی بۆ پێش هاتووبێت. ناچارم لەگەڵیانا بڕۆم.

– چەندت پێ دەچێ؟

– زۆر.. زۆر.. دە پانزە ڕۆژ.

– لام وایە جگە لە دووریت، هیچ گرفتاری و تەگەرەیەک لە گۆڕدا نەبێت. نازانم ساختمانی کۆشک ئایا بێ تۆیی پێیەوە وەدەر دەکەوێ؟

– باوەڕ ناکەم. کار لە قۆناغێکدایە هەیکەل و قەد و قامەت و قالپ بەندییە، ئەوانەش تەواوی نەخشەکانیان بەدەستەوەیە.

– دوێنێ شابانو لە قۆناغی کۆشکی دەپرسی. بەهەرحاڵ زۆرت پێ نەچێت، دەستی برد و نەرمەی گوێی فەلامەرزی گرت و وتی:

– حەرامزادە! لەوێ شەیتانی نەکەی. بمتوانیبا لەگەڵتا دەهاتم.

– جا بۆ نایەی؟

– سەرم قاڵە و ڕۆیشتنەکەتیش دەست بەیەخانەیە. شابانو بەجێ هێڵان ئاسان نییە. لەوێڕا برۆ ئەپارتمانەکەی من.

– بابم و دایکم لەگەڵدایە. ناتوانم لێیان وەدەر کەومەوە. تازە زۆریشم پێ ناچێت.. ماوەیەکی وا کەم هوتێل باشترە.

– گەیشتیە پاریس تەلیفۆنم بۆ بکە، هەموو ڕۆژێک. دەیکەی؟

فەلامەرز تۆزێک بن گوێی لی لی لیسایەوە و چرپانی بەگوێیدا:

– سەرچاو!

## ٤٠

ئەمیر وەک ئەوسا نەمابوو؛ ئاڵۆزی و جنێودانی خستبووە لاوە، دامرکابوویەوە، هەوا و هەوەسی ئاغا و ڕەعیەتی تووڕدابووە کەنارەوە، ملی بۆ جەوری زەمان شۆڕ کردبوویەوە. دەروونە پڕ گرەکەی سارد و سڕ و بەرەو ڕچان دەڕۆیشت. پڕوپاگندەی دام و دەستگا جۆراوجۆرەکانی دەوڵەت دەربارەی بڕیارەکانی شا و کودتا سپییەکەی جۆرێک هەموو جێگیر بووبوو هیچ کەس و هیچ کۆمەڵێک نەیاندەتوانی وەدرۆیان خەنەوە. ڕێکخراوە سیاسییەکان بێ وزە و توانا تەنها بەحاڵ و نەحاڵ دەنگیان وەدەردەهات، خۆیان لە قەرەی گەردەلوولی هەڵکردووی پڕوپاگندە نەدەدا. شایان کردبووە باوانی ڕەش و ڕووتان. پەیوەستەش بەڵێنیی شایان بەخەڵک ڕادەگەیاند کە داهاتوویەکی شادمان و ئابوورییەکی دامەزراو چاوەڕوانیانە. جگە لە چەند گرووپێکی بچکولانەی جۆراوجۆری خوێن گەرم نەبێت، خەڵکە زۆرەکە مەستی ڕابوردووی مێژووی پڕ لە هەڵس و کەوتی ئێران بوون و بەئومێدی داهاتوویەکی پڕ لە شانازیترەوە سەریان دەنایەوە.

دام و دەستگای شا تا ئەو دەمە جگە لە هەیبەت نەهێلان و ڕسواکردنی یاسای ئاغا و ڕەعیەتی نەبێت، هەنگاوێکی سازندەیان پێ نەنرابوو. وەعدەی سەر خەرمانیان دەدا و ئەمڕۆیان دەدایە دەست سبەی. ئەمیر ئەوەندە غەمی خواردبوو سەری تەسلیمی داهێنابوویەوە. ڕۆژ بەڕۆژ پەژموردە تر و گۆشەگیرتر دەنوا. نەخۆشی

ڕووی تێکردبوو: تەوژمی خوێن شەکرە، چەوری خوێن و تەنگە نەفەس و لەم دوا دوایەدا پەنەمانی پرۆستات. برێک لە پزیشکەکان هانیان دەدا سەرێکی ئەوروپا بدا و خۆی بخاتە ژێر چاودێریی دکتۆر و تەواوی ئازمایش و لەیەکدانەوەی دکتۆرەکان بگرێتە گوێ. ئەمیر لە سەرەتاوە نەدەچووە ژێر، لەم دوا دوایانەدا وشارەی دەوڵەت خانم و چەند بارە کردنی منداڵەکانی بوو بەهۆی ڕەزامەندی و بڕیاری سەفەری لێ دا. دەوڵەت خانم دە ساڵ زۆرتر بوو ئەفشینی کوڕی نەدیبوو، تووڕە دەبوو دەیوت:

– کوڕە ئەم سەفەرەت بۆ کردە ئەم بەزمە. ئەوە ئەوروپایە، بەیانی سوار دەبین نانی نیوەڕۆ لە شاری لەندەن، چوزانم پاریس دەخۆین دیارە ئەجەلت هاتووە.

ئەمیر یا وەڵامی نەدەدایەوە یا دەیوت:

– دەڕۆین، دەڕۆین.

– باشە کەی؟ سبەی؟ مانگێکی تر؟ یا تا شەممە لە مانگ دەبڕێت. تۆ بۆ ئەوە ناسەلمێنیت دکتۆرەکان لایان وایە ڕۆژێک زووتر خۆت بگەیەنیتە دەوا و دکتۆر و دەرمان باشترە.

ئەو بەزمە لە ماڵی ئەمیر ئینتیزاما باسی ڕۆژانە بوو. لەوان داوا و لە ئەمیر کەمتەرخەمی تا فەلامەرز هاتە مەیدانەوە و وتی:

– دەمەوێ بڕۆم بۆ ئنگلیس؛ ئەگەر دەتانەوێ با پێکەوە بڕۆین دایکی لە خوای دەویست باوکیشی بەڵگەی بەدەستەوە نەمابوو. ئاخری وتی باشە دەڕۆین.

لە ڕۆژی تایبەتدا ڕوویان کردە فڕۆکەخانەی میهرئاباد. فەلامەرز بەهاوڕێ و دۆستانی ڕانەگەیاندبوو. دۆستان و ئاشنایانی بنەماڵەی

ئەمـــیـــر لـه فـــڕۆکـــەخـــانه گلێـــر بووبـوونەوە. هـەواڵـی دووچاربـوونی شـیـرپەنجـەی پرۆسـتـاتی ئەمـیـر لە نێـو خـزمـان و دۆسـتـانیـدا بڵاو بووبوویەوە. دەوڵـەت خـانمیش دەیزانی، بەڵام خـۆی لێ وەکـەڕ کـردبوو نەدەچووە ژێر و بەدرۆ و دەلەسەی دکتۆرەکانی دەزانی و دەیوت:

– زوربەیان درۆزن و سودجو؛ چاویان لە گیرفـانی خەڵکی زۆرترە تا لەش و ئـەندامی نەخـۆش. دەوا و دەرمـانی کـوردەواری لای خـۆمـان هەزار ئەوەندەی گولاژ و شرینقە سوودبەخشترە.

لەم دوادوایەدا بێ هـێزی و پەرێشـان حـاڵی ئەمـیری دەدی کـە ڕۆژ بەڕۆژ بەولاترەوە دەڕوا کەوتبووە تەقالای سـەفەرکردنـی. لەبەر خۆیەوە دەیوت:

– نەخـەیر، ئەمـیر نەخـۆشـە. یاسـای کشـتوکاڵی خـرچ و کـاڵی شـا دیقی بەئەمیر کرد. خوێنی لە گەردنی ئەو قوزاق زادەیە.

ئالەمتـاج دەگریا، بێ دەنـگ هۆن هۆن فرمـێسک بەچاوانیدا دەهاتە خـوارەوە. ئەسـفـەندیاری مێـردی نەهـاتبـوو. ئالەم زۆرتر بۆ ئاشـوفـتـە بازاڕی ژیانی خۆی دەگریا. دەیزانی بەمردنی باوکی پشت و پەنایەکی بەهێزی لە دەست دەڕوا. مێردەکەی لە مێزی قومار دوور نەدەکەوتەوە، خـــواردنەوە و ئـەلواتیـــشـی دەکـــرد. ژیـانی شـــڕۆڵ بووبـوو. چەندین پەنجـەرەی بۆ نەهـات و مـەرافـەی لێ کـرابوویەوە. دوای مـەرگی "ئـەمـیـر ئەقـدەم"ی باوکی ئەسـفـەندیار، هـەرکـەسـە بەشـە مـوڵکی خـۆی جـوێ کـردبوویەوە. ئـەسـفـەندیـار لە ژێر قـــەرز و قـــۆڵەدا دەینووکـانـد، یەک دووچار ئەمیر ئینتیزام قەرزەکانی بۆ بژاردبوو.

دەنگە وەرەی فـڕۆکـەخـانە فوی پیا کـرد و لە داڵاندا دەنـگی دایەوە "فـــڕینـی ژمـــارە ٤٢٥ی هێـــڵـی "هومـــا، بەرەو لەنـدەن. تکـایە بـەرەو

سواربوون" دووسێ جار وتییەوە. ئەمیر و دەوڵەت خانم و فەلامەرز کەوتنە خوا حافیزی لە خەڵکە هاتووەکە. مۆسیقایەکی ڕۆژئاوایی نەرم و نیان سەرتاسەری هۆڵەکەی گرتبووە خۆ. ئالەم کوڵی دەدا، دایکی دووسێ جار ماچی کرد و تێیخوڕی:

– چییە کچێ! خۆ بەرەو کیوتێن نامان بەن. زۆر زۆرمان پێ بڕوا مانگێکە. هەر درێژای کێشا سوار بەو وەرە بۆ لامان. دایکی دوا ماچی کرد و پەنجەی شایەتمانی لێ ڕاوەشاند:

– بەسە کچێ، مەگری.

تا لە پێچ و خەمی ڕاڕەوەکە تێنەپەڕین ئالەم هەر ڕاوەستابوو گوێی هەڵخستبوو بۆ درەنگە درەنگی نووکی ئاسنی گۆچانەکەی باوکی کە دەیدا بەسەر موزائیکەکەدا. ئەمیر لەم دوا دوایەدا گۆچانی بەدەستەوە دەگرت و شەبقەی لەسەر دەکرد. ناچاری چاوێلکەی زەرەبینیش بووبوو. لەسەرخۆ دەڕۆیشتە ڕێگەوە. شێوە و شەمایلی ئروستوکراتیەتی و ڕەسم و ڕەواڵی بنەماڵە کۆنەکان بەڕەفتار و گفتار و کرداری ئەمیردا دەردەکەوت جگە لە قوزاق زادە نەبێت ناوی "شا"ی بەدەمدا نەدەهات، جارەوبار تووڕە دەبوو دەیوت:

– باوکی ڕەزاقوزاق چ کارە بووە؟ باپیری چی؟ فەلامەرز وەڵامی دەدایەوە: بابە ئەم قسانە بێ سوودە. ئەی باوکی "نادرشا" کێ بووە یان بابی ناپلیۆن یان هیتلەر یا ستالین. ئەم قسانە باوی نەماوە؛ نەوتنی باشترە. ئەمیر کۆڵی لەو قسانەش دابوو؛ بەڵام نەیدەتوانی لە ناتۆری "قوزاق" زادە دەست هەڵگرێ.

ئەمیر و دەوڵەتخانم شان بەشان دانیشتبوون. ئەمیر بەلای پەنجەرەکەوە دەینواڕییە جریوەی چراخانی شاری تارانا. لای کردە

دواوە و ڕووو بەفەلامەرز:

– کەی دەگەینە لەندەن؟

– یەکی شەو بەکاتی تاران؛ سەرجەم پێنج سەعات فڕینە. ئەفشین لەوێدا چاوەڕوانمانە، ئەپارتمانیشی ئامادە کردووە.

– ئەی تۆ؟

– ئەگەر مەرحەمەت بفەرموویت و ئەفشین لێم گەڕێ، لام خۆشە بڕۆمە هوتێل. هەست بەماندوویییەکی تێکڕایی دەکەم. پڕۆژەی ئەو کۆشکە بەتەواوی ماندووی کردووم.

– یانی بەم حیسابە کەم دێی بەلامانا؟

– ئەستەخفیروڵڵا! قوربان! بەندە بەتەواوی وجوودمەوە لە خزمەتدام. بفەرمووی لە پای تەختی نووستنەکەدا دەنووم.

– کوڕم هەرچیت لا خۆشە بیکە.

لە دەنگەوەرەی نێو فڕۆکەکەدا ڕایگەیاند فیلمێکی سینەمایی دەخەنە گەڕ بەناوی جرینیمو.

ئەمیر دووبارە لای بەلای فەلامەرزەوە کرد و وتی:

– داوای پێکێک ویسکی "ئۆڵدپارم" بۆ بکە.

دایکی ژەندییە ئەمیرەوە:

– تەنها پێکێک قەیناکە.

– چوار سەعاتێکمان ماوە، دەکۆشم تۆزێ بنووم.

– دایە زەرەری نییە. فەلامەرز ئاماژەی بۆ یەکێک لە خزمەتگوزارەکان کرد و هاتنە پێشەوە و زۆری نەکێشا پێک لەبەر دەستی ئەمیردا دانرا.

فەلامەرزیش کەوتە بیرەوە نەیدەسەلماند وا لە نێو فڕۆکەدایە و بەرەو لەندەن مل دەنێ یانی چی؟ نێوی چی لێ دەنەی؟ ڕق هەڵسانێکی ئیلاتی و خۆبەزل زانی یا لاسارییەکی منداڵانەی پێ نەکەوتووانە؟ بۆ کوێ دەڕۆیت لەچی خۆت تاراندووە؟

لە ئازیزترین کەست، لە خاوێنترین گیانلەبەر؟

نەخەیر چاکت کرد بەجێت هێلا. ئافرەت وەک مەتەڵ وایە بەهەموو کەس هەڵناهێنرێت. خۆ وەڵڵا ئافرەت مەتەڵە، ئامەتەڵە پڕ لە ڕاز و نیاز. هەروایش بووە. ئافرەت بەو ڕاز و نیاز و نازەوە پەسەندی لای عوشاقان بووە، ئەدی تۆی گەوج دەتەوێ چی بەخۆت بسەلمێنیت. بۆ شوکری خوا ناکەی؟ یاسەمینی تۆ خاوەنی ناز و ئەدا و ڕازی بێ پایانە و تازە لە دونیایەکی پڕ لە مرۆڤایەتیشدا تەپا و تلیەتی. چرای نێو فڕۆکە کوژابوویەوە، فیلمی "جرینیمو" دەستی پێ کردبوو. دوو ئەمریکایی لەو سەرینەوە سەرخۆش بوون؛ یەکێکیان گیتاری لێ دەدا. یەکێک لە دانیشتوان بەئینگلیزی قیڕاندی:

– یا سەیری فیلم بکەین یا گوێ لە مەیموون بگرین.

ژنەی خزمەتگوزار خۆی گەیاندە لای گیتارژەن، نارەزایەتیی خەڵکەکەی پێ ڕاگەیاند. کابرای ئەمریکایی هەستایە سەر پا و ڕووی کردە لای خەڵکەکە و داوای لێبووردنی کرد و دانیشتەوە.

جگە لە مەتنی موسیقای فیلمەکە و خرمەی پای ئەسپ نەبێت، هیچ نەدەبیسرا. گریانی منداڵێک هاتە گوێ. دایکە دەیویست ژیری کاتەوە، منداڵ هەر دەگریا. ئەمیر خەوی لێکەوتبوو. دەوڵەت خانم بەوردی چووبووە نێو ڕووداوی فیلمەکەوە. فەلامەرزیش لە بیر و خولیای یاسەمین و تاو تاو باوشی لی لیدا دەخولایەوە. لە پڕ فڕۆکە

کەوتە حەشوکەدان زەنگێک زرنگایەوە سەردالّی دەستەی خزمەت گوزار داوای لە دانیشتوان کرد پشتوێنەکانیان ببەستن تا لە چالّی هەوایی وەدەر دێن. وڕە وڕ لە نێو فڕۆکەدا دەبیسرا کچە خزمەتگوزارەکان تا ئەو دەمە تاک تاک و جووت جووت دەهاتن و دەچوون هەر یەکەیان لە جێگەی خۆیاندا کەمەریان بەستەوەو لێی دانیشتن. فڕۆکە دەلەرزی و دەلەرزی بڕێک ڕشانەوە. زۆری نەکێشا فڕۆکە هاتەوە سەرخۆی و هات و چۆ ئاسایی بوویەوە. "کاپیتان"ی فڕۆکە لە دەنگەوەرەدا داوای لێبووردنی کرد و ئاواتەخوازی گەشتێکی پڕ لە خۆشی و بێ دەردەسەر بوەو.

دەوڵەت خانم نیگەرانی ئەمیر بوو، لە هەمان کاتدا خۆشحالّی دیتنی ئەفشین لە ناخیدا بنی نابوویەوە. ئەمیر ملی بەسەر شانیدا لاربووبوویەوە. زرم و هوڕ و بیگرە و بەردەی فیلمی جرینیمو تەواو بووبوو. فەلامەرز لە پەنجەرەی لاشانیدا دەینواڕییە بێ بن و بێخی ئاسمانا. بەبنمێچی ئاسمانەوە هەزاران ئەستێرە وەک بزماری پرشنگدار بەئاسمانەوە هەڵواسرابوو. لە خوارەوە لە ناو هەوردا تیشکی بزیسکە وەدی دەکرا: فڕۆکە بیست و چوار هەزار پا بەهەلهەلی ئاسمانەوە بوو، کزە و جزەی یاسی و لی لییش جارەوبار شریتی بیری دەپچڕاند و دانی بەتوند و تیژپەڕی خۆیدا دەنا و دەیوت:

– یاسەمین حەقیەتی، قەزوان تەقاندن و مانگا دۆشینیان نەوتووە. ئەو هەر وەک خۆی وایە. من تەماحگیری ژیانی پڕ لە زەرەق و بەرقم. فڕۆکە تا دەبوو لە بەرزی کەم دەکردەوە. ڕاگەیاندرا کە تا نیو سەعاتی دی لە فڕۆکە خانەی "هیسرەو"دا دەنیشنەوە. فەلامەرز لە دلّا وتی :

– خۆزگە دەسەلاّتێکی وام هەبوایە لووت و پوزەی فڕۆکەکەم

وەردەچەرخـاندەوە بەرەو تارانـی یاسـەمین و دەمـەو شـەفـەق دەمـدا لە دەرگـای ئەپارتمانەکـەی یاسـەمین و خـۆمم دەهاویشـتـە باوشـیـەوە. خـۆزگـە ئەنگوسـتـیلەکـەی حـەزرەتی سـولەیمانم هـەبوایە، خـۆزگـە فـانووسـەکـەی عـەلائودینم لە ژێر ڕکـێف و فـەرمـاندابا. حـەیف ئەم ئاواتـانەم هـەمـووی نـەزۆکـە؛ وەک ملمـلانـەکـەی جـرینیـمـو وایە. یاسەمینیش جرینیمویەکە بۆ خۆی پێش ئەوەی عاشقی من و عشقی من بێت. سـەرسـوپوردەی وڵاتەکـەیـەتی، پابەندی بیر و ڕایەکی توند و تیـژی پڕ لـە قـوربـانیـدان. جـرنیـمـوی من، داخـۆ بەرەو کـوێ ڕامدەکێشیت؟

مەرگ بێت یا ژیان لەگەڵ تۆ دابم، لام خۆشە. ڕاستە ئاوا خۆ بەخت کردنێک لە هەموو کەسێک ناوەشێتەوە و بەهەموو کەس ناکرێت.

دووبارە "کاپیتان" هاتەوە قسە:

– وا لە فـڕۆکـەخـانەی "هیـسـرو"دا دابـەزیوین. هەروەها کـاپیـتـان ڕادەگـەیەنیت پلەی سـاردیی شـاری لەندەن لـەم سـاتـەدا دەی سـانتی گرادە. ئومێدەوارین گەشـتێکی خۆش و کاتێکی پڕ لە کامـەرانی ببەنە سەر. بەئومێدی دیداری تر!

# ٤١

دەوڵەت دەست وەبان دەست دانەنیایە سەخت خەریکە دەورو وەرمان چنیەسەو. ئەگە وا بچت و نەجومبیم، چمانە بەرخ کەمانەتە کۆزەو. ئیشم با کەمی خۆمان جم و جور کەین.

– دەتەوێ چیم پێ بڵێی؛ ڕان بوو فرۆشتت. کەر کوڵ و بار سووک. ماوەتەوە سەر برێک ناوماڵە و قاپ و قاچاخ، تەنها هەر بەدەردی ئێمە مانانە دەخوا و بەس. کام جم و جۆر؟

– ڕاست کەیت ماڵ و ماڵات نەیرم وەلی پوڵ موڵ دیرم. ئیشم تا ئاو لە ئاسیاو کەفت بچو ئەڕا سلیمانیە وەماڵ ڕابەی خۆشکت؛ وەورە بمینەو نەیەیتەو تا کل کەمە نواتا.

– یانی وەزعت وا خراوە؟

– وەنەزەرم خراوتر ئەوت.

– ئەمەی دەڵێی بەم زوانەیە؟

– من ئەوەسا شەوسو وەل ئەوکە چیمنە لای مەلا حیلمی وەلیا قسەکەیمن و کاروبارمان یەک لایی کەیمنەو. هاتمەو بایەت بچیمن. هەرچی دیرین دەست لە لی مەدە، ئەی ڕۆیشتنە فەقەت و فەقەت ئەڕا قایم کاریەو بەس. من جاری هاومە ئەی ماڵە، وەختی تو چویت یە جوری جم و جوری کەم. وەلێ بایەت نەییتەو تا ناونیشان ئەڕات کل کەم. نەکا بی ناونیشان من بکەفیتە ڕا و بایتەو؟

– چ ناونیشانێک؟

– چووزانم. مەسەلەن.. مەسەلەن.. "چەن دینار توایت ئەرات کل کەم". ئا هەر کەس ئەیەوە پیت وت بی یەک و دوو بکەفە تەکی. وە غەیر ئەم ناونیشانە نەکا بایتەو؛ وەئیلا دوچار گرفتاری گەورەیەک ئەوی. دڵم وەپیم ئیشت وەی دەورو بەرە قەومت. چی قەومت؟ نیەزانم.

– یانی چی دەقەومێ؟

– نیەزانم. ئەوەسا کوێخا پەیام مەلا حیلمی ئەرامان هاوردیە. ساواک ماواک قوتەقوت دەورمانە.

– ساواک چ عەشیرەتێکە؟ مەگەر باوکیمان کوشتوە؟

– ساواک عەشرەت نییە...

– ئەی چییە؟ دێوە، درنجە، زەلامە؟ هەرچی هەیە ئەوە گورز و ئەویشە مەیدان...

– ئەی باوا! بیلەم بابامە و ئەو وەخت تەوزیح ئەڕات دەم.. هاکا ئەوکە هات چم ئەسپەکەم زین کەم.

ڕەحمان بەرەو گەوڕ وەڕێ کەوت. فەرهادی تازە پاگردویش بەهەنگاوی نارێکەوە کەوتە دوای. گەوڕ تاریک و بێ پەنجەرەو تاق تەنها لە دەرگاوە ڕۆشنایی بۆ دەچوو. ئەسپەکە هەرکە ڕەحمانی دی یەک دووجار پڕمانی و کەوتە جووڵە. ڕەحمان نەرم نەرم دەستی ماڵی بەسەر و باڵیدا. تەواوی زین و بەرە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو. ئەسپەکە کەوتبووە جووڵان، خۆی پیەڕانەدەگیرا. گەوڕ تاریک بوو. ڕەحمان یەشتا چاوی بەتاریکی ڕانەهاتبوو. یەک دووجار خوڕییە ئەسپەکەی:

– چتە؟ ئارام.

نەرمــە لەبادی ژێر زینی خــســتــە ســەرپشــتی. بەهەردوو دەست تەکەڵتوی لە دیوار کردەوە و خستییە سەر لەبادەکە. دانوویەوە تا تەنگەی ئەسپەکە سفت کاتەوە! فەرهادی لەناو چوار پەلی ئەسپدا وەدی کرد.

– ئەی داد و بیداد! ئیشم ئەی زمــان بەســتــە ئەڕا جــاوە خــوی ناگرت.. یە چە تو ڕەسانیەسە ئەیرا؟ قیڕاندی:

– ســەوری! ســەوری! بەو ئەی توخم ســەگــە بگرە؟ حــەواست هاوە کورە؟ ئەی مڵاڵە ئەرا مەرەخەسی کردیتە؟ هەر خاس بی نەوەیە ژێر پاوپل ئەسپەکەوە.

سەبری خۆی گەیاندە گەوڕ و فەرهادی لە ڕەحمان وەرگرت. دووبارە ڕەحمان بەزین کردنی ئەسپەوە خەریک بوو. ئەسپ ئارام بووبوویەوە. "قوشقی" خستە بن کلکی ئەسپ و کلکی ئەسپ وەک زەڵفێکی درێژی قــەترانی شــۆڕبوویەوە "یەرکــێش"ی لە ســینە ناو بەســتــیــیــەوە بە"قــەڵتاخ"ەوە. توورزەنگێکانی چەپ و ڕاست دابووە سەر قەلتاخەوە بە"لوغمە"وە شۆڕ بووبوویەوە. "ڕەشمو"ی ڕاکیشاو ئەسپی لە گەوڕ وەدەر هێنا، یەشتا "لەقاو"ی لە دەم و لە کاکیەی ئەسپ نەنابوو ئەسپە کوێت دە ڕۆژ دەبوو لە گەوڕ وەدەر نەهاتبوو. ڕحمان کەوتە قسەکردن لەگەڵیا:

– زانم فرە کەیلی ئەڕا دەشت و دەرو ڕمــبــازی. کــەمی ســەور هەر ئیستا چیمن .

ئەسپ هاتبــووە ســەرحــاڵ حــیلەیەکی وای کــرد لەوپەڕی دێشــەوە بیسرا "کەفەڵ پوش"ی دا بەسەر کەفەڵی ئەسپدا و لەقاوی لە دەم نا،

ڕەشموی لەسەر داماڵاند و پێچایە میخێکەوە و لە توورەکەی ئاڵکی ناو لە پشتی قەڵتاخەوە بەستی بە"بەن سامۆت"ەکەوە. ئەسپە کوێت پەیوەستە بەدژوار دەچووە ژێر لەقاوکردن، سەر و قەپوزەی سوڕ دەدا؛ نەختێک هاتە چەپۆکان، خرمەی سمی چەندین بەرزەوڵاخ نزیک بوویەوە. ڕەحمان ئەسپی لە حەوشی وەدەر برد و بۆ خۆیشی وشک بوو لە فیشەکدا.

ئەسپەکەی ئەوکە لە پێش تەواوی سوارەکانەوە لابەلا سێ پەلی پەلی دەکوتا، چاوی سپی دەکردەوە کەفی دەچەڕاندە پیشک و هوڕی ئەوەی دەگەیاند کە لە تەواوی ئەسپەکانی دێ تەواوترە. ئەوکە هەر گەیشتە لای ڕەحمان وتی:

– ئەرا وسیایتە؟

ڕەحمان پای لە ئورزەنگی نا و سواربوو. سەرجەم دە سوار دەبوون لە دێ وەدەرچوون؛ بەرەو "سەرتەک" وەڕێ کەوتن. لەبەر ئاو و هەوای ساکاری سەرتەک و زۆربوونی ژمارەی پێشمەرگە، بنکەی سەرتەکیش کرابوویەوە. مەلا حیلمی گوێزایبوە ئەوێ. بنکەی بێلولە کرابووە زستانە هەوار و زۆربەی پێشمەرگە لەوێدا کۆبووبوونەوە. فڕۆکەی سوپای عێراقی ناو ناو بۆمباردومانی دۆڵ و دەربەندی بێلولەی دەکرد؛ مارپێچی ئەو دۆڵ و دەربەندە جۆرێک بوو بۆمبا نەیدەگرت. هەرچی بهاویشتبا دەکەوتە دەوروبەری جارێک نەبێت یەکێک لە بۆمبا گەورەکان کەوتە چەقی دۆڵەکە، نەتەقییەوە؛ هەروا مایەوە، تا لەم دوا دوایەدا کابرایەک پەیدا بوو لەسەر داوای خۆی تەواوی بارودەکەی وەدەرهێنا و قەواغەکەی مایەوە و بەلایەوە وێنەیان دەگرت. سوارەکان دوو دوو پشتی سەری یەک ڕێچکەیان بەستبوو. ڕەوتێکی مەوزوون و لەسەرخۆ دەچوون بەڕێگەوە. ئەسەدوڵڵا لە ڕیز دەرچوو خۆی گەیاندە

لای ئەوکە و وتی:

– کەمەکی پای چەپ ئەسپەکەم شەلت. فکر نیەکەم وەلتانا دەربام. ئیشی چە بکەم؟

– بنۆڕە ناڵەکەی؛ شایەت ڕێک مێکی کەفتوەتە ژێر ناڵەکەیە و. ئەسەد لە ئەسپ دابەزی و یەکێکی دی لە چەکدارەکان ڕۆیشتە یارمەتییەوە. سمی پاشووی ئەسپیان بەرزکردەوە، بەوردی سمی ئەسپیان بەر ئاورد کرد هیچ جۆرە زیخ و ڕیکێکیان وەدی نەکرد.. ئەسپ لە لەنگیدا بەردەوام بوو: گومانم شت دایەسە پێوەو.

سەرئەنجام ئەوکە ڕای گەیاند:

– بچورەو وەلی مەبادا وەبنکە بچیتە دەر تا تێمنەو، خاسە؟

– خاسە.

ئەسەدوڵا چەند جارێک لەسەر دزی گیرابوو. لە ئاوایی حەیدەر ئابادی دەوروبەری شائەبادی ڕۆژئاوادا لە عەشیرەتی سەگەوەندی سەر بەلوڕ بوو. بەتۆمەتی دزی کردنەوە چەند ژاندارمێک هاتبوونە سەری ویستیان باڵبەستی کەن. دەستی لێیان کردەوەو پاوپلی یەک دوانیانی شکاند و بەناچاری دایە کەژو کێو. یاخی بوو تا بەلای ئەوکە شامارەوە گیرسایەوە، لە ناو شاری شائەبادا قەوم و خوێشی زۆری هەبوو. یاخیبوونەکەی بووبووە مایەی دەردەسەر و کەس لە خزمانی خۆی نەدەکردە خاوەنی. ئەسەدوڵڵا سەری ئەسپی چەرخانە دواوە بەرەو بنکەی بەردەڕەش.

ڕەحمان نەرمە ئاوزەنگییەکی ژندە ئەسپەکەیەوە و خۆی گەیاندە شانی ئەوکەو وتی:

– ئیشم...

– بیشە.

– وەنەزەرم ئەسەد وە قەسدی پاشوی ئەسپەکەی شەل کردیە

– ئەرا چەو تا چە بکات؟

– نیەزانم. شایەت وەل ڕابیتا مولاقاتی کەین و بەینی داشتەوت.

– بیلە با مولاقات خۆی بکا. چومەو دەخلی دەرتێرم.

دەنگی فـڕۆکـە هاتە گـوێ، ئەوکـە قـیـڕاندی: یە کـۆپتـەرە. فـرە خەتەرناکە. وە ئەسپـەکانـتـان داوەزن بڵاوە کەن. دوو کۆپتـەر بەسـەر چیای بەمـۆدا بەرەو ژوور بەدوای یەکەوە دەڕۆیشـتن. سوارەکـان خزانە نێـو دۆڵێکەوە. ترپە ترپی کـۆپتـەر دوورونزیک دەهاتە گـوێ. زۆری نەخایاند ژاژوری مەتریلۆز هاتە گوێ و ئاسمانی بەمۆی دادڕی.

– وەنەزەرم تەقە لە سەرتەک کەت.

– ئەی کۆپتـەرانە چمانە شکارچی گەردیەن. هەر کەس وەدی کەن تەقە لەلی کەن.

ڕەحمان سەری هاتبووە لەرزین لەسەر خۆ وتی:

– شکار؟ وەو ئاسمانەو توان چە بکەن؟

– وە دوای ڕێبوار و هەر جم و جوڵێک گەردیەن. گولە کـار لە لیـان نیەکا.

– ئەگەر واوت فرە لە هەواپەیما جەنگی خەتەرناکترە مەگەر نا؟

– تا وەحاڵ فرە مەردوم و پیشمەرگیەل کوشتیە. یە هەفتە پیش دوو نەفەر زەخمی کردن و نیشتنەو وەل خویانە بردنەی. تەقە بڕابوویەوە.. وەحـاڵ دەنگی هیلۆکـۆپتـەر دەبیـسـرا. دەنگەکە لەوبەری سیـروانەوە دەهات. گەیشتبوونە دامێنی چیای بەمۆ. ئەوکە ڕوو بەڕەحمان:

– خێر باوکت یە دەم ئەرام بچڕە.

– خەفەت دیرم فکر نیەکەم دەنگم دەربات.

ئەمەی وت و دەستی لە بناگوێی نا.

یەک دوو داڵی لاشخۆر بەئاسمانەوە بازنە دەفڕین. دیار بوو دەنگی کۆپتەر و ڕیزی مەتریلۆز لانەوازی کردبوون. ئەوکە و دەستەکەی گەیشتبوونە بنکە. ئەوکە و ڕەحمان ئەسپەکانیان سپاردە هاوڕێیەکانیان، خۆیان پیادە بەرەو بەنگەلەکەی مەلا حیلمی وەرێکەوتن. چەندین پێشمەرگە پڕ چەک ڕاوەستابوون. حوسەینی حاجی و حەمەی وەلی لەگەڵ ڕەحمانا دەست ماچانیان کرد. حەمەی وەلی وتی:

– کاک ڕەحمان! نایەی پێکەوە سەرێکی سلێمانی بدەین. هەمووان پێکەنین..

مەلا حیلمی لە ژوورەکەیدا خەریکی نووسین بوو.. ئاگادار بوو ئەوکە و دەستەکەی هاتوون. ئەوکە و ڕەحمان ڕۆیشتنە ژوورەوە. مەلا حیلمی لە بەریان هەستا چاکی و چۆنی لەگەڵا کردن و چایش خورایەوە.

– ئێ! شامار! دیارە پێستت چاک قیمەت دەکا.

– قوروان! هەر وەی جورە یا دوای خۆشە کردن؟

– هەردووکیان.

ئەوکە هەردوو دەستی ڕوو بەئاسمان بەرز کردەوە و بەدەنگ وتی:

– هەزار جار شوکر ئەڕا یادگار و سەی براکە. ئەیانە دەساڵە توان دەخلّم دەربارن و نیەتوانن. بیلەیان هەرچی توان با بکەنەی.

– ئەوکە ئەمجارە وەک هیچ جارێکی تر نییە. ڕەنگە بزانیت لەبەر ئازایەکەتیش بووبێ من تۆم خۆش دەوێ؛ لەوەش گوزەشتە، وەک کوردێک ئامادە نیم مەرگی کوردێکی دی ببینم، ئەویش بەدەستی غەیری کورد. ئەوەش دەزانم لەم کێو و کەژەدا تۆ کوشتن یا من کوشتن ئاسان نییە. نەتبیستووە کورد وتوویەتی "دار فوازی لە خۆی نەبێت ناقلّیشێ".

– شنەفتمە.

– سەد ڕەحمەت لە تیرە و تایفەت! چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە کرماشان بووم.. سەفەری تارانیشیان پێ کردم.

چەند پیاوێکی گەورەی ولاتی ئێوەم دی و بەدرێژا لەگەڵما دوان، لە زۆر بارودۆخەوە باس کرا. یەکێک لەو باسانە مەسەلەی تۆ بوو. سەخت و سفت بەدوای کوشتنتا دەگەڕێن. وەک توورک ئاڵکان پیاما تا بەڵێنی لە ناوبردنتیان بدەمێ. منیش چوومە ژێر ئەو بەڵێنەو وەعدم دا کە لە ناوت ببەم، ئەگەر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی لای ئێمەدا بمێنیتەوە. جا برادەر ئەمانە بەڵێنی زۆر یارمەتی ئێمەیان داوە لە پارەوە بیگرە تا دەرمان و چەک و تەقەمەنی و تیمارکردن و سەدان شتی تر. من ناتوانم بەرژەوەندی ئەم هەموو خەڵکە بخەمە مەترسییەوە لەبەر خاتری تاکە کەسێک تێگەیشتی؟

– چەنی فرسەت دیرم؟

– هەرچی زووتر باشتر. دەنواڕی چەندە ڕاستم لەگەڵتا خۆ دەمتوانی هیچ نەڵێم و کاری خۆشم کردبا. ئێمە لەم بێ کەسییەدا وا پەنجەرەیەکمان لێ کراوەتەوە بەئاسانی لە دەستی نادەین. خۆ نایخەیتە خانەی نامەردی، دەیخەی؟

– نە وە ئەلی! فـرە فـرە مـەمنـونم. ئێـمــەش یادگــار دەروازەیەک لە لیمان کاتەوە. ئەوکە هەڵسا و وتـی:

– یا ئەلی!

مەلا وتـی: مەڕۆن نان بخۆن. چێشت تەنگایەها؟

– مـەرحـەمـەت زیاد.. نان و خـوراک هامـرادیریم. مـەرەخـەس ئەوین کاروبار فرەیەک ها وەنوامان، بایەت خـۆمـان جم و جـۆر کەین، وەئیـلا چمانە خەرگوش گرنەمان. ڕەحمان سەری هاتبووە لە رزین.

مەلا حیلمی دووبارە هاتەوە قسە و وتـی:

– لە بیـرم نەبوو ئەوە بڵـێم؛ ئەوەشـیـان وت کـە لەنـاو دەسـتـەکـەتدا چـاوســـــاقـی خـــــۆیان هـەیە؛ بـەڵام ڕەنـگـە ئـەوەیان بـۆ دووبـەرەکـی خستنەوەی ناوتان وتبێت.

لەرزینی سەری ڕەحمان زۆرتر بوو. تەوقەیان لەگەڵ مەلادا کرد و لە ژوور وەدەر هاتن و لێــژ بوونەوە لای هـاواڵەکـانـیــان و ســـواربوون و بەهـەمــان ڕێگەدا گـەڕانـەوە. دووسێ فــەرســەخـیــان مــابوو بـۆ دێی کێلەبەرزە بەسـەر ئاو و گـۆمی کـانـی قـورواقـەوە دابەزین تـا خـۆیان و وڵاخـەکانیـان مـاندوویی دەربهێنن. دووکـەڵـی چای کـردن باریک باریک بەرز بوویەوە..

ڕەحمان وتـی:

– کۆپتەر هات چی؟

– خۆمان و بەختمان هات، هات.

ســوارەکــان بڵاوەیان لـێ کـردبوو. یەکـێک دەسـتـی بەئاو دەگــەیاند یەکێک خـەریکی تەڕ و وشکی ئەسپەکـەی بوو، یەکێک چووبووە چێلکە. ئەوکە لە پڕ نەڕاندی:

– بانە نزیکە و تا ئەڕاتان بیــشم. چای هاتبــووە کــوڵ یەک دوو پریاسکەی پڕ لە کولیچە و پەپکە نان چەورەی تیا پەخش کرابوویەوە.

– باش بشنەفن چەیشم. ئیرنگە مەلا حیلمی وەلما باسی کردەیە نیەوت نەیشم. پەیداس دەوڵەت ئێران تەماح خستیەسە وەردەستیان تا دەخڵمان دەربارن. ئەگەر وەی ناوە بمینین مەرافە یەخەمان گرت. توام بزانم ئیوە چە ئیشن نەزەرتان چەس؟ بمینین؟ بچیمن ڕیمانەو؟ بڵاوەکەین؟ توام بزانم چ ڕایی وەنەزرتان ڕەست؟

هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە.

ئاخری ئەوکە بۆ خۆی هاتەوە قسە و وتی:

– دوایی نەیشن وەپیمان نەوت. ئیمە چەند ڕا هاوە وەردەممان ئەوڵ هەرکەس توات بچت، با بچت: ئەڕا دەوڵەت چت، خۆی گوم کەت، ئازادە. دیووم ئەتوانین بچیمنە خاک عێراق. سییەم ماڵ و مڵاڵ لە خۆمان دوورخەینەو هەر ڕۆژی وە جایبێن تا بزانین کار وەکوورە ڕەست. ئەی سێ ڕیانە هاوە وەر دەستمان.

دیسان کەس نەهاتە جواو. ڕەحمان سەری هاتبووە لەزرین هاتە قسە و:

– من نەزەر خۆم ئیشم. ئەگەر بایتو تەسلیم دەوڵەت وین ئەگەر نەکوشنەمان، وەناو زندانا ئەپوسیەین تا ئاخر زەمان دەست لە یەخەمان مەرەخەس نیەکەن. ئەگەر بچیمنە ناو خاک عێراق سەرتاسەر ئەی مەرزە تایفەی مەلا حیلمی ڕۆژانە فرک و هوریانە. نیەزانم دەوڵەت عێراق بنیرەتمانە ناو یەکێک لە شاریەل عەرەبسان ئەرا حەماڵی و پینەدۆزی. من یەکی چەنە ماسی لە ئاو دووری خەیتەو مرت، وەتەواو ئەدیان چوار پەنج مانگ لە ئاووهەوای داڵەهو دوورم

خەنەو مرم. شەوسوانە وەخەو هەڵەسم داڵەهو هاوە وەرچاومەو چمانە دنیا داینەسە پیم. یەک ڕا ئەرامان مەنیە ژن و مڵاڵ لە خۆمان دوور خەینەو وەناو خاک ئێرانا بچیمن و باین. هەرکی نوامان گرد کوشینەی، هەرکی زۆر وت باج لەلی سینیم. تەنها ترسی گەورەیەک هاوە بەردەمان دەستەو دایەرەی مەلا حیلمیە. ئەوەسا وە دەم خود مەلا حیلمی ئیشت بچن و لە ئیمە دوورکەفنەو. ئیمە ئەگەر بڵاوە بکەیمن چەنە مامر هەر یەکە وە شوینیک دەست خەنە بانمان، ئیمڕو نا شەوسو. کار بیخود مەکەن با وەک جاران وەل یەکا بمینینەو، دروست وتم؟

هەموان یەکدەم وتیان دروستە. یەکێک لە چەکدارەکان نەڕاندی:

– وەو باوە یادگارە [بەردێک لەناو لەپیدا بوو، بەرزی کردە و] چون زانم یە کوچکە وا زانم تەواو ئیمە کوشیەین. وەلی بیلە با مەرد مەردانە بکوشنەمان. بەردەکەی ڕوو بەچیای سەر بەئاسمان کێشاوی "داڵەهو" تووڕدا و وتی: بنوڕ! بنوڕ! ئیمە چە دیریم. یەکی داڵەهو پشت و پەنای وت چت وەناو زندانا وە ژیر زەبروزور ژاندارم ئەسفەهانی چوزانم ڕەشتی یا قومی نەختە نەختە بکوشنەی. ئەڕا ئیمە چە لە مەلا حیلمی کەمتر دیریم؟ ئەویش پەنا هاوردە. بەموو چوار کەس بین، ئیرنگە سەدو بیست نەفەرن.

هەمووان هەستانە سەرپا. هەر یەکە چووە لای ئەسپی خۆیەوە بۆ سواربوون. سواربوون کەوتنەوە ڕێ.

ڕەحمان لە ئەوکە نزیک بوویەوە:

– ئەڕا مڵاڵیەل چە وەنەزەرت ڕەسیە؟ توای چە بکەی؟

– تو توای چە بکەی؟

من کلیان کەمە سلیمانی وەماڵ ڕابەی هاوشیرەی.

ئەوکە توزیک تێڕاماو ئینجا وتی:

– کار دورستێکە. فکر نیەکەم هیچ گرفتاری ئەڕایان دروست وت وەلی مڵاڵیەل من وەی ئاسانیە نییە. وەک زانی سوبحان یەشتا دەستی دار نەگردیە مڵاڵە، ئەوان تر فرە وردن.

– ئەیانە وەجای خۆی. مادام پول مول دیریت غەم نەیریت..

– وەنەزەر تو کلیان کەمە کویَ؟

– فکر نیەکەم وەی دیهات ئەملاولای خۆمان بێ مەرافە بچێتە سەر. مەردوم فرەن، ساواک خەفیەی فرەیەک دیرت. ئازا دەولەت زانت و دەست ئەخاتە بانیان. ئەڕا مناڵیەل تو شار گەورە خاسە وەک دڵوپ ئاو وەناو گۆما گوم ئەون.

مەسەلەن کورە؟

– نیەزانم. شائەباد، کرماشان، سەختە یام خود تاران یەکێک وەیانە.

– من کرماشان وەفکرما بی. شار گەورەیەکە. یەک دووکەس ناسم مەرد مەردانەن. شەوسو خەوەر ئەڕایان کل کەم.. فکر نیەکەم شان خاڵی کەن.

– کار عاقلانەیکە. بەقیە فەقەت دو نەفەریان مڵاڵ دیرن ئەوانیش وەیراوە فرە دوورن.

– ئەسەدولا چی؟

– ژن من نەیرت. ئیشی بکوشمەی؟

– ئا بکوشەی. وەلی بیلە با مڵاڵیەل دوور خەینەو ئەو وەخت.

– نەبایەت فرسەت وەهیچ کەس بدەیمن، هەرکی گومان لەلی دیریم

بایەت بکوشیمنەی تا هیچ کەس زات خیانەت کردن وەلمانا نەکات. نەبایەت وەئاسانی با کلاو سەرمان بفرنت.

– ئەسەد کوشیایە، کوشیایە. تا دووسێ ڕۆژتر هەناسە کیشت. وە دەست خۆم کوشمەی. تا من دیریت غەم نەیریت. وەک کارە کورپە سەری ورم.

– ئیشم دامەزراندن منالیەل تو جوربێ.. با منیش سەوری و منالیەلم بنیرمە لایان.

– هالا منالیەل تۆ. جای فرە خاسە دێرن. ئەگەر پوریا. ئەوانیش کل کەیمنە کرماشان!

دەرویشێک پیادە بەتوڵە ڕێگەکەدا ڕووبەڕوویان هات. کە نزیک بوویەوە لەگەڵ ڕەحمانا یەکتریان ناسی.. ئەوکە ڕووی تێکرد و وتی: ها دەروێش!

– دەروێش سەرێکی بادا و لە پڕ نەڕاندی:

– مەدەد! مەدەد یا غەوزی گەیلانی! بۆ هەرکوێ بڕۆم ئاسمان یەک ڕەنگە، تەواوی دونیا مولکی منە. ئەوکە قاقا پێکەنی و بەدەم پێکەنینەوە وتی:

– ئا، ئا ڕاست کەیت. باوکت لە هین دایکت بخوا ئەرا ئەقڵت. خەریەت سەفا دیرت. بچو بچو تا شەنگێک نەکردمەسە قوربانت. دەروێش هەروا سەرسام ڕاوەستا بوو. ئەوکە دای لە میلی کلاشینکۆف. دەروێش کەوای لێ بوویە باڵ وا بۆی دەرچوو، تانجی پیا ڕا نەدەگەیشت.

گەیشتبوونە دامێنی دێ. چەند سەگ بەوەڕینەوە هاتنە پێشوازییانەوە.

## ٤٢

پەنجەی نا بەزەنگی لا دەرگای ئەپارتمانەکەی یاسیدا دەنگی زەنگ لەناو ئەپارتمانا لوولی خوارد و دەنگی دایەوە. زۆری نەکێشا دەرگا کرایەوە. یاسی فەلامەرزی لەناو دەرگادا وەدی کرد. هەردووکیان تێـڕامان ورد وردی یەک نواڕییانە یەکترا. بێ دەنگ هەروا ڕاوەستابوون. پشیلەکی سپی کوڵکن خۆی دەهەسوێ پاوپلی یاسەمینا. یاسی بێ ئەوەی دەرگا داخا پشتی هەڵکرد و گەڕایەوە ناو هۆڵ و لەسەر تاکە کورسییەک دانیشت. فەلامەرز دوودڵانە هەروا لە ناوەڕاستی دەرگادا ڕاوەستابوو. یاسەمین کراسێکی تەنکی ناوماڵی باینجانی لەبەردا بوو، پای لەسەر پا دانابوو. سۆلەکەی پای بەنووکی پایەوە دەلەرزی. فەلامەرزیش هاتە ماڵەوە و بەرانبەر یاسەمین لێی دانیشت. بێ هیچ گفتوگۆیەک مڕیان لەیەکتر بردبوویەوە. هەریەکەیان لە بیرورِا و ئەندێشەی جۆراوجۆردا دەخولانەوە. فەلامەرز گرێی کراواتەکەی کردەوە و پای لەسەر پا دانا و هەروا دەینواڕییە یاسەمینا. لە دڵا وتی: ئەم ئافرەتە بۆ پێیوایە ئاسمان دڕنی داوە و ئەوی لێ کەوتۆتە خوارەوە.

یاسەمین وتی:

– چیت وت؟

– ورتم لەدەم نەهاتوەتە دەرێ.

دیسان بێدەنگی کەوتەوە نێوانەوە. یەک و دوو سێ و چوار و پێنج

چرکە.. بێدەنگی.. یاسەمین هەروا دەینوارِییە فەلامەرزدا و سۆلی بەنووکی پەنجەوە دیسانەوە هێنایەوە لەرزین و لەدڵا وتی : ئەم کابرا چەندە مەغرووری دەسەلاتی دەوڵەمەندی و چینە پڕوپوچەکەیەتی؛ چ گومڕا و بێ مەعنا. پێی وایە ئەم خەڵکە مەڕ و کاوڕ و بزنن، خوا دروستیان کردووە بۆ دۆشین و سەربڕین. سەیری کە چەند بێشەرمە؟

فەلامەرز هەڵسا و چاکەتەکەی داکەند و وتی:

– چیت وت؟

– چیم وت؟

– ئا چیت وت؟

– وتم تا بڵێی بێ تام و شایانی بەزەییت و نامەردیشی.

– سوپاست دەکەم.. هەستە برۆ تۆزێ خوێم بۆ بهێنە با فریای خۆم کەوم..

– شایانی نییە ئاغای ئەمیرزادەی دەرباری. تەواوی خوێی سارای "کەویر" ناگاتە فریاتا. ئێوە ئەوەندە خۆبەزل زان و پڕوپووچن بۆ هەلاماتێک خۆتان دەگەیەننە لوندەرە و پاریس، وەک وا بێت تەواوی خەڵک و خوای ئەم وڵاتە، خوا دروستیانی کردووە بۆ مردن و گرتن و سەرتیابردن.

– هەم بەزمەکەیە؟ تۆ بۆ ناتوانیت خۆت لەو گرێیە دەروونییە ڕزگار کەی؟ ئەم هەست بەکەمایەتییە خراوی بەسەرهێناوی. پێم ناڵێی چیت کەمە؟ خۆ دەست بۆ هەرچی دەبەیت هەتە؟

یاسەمین وەک فیشەکە شێتە دەرپەڕی و بەقیژەوە هاتە بەرانبەر فەلامەرز:

– نامەرد! یەک مانگی ڕەبەقە لە پاریسدا ڕادەبوێری و "گێزماغ"

دەکەی تازە وا وەڵامم دەدەیتەوە؟ ئیتر خۆی پێڕانەگیرا و قیژەکانی بوو بەگریان. بەدەم گریانەوە دەیوت:

تۆ دەزانی من چیم بەسەر هاتووە؟ دە ڕۆژی ڕێک تاک و تەنها بەسەر تەختی نەخۆشخانەوە بووم نەمدەتوانی بەخزمێک یا بەدۆستێک ڕاگەیەنم سەرێکم لێ بدەن، ئاغایش یەشتا داواکارە. ئیتر خۆی پێڕانەگیرا و لەسەر زەوی دانیشت هۆن هۆن ئاو بەچاویا دەهاتە خوارەوە و بەکوڵ دەگریا.

فەلامەرز لەسەرخۆ دەستی خستە سەر سەر و زوڵفی و ئارام ئارام دەستی بەسەریا هێنا.

هەردوو دەستی دا بەبندەستی و پەلەکێشی کردە سەر مۆبیلەکەدا و سەر و زوڵفی چەسپاندە سنگییەوە. یاسەمین کوڵی دانەدەمرکایەوە، فەلامەرز وەک منداڵێکی کۆرپە ژیرکاتەوە، نەرم نەرم دەیدا بەپشتیدا دەستەسڕی گیرفانی دەرهێنا و چاو و ڕوخساری سڕی و نەختێک سەری لە سنگی دوورخستەوە و لەسەرخۆ هەر ئەوەندە یاسەمین بیستی وتی:

– ئەی خوا! نەرمە ماچێکی لە لێوانی فڕاند. یاسەمین سەری چەرخاندە لاوە. فەلامەرز بەدوو دەستی سەری وەرچەرخاندە لای خۆیەوە و بەرانبەر ڕووی خۆی ڕایگرت و وتی:

– بنوارە چاوانما، دەی.

یاسەمین چاوی هەڵنەدەهێنایەوە. چاوی تەڕی گریان بوو.

– دەی. دەدەی بنوارە گلێنەکانما. بزانە لە ڕوخساری تۆ زیاتر شتێکی تری تیا دەبینی؟

– لابە نامەرد!

- من نامەردم؟

- ئەی بۆ بەجێت هێڵام؟ بەجێت نەهێڵام؟

- با، ناچارت کردم تا وا بکەم. هەر دەبوا وام بکردبا.

- باوکت چۆنە؟

- هەلامەتیەتی.

- گاڵتەم پێ مەکە.

- بۆ خۆت نەتوت بۆ هەلامەتێک خۆتان دەگەیەننە لوندەرە و پاریس؟

- ئەوە تووڕە بووم.

- باوکم تەواو بووە. بەپێی قسەی دوکتۆرەکان هەردوو مانگی تر دەژی، شێرپەنجە لە زوربەی لەشیدا بڵاوبووەتەوە، بۆیە ئەوەندە مامەوە.

- کورە مەڵێ. وەڵا خۆ حەیف! ئەمیر پیرێکی وا نییە یەشتا زۆری بەدەمەوە بوو. یاسەمین دەمی خستە نێو دەمی فەلامەرز و وتی:

- بمبوورە ئەو قسانەم کرد، دەبێ دایکت زۆری بۆ بەپەرۆش بێت، وا نا؟

- با، بەڵام خۆی داوەتە دەستی تەقدیر و ڕێکەوت. زیندەگی ئەمەیە.

- دەنگ و باسی ئەفشینی برات چییە هەروا خولیای بە خۆشۆردنەوە ماوە؟

- خەریکی خۆی هەیە؛ بەڵام نەک وەک جاران.

- کەی هاتیتەوە؟

- دوێنێ زانیویەتی.

- لی لی زانیویەتی؟

– دەیزانی دێمەوە. نازانێ هاتوومەتەوە.

یاسەمین نەختێک خۆی دوور خستەوە و بەتووڕەبوونەوە وتی:

– ئەی تەلیفۆنت بۆ من بۆ نەدەکرد؟

– یەک دووجار تەلیفۆنم بۆ کردی هەلاوەکانتم دەبیست و دامدەخست.

– چەند بێ مەعریفەت و نامەرد، لەگەڵ لی لی خانمتاچی؟ بێ شک داستانی ڕۆمیە و ژولێت لە چاوتانا شەڕی سەد ساڵەی ڕووس و ئێران بووە، نا؟

– ناچاربووم تەلیفۆنی بۆ بکەم تا هەواڵی کاروباری پڕۆژەکە بزانم.. ژمارەی تەلیفۆنەکەی وەرگرتم.

– یانی دەتەوێ بڵێی ئەو تەلیفۆنی دەکرد نەک تۆ؟

– باوەڕ بکە، ئەو دەیکرد.

– لە تەلیفۆنا چی دەوت، باسی پڕۆژەی دەکرد یا دووری و دڵداری؟

– هەردووکیان.

– درۆزن دوژمنی خوایە. ئەگەر باسی پڕۆژەی بەدەما هاتبێت؟ یاسەمین دووبارە تەکی داوە لای فەلامەرزەوە و خۆی پێوە چەسپاند و وتی:

– دەیوت چی؟ ئا.. بۆم بگێڕەوە دەیوت چی؟

فەلامەرز پەنجەی شایەتمانی خستە سەر لێوانی یاسەمین و وتی:

– دەیوت بەقوربانی ئەو لێوانەت بم. پەنجەی لەسەر دەم و لێوی یاسی هەڵگرت و نەرم نەرم پەنجەکانی ئالاندە بن گوێی و گەردنی یاسیدا و لەسەرخۆ دەیوت:

دەیوت بەقوربانی سەروگەردنت بم. دووریت کوشتوومی. شەوڕۆژ و

ئان و سەعات لەیادمای. لە خەویشا.

دەست و پەنجەی فەلامەرز لە کاردابوو لە جێگەیەکدا ڕانەدەوەستا، مەمکەکانی یاسی پڕی دەستی بووبوو. یاسەمین بەرەو خوماری دەچوو. دانە سپییەکانی لە تۆی دوولێوی هەڵئاوساوا دەبینرا. ڕیتم و تەرازووی هەناسەی تێک چووبوو. لەپڕ هەستا و خۆی خستە باوشی فەلامەرزەوە؛ بەسەر هەردوو ڕانی فەلامەرزەوە دانیشت و دوو پای خستە ئەملاولای لەشیەوە و دەمی خستە نێو دەمیەوە بەهەردوو دەستی توند و خێرا کراسە ناوماڵەکەی داماڵاند و بێ مەمکدان بەشۆرتێکەوە مایەوە، بێ ئەوەی دەمیان لەیەک دوورخەنەوە. فەلامەرزیش بەدوگمە کردنەوە خەریک بووبوو باسی عەجوولانە هاتە هانایەوە؛ پشتوێنی پانتۆڵی فەلامەرزی لە بەرەزوانە تەرازاند. هەروا ئالابوون بەیەکدا فەلامەرز بەهەردوو دەست یاسی هەڵگرت و یاسەمین هەردووپای لە پشتی فەلامەرزدا گرێدا و پانتۆڵ کەوتە سەرپاوپلی فەلامەرزدا. بەپا کەوشی لە پێ دەرهێناو هەڵەپەلە پاوپلی لە بازنەی کۆمەڵکراوی پانتۆڵ قورتار کرد و یاسەمین هەروا بەباوشیەوە دەم و لێویان تێکەڵ و هەناسەیان سوار و نەرمە نوکەیان دەبیسرا. هەردوویان تەنها شۆرتەکانیان پێوە مابوویەوە. فەلامەرز پەنجەی لە شۆرت گیرکرد و ئەویشی داماڵاند و هەروا لە زەویدا بەسەر کەوش و پانتۆڵەوە تێکەلاو بوون. زۆری نەخایان شان بەشان بەسەر مۆکێتەوە عەرەق کردو و ڕووت و قووت ڕاکشابوون. هەردووکیان چاویان بڕیبوویە بنمێچی ژوورەکە.

- زۆرم بیر دەکردی.

- من زۆرتر.

– باوەڕ بکەم؟

– تا ئێستا درۆم لەگەڵ کردووی؟

– تا ئێستا نا بەڵام وا خەریکە فێر دەبی.

– کەمێ ویژدان.

یاسەمین وەرچەرخایە سەر لەشی ڕووتی فەلامەرزدا و کەرئاسا سواری سکی بوو فەلامەرزیش لەژێر هەردوو بنباڵییەوە گرتی و ڕایکێشایە سەرخۆیدا و دەمی لەنێو دەمی خست. سەر و زوڵفی یاسەمین تەواوی ڕوخساری فەلامەرزی داپۆشی.

– تەواوی ژنانی دونیا بەلایەک تۆیش بەلایەک. نازانم بۆ تێرت لێ ناخۆم.. وەک هەناسە دان.

– جارێک تۆمەتم پیا مەکە. لە تۆ زیاتر کێ دەزانێ من ژنم؟

– خوا.

– لە خوا و تۆ بەولاوە کەس نازانێت، بیشزانرێت بایی فلسێکە بۆم..

– دیسانەوە تووشی کێشەمان مەکە. دکتۆر لەولەبی بۆ داناوی یاکۆلاژ دەخۆی؟

– بۆ مەبادا هەردووکیان.

– گاڵتە مەکە.

– باوەڕ ناکەم دووبارە بێ بەرنامە تووشی دەردەسەری وا ببیتەوە.

– لەوە گەڕێ، نەتوت دەنگ وباسی برادەران چۆنە. خۆ هیچ ڕووی نەداوە؟

– تا ئێستا نا؛ بەڵام برێک لە گرووپێکی دی چەکیان هەڵگرتووە و لە

ناوچەی "سـیاهکـەل"دا کۆمـەڵیـان کـردووە؛ دەیانەوێ جـووڵانەوەیەکی چەکدارانە دەست پێ بکەن.

– دیارە لە گـوێی گـادا نوسـتـوون. جـارێک کـەی کـاتـی ئەوە هـاتووە؟ لەوە دەڕوا باشیان هەڵنەسەنگاندبێت. لەم کات و زەمانەدا زۆری ماوە بتوانرێت چەک بەرانبەر دام و دەزگـای شـا و ساواک هـەڵگیـرێت، ئەوە دەزانـی؟

– بێ گـــومـــان ئەوەیان لەیـەک داوەتەوە، بۆیە داویـانەتـە نێـــو ئـەو جەنگەڵە.

– برادەرانی لای خۆمان یەشتا سوورن لەسەر فڕاندنی وەلی عەهد؟

– وابزانم هـیچ جـــۆرە گـــۆڕانکـارییــەک لە بەرنامـــەکـــەدا نەبێت، هەرنەبێت تا ئێستا.

– دیارە چ برادەرانی لای خۆمان و چ گروپەکانی تر بەباشی توانا و دەسـەڵاتی شـا و دەزگـاکانی هـەڵناسـەنگێنن، تـا بەم جۆرە بجـووڵێنەوە، ئێران نە کوبایە و نە ئەمەریکای لاتین.

– بەڕای تۆ چۆن بجووڵێینەوە چاکترە؟

فـەلامـەرز هـەسـتـا و بـەخـۆکـۆکـردنەوە خـەریک بوو، یاسـەمین هـەروا ڕووت و قووت ڕاکشابوو.

فەلامەرز بەدەم پشتوێن جەڕاندنەوە وتی:

– سەرچۆکەکانم دەکزێتەوە.

– یاسەمین یەک دووجار دەستی بەزەویدا دا و وتی:

– هی ئەم مۆکێتـەیە؛ منیش دوو گۆپکەی دوام و پشـتم دەکزێتـەوە. قورسی تۆیش سەرباقی. لەپڕ ڕاپەڕی و هەستایە سەرپا و وتی:

– قاوە دەخۆی؟

– زەهریشم بۆ بێنی دەیخۆم.

– حەرامزادەی درۆزن یەک مانگی ڕەبەقە لەو بناری ئەوروپایەدا خۆی مەڵاس داوە و تەنها تەلیفۆنێکی بۆ نەکردووم. سەیر لەوەدایە دەیەوێ باوەڕیشی پێ بکەم.. ئا.. ئا دەیکەم.

یاسەمین شۆرتی لەپا کردبوو.. هەروا بەڕووتی خۆی گەیاندە ئاشپەزخانە و کتری ئاوی خستە سەر گڕ و فەلامەرز لە نێوان دەرگای ئاشپەزخانەدا سەلیبەوار ڕاوەستابوو. یاسەمین ویستی لە ژێر باڵییەوە بگوزەری دەستی گرت و وشاردیە خۆیەوە و دەمی لە نێو دەمی نا و دووبارە شۆرتەکەی تەرازاند و پەلەکێشی ژووری خەوەکەی کرد.

## ٤٣

– هالاّ فکرت ڕاحەت بییە، نەویە؟

– با کەمەکی بارم سووک بییە؛ مەلاّلّیەلم جای گەرم و نەرمی دیرن. کرماشان شار گەورەیەکە. ساواک ماواک نیەکەفیتە فکر یە ژن و سێ چوار مەلاّل قەدو نیم قەدەو، مەگەر نا؟

– چە عەرزکەم؛ وەنەزەرم ئەگەر یە ڕێن بخەیتە ناو کرماشان چمانە ڕێکی خستبتەتە ناو گوم ئاوی. ئەڕا خۆی بەحریکە، تەنها ترسی دیرم خاین ماینە.

– یانی مەنزورت ئەسەدە؟

– ئەوە نەو مەلا حیلمی هشدار داوە پیمان مەگەر لەیادت چوە؟ کەسی تر شک وەیت وە ئەسەد وەولاوە؟

– یانی ئیشی دەست وەکاروین.

– ئیشم شەوسو بچیمنە ڕاو وەو کۆ کەمەرەوە کاری تەواو کەین و باینەو. خاسترە کەستر وەلمانا نەیەت. قەول بدەی من بکوشمەی ئەسەد بەش منە.

– باشە چیمن و قەینا تو بکوشەی.

خەڵکی دێ بۆنیان کردبوو ئەوکە و ڕەحمان تەنگەتاو کراون و ئیدی دژوارە لەم ناوەدا بمێننەوە. چەند کەسێک درکاندبووی دەوڵەتی ئێران مەلا حیلمی ناچار کردووە تا لەم ناوچە دووریان خاتەوە. چاوساقی ساواک هاتبووە میوانی کوێخا مەحمو ڕایگەیاندبوو ئەوکە و

چەتەکانی داڵدەدان، یانی دوژمنایەتی لەگەڵ دەوڵەتی شاهەنشاهی ئێرانا؛ ئاوا دوژمنایەتییەکیش یاری بەئاگر کردنە. دەسەڵاتی شاهەنشاهییش وەک وەبا وایە، سنوور و منوور ناناسێت. ئێوەش سنوورنشینن.

کوێخایش وەک مەلا حیلمی تێدەفکرا بەتایبەت کاتێک هەڕەشەکانی عەزیز هوشیاری پێڕاگەینرا.

دایان لە دەرگای ماڵی ئەوکە. چەک بەدەست ڕۆیشتە بەر دەرگا. کوێخا لە دەمی دەرگادا ڕاوەستابوو. فەرموو بفەرمای دەست پیەکردبوو. کوێخا هاتبوە ماڵەوە. ئەوکە دەیزانی هاتنەکەی کوێخا ئاسایی نییە، دانی بەسەر جەرگیدا ناو هیچی نەوت. کوێخا بەدەم چای خواردنەوە وتی:

– ئێوە لەیرا نەبوون، دوێنێ عەزیز هوشیار هاتبووە میوانیمان، هەڕەشەی لێ کردم کە مانەوەی ئێوە و پەنادانتان یانی دووچاری چاوەقوڵە بوون. داوای ئەوەی لێ کردم وەدەرتان نەین و جێگەتان لێ بشەڵەقیەنین، نەچوومە ژێر.

– کوێخا! یە نارەحەتی نیەتوات. تاوە ئەمڕو پەنامان دایتە، خەیلی مەمنوون. ئیرنگە تەواو. ئیمە نیەتواین وەبونەی ئیمەو دەردەسەر ئەرا ئیوەو ئەی ئاواییە دروست کەین. قەوڵ وەپیت دەم عومر درێژ ئیمە وەی ناوە یە هەفتەس و بەس. ئی ئەزیز هوشیار نامەردە، وەی ڕۆژگارە فرە دەست درازی کەت؛ نە خۆی ناست و نە ئیمە. تا وەهال وەخاتر خویشاوەندی شێخ ڕەسوول بانزەردە مراعاتی کردمەو دەنگ وەلیا نەکردیمە. وە ئەلی ئەی گلە خەلاسی نەیرت. ئەگەر هەفت باڵ دەربارت هەر هەفتی شکنم. کوێخا چای بەدەستەوەبوو قومێکی لێدا و وتی:

– سوێن بێت بەهەرچی مەردانەگیـیە هەڕەشەی ساواک و ژاندارمیەلی دەوڵەتی ئێران بەفلسێک ناسیەنم. ئەوی لام ئاشکەرا بووە مەلا حیلمییش ناتوانێت داواکانی دەوڵەتی ئێران ئەنجام نەدا. ڕەنگە بۆ خۆیشی لەم ڕووەوە لەگەڵتانا دوا بێت، دوا؟

– ئا، تەواو کار بار ئەرامان تەوزیح دایە. بی خەیاڵ کویخا. ئیمەش خودای دیریم؛ تا چەو گرِدەی، زەوی خودا هاوە وەر دەستمانا فکر نیەکەم هەڕەشەی عەزیر وشیار نامی چەکەرە بخاتە دڵمانەو. ئیمە گورگ باران دیدەیمن.

– باشە دەتەوێ چی بکەیت؟

– یە فکری کەیمن.

– تا لەم دێ دای دەست لە دەستەو دایەرەی دەوڵەتی ئێران مەوەشێنە. ئەگەر تێکەڵی جاشەکانتان نەکەن و نەتان نێرنە شەڕی کورد، بڕۆنە ناو عێراقەوە باشترە. یەک دوو ساڵێک خۆتانی لێ گوم کەن تا بزانین خوا چی دەکا.

– ئەوە کار بێ دەردەسەرێکە؛ وەلی کوێخا ئەپوڕت من ئەی کێو داڵەهوی نازدارە وڵکەم و بچمە ئەو عەربسانە. وەیادگار هەر گرِەو سەمون کوشتەم، یە ڕوژ کەلەشیری هەزارو زندەگی مامری تێرت.

کوێخا هەڵسا بچێت، ڕەحمان هاتە ژوورا. لەسەرخۆ یەک دووچار دای بەسەر سنگی ڕەحمانا و وتی:

– ڕەکە درەنگ هاتی

– مەگەر کار خراوی قەومیایە؟

– بۆ لات وایە هەر دەبێت خراو بقەومێت؟

–ـ قوروان مەلا حیلمی جواومان کرد و وەت بچنە ڕیتانە و ئەی

ڕۆژانە وا پەیداس نەهاتمانە.

– گوێی مەدەرێ، کار نییە خوا چاکی نەکا؟

ئەوکە و ڕەحمان تا بەر دەرگا لەگەڵ کوێخادا ڕۆیشتن.

لە گەڕانەوەدا ئەوکە وتی:

– شەوسو چیمنە شکار.

– ئەسەدولاش وەل خۆمانا ئەوەین؟

– ئا، بەیمن. وەلی چیمنە بانزەردە.

– بانزەردە؟

– ئا بانزەردە. ئەزیز وشیار وەماڵ شێخ ڕەسوول نا شێخ ئاسمان وت، کوشمەی. تا وەی ناوە چەو سازمان ئەمینەت ئێران کورکەمەو، یا زندە زندە گرمەی.

ڕەحمان دیسان سەری هاتەوە لەرزین. وشەی "گرمەی" لە بیر و ئەندێشەیدا دەنگی دایەوە. گرتنی کابرایەکی وەک عەزیز هوشیار یانی ناسینی تەواوی دەست و پاکانی ساواک لە تەواوی سنووری ڕۆژئاوای ئوستانی کرماشانا. بۆیە وتی:

– گرتن عەزیز وشیار مرافەی گەورە ئەڕامان دروست کەت.

– یانی ئیشی دەست وەردار وم؟

– وا نەوتمە. ئیشم ئەگەر باتو زندە زندە بیگرین، شەوسو تەواو پیاوماقول ئەی نەوار مەرزە وە تایفەشەو تینە لامان هەتاوەکو خود مەلا حیلمی. ئاخر کار مەرەخەسی کەیمن. ئیشم کوشتینی هەزاری خەیرەو دوو بەرەکەت.

ئەوکە نەختێک بێ دەنگ هەنگاوی نا و بۆیە وتی:

– ڕاس کەیت یەهو کوشتنی خاسترە.

– کەی چیمن؟

– شەوسو.

کوێخا تازە پەیوەندی لەگەڵ دەستگای ساواکدا پەیدا کردبوو، هەر لە ماڵی ئەوکە وەدەر هات کەوتە گێژاوی بیرکردنەوە. ئا! دەم و کاوێژی ئەوکە بۆنی هەڕەشەی لێ دەهات. ئەگەر بێتو لەم بندەسەدا چاوساقێکی ساواک بکوژێت بۆم پاساو نادرێتەوە. چاک وایە عەزیز هوشیار ئاگادارکەمەوە جارێک لەم ناوچەیە دوور کەوێتەوە. بڕیاریدا سبەی بنێرێتە لای.

– ئەوکە و ڕەحمان بەنیوەشەودا کەوتنە ڕێ بەرەو بەردەڕەش تا ئەسەدولای گومان لێکراوی بێ تاوانیش لەگەڵ خۆدا ببەن.

دێی بانزەردە شێخە دێیەکی سەر بەئێران و لە ناو خاکی ئێرانا بەتەنیشت سنووری عێراقەوە بوو. وەک هەر دێیەکی سنوورنیشین خەڵکەکەی بەئەمبەر و ئەوبەر کردنی دوولا خەریکی قاچاخچییەتی بوون.

ئەوکە لە پێشەوە بوو. لغاوی ئەسپەکەی ڕاکێشا. ئەسپەی یەرغەکەی کەم کردەوە. لای کردە لای ڕەحمان و ئەسەدەوە و وتی:

– تا تاریک نەیات وە بانزەردە نزیک نیەکەفیمنەو. وەنەزەرم ئەی ئەزیز وشیارە مورەتەب یەک چریک "M1" وەشان هاوەگەردی. بایەت فرسەت وەپیان نەدەیمن.

– ئەگەر مەردوم فرەیی وە دەوری جەمع بوت چە؟

– ئەو وەخت فکر تری کەیمن.

ئەسەدوڵڵا هاتە نێوان قسەکانیانەوە:

– ئەگەر ئیشن من چمە ناو، تەواویان تیرمە دەشتەو.

ئەوکە بێ ئەوەی لا بەلایەوەکا وتی:

– بیله بابرِەسیم، ئەو وەخت کارت زانی.

خۆر بەرەو ئاوابوون دەرۆیشت. زستان شکابوو کزە بای چیای داڵەهو و چیای گارِی لەشی دەتەزاند. هەڵمی برناخی ئەسپەکان لە پیشکە کردنا تەنورەی دەکرد. یەشتا تاریک دانەهاتبوو لە دووری دێوە لە نێو پێچ و هەڵەتدا چوونە "مەکۆ"وە. ئەسپەکانیان بەستەوە. ترووسکەی ئاگر و چرای دێی بانزەردە لە تاریکی شەودا دەبینرا.

ئەوکە پشتی دابووە گابەردێکەوە، پای ڕاکێشابوو دەینوارِییە چراکانی دێدا لەسەر خۆی وتی:

– دو فکر وەناو سەرما لول خوەت... دەستی بەلای ڕەحمانا بەرزکردەوە و هاتەوە قسە:

– ئەگەر یەهو بچیمنە ناو دیوەخان و دەست ڕێژ دەست پیکەین مەردوم بێ گوناح فرەیی کوشیەت؛ ئەو وەخت وتە مایەی بەدناویمان وەلی ئەگەر بچیمنە ناو تەکیە تەواوی دانیشتوانی ڕەشبگیرکەین مومیکنە یەکی دەست بکاتەوە، شایەت کەس ئەو فرسەتە وە دەست نەیرت. وەنەزەرم بچیمنە ناو تەکیەوە بێ دەردە سەر وت. ڕەحمان لە ئێوارەوە سەری هاتبووە لەرزین، ترسێکی خراوی لێ نیشتبوو. لەوەی دەترسا عەزیز هوشیار فریای قسەکردن کەوێ و دەستی ڕۆکاو ئەو دەم کار لە کار دەتەرازێ و هەرچی ڕێساوە شی دەکرێتەوە. یەک دووجار سەری بەلای چەپ و ڕاستدا چەرخاند وەک بیەوێ گەردنی بتەقیەنێت و لەبەردەم ئەوکەدا چنچکەی کرد و هاتە قسە:

– ئێمە مەگەر مەغز خەر خواردیمنە؟ مەقاش هاوە دەستمانەو ئەڕا دەست بەخەینمە ناو ئاگر، کی کوشیەت؟ یەک دووبرا سەگ، بیلە بکوشیەت. چەرخ چەمەر وت؟ ئیشم چیمنە ناو یەهو دەست وەکار

ویمن و تەواو، من چمە ناو. بایەت خاس یە دەرک کەیمن ئەی براسەگە عەزیز وشیار نامە گردنە یەک دونیا گرفتاری هاوە نواوە.

ئەوکە ئارام ئارام دەستی بەسەر سمێڵیدا دەهێنا لە پڕ هەستاو وتی:

– نەء. نە ئەو وە نە ئەوە تو ئیشی. تویەکی نیەچیتە ناو. چون تو ئەو براسەگە نیەناسیت.

– تو دیتەسەی؟

– نا، وەلی خەیلی تەعریفی ئەرام کردنە، چمانە هاوە بەرچاومەو من خۆم چمە ناو. تو وەل ئەسەدا موازب ون. کەس لە دەشتەو نەیەتە ناو.

– ئەگەر وەی جووره وت بایەت دەست وەکار وین. نەبایەت بکەفینە درەنگ.

– بێ خەیاڵ! تو وەڵ ئەسەدا ڕەشموی ئەسپەکان بوەسە یەکەو وەتەنەی ئەو درەختەو شەتەکی ببیە.

ئەوکە دای لە میلی کلاشینکۆف و خستییە سەرکار، چواردەخۆرەکەشی بردە بەرکار وتی: بچیمن.

ڕەحمان و ئەسەدیش فیشەکیان بردە بەر کار و بەرەو ناو دێ وەڕێ کەوتن. هەریەکە بەجۆرێک تێدەفکران. نێرەکەرێک لە ناو دێدا دەیزەڕاند، ئەستێرەکان کەوتبوونە جریوە جریوێکی لەرزۆکانە. ئەوکە ماڵ و تەکییەی شێخی دەناسی؛ چەندین جار چوبووە ماڵی شێخ. هەر کە گەیشتە کەوانەی دێ، بەمشکییەکەی سەروملی هەڵ پێکا. ڕەحمان و ئەسەدیش هەروایان کرد یەک دوو سەگ لەملاو لاوە دەوەڕین. یەک دوو کەس تاک و تەراک لە ناو دێدا دەهاتن و دەچوون. دووسێ کەس

بەرەو مزگەوتـی دێ دەڕۆیشتن. ئەوکە دەکۆشا لەگەڵ کەسدا ڕووبەڕوو نەبێتــەوە. دەرگـای مــاڵی شـێخ ئاواڵەبوو. چەند کـەسـێکی ناو دێ چووبوونـە لای عــەزیز هـوشـــیـــار تـا کـــاریـان بۆ هـەڵســـووڕێنێت. هەرسێکیان گەیشتنە دەمی حەساری ماڵی شێخ. دەرگـای حەساریان سپاردە ئەسەدوڵڵا تا هیـچ کەسێکی دی تـازە نەیەتە حەوشـەوە. ئەوکە لە پێـشــەوە، ڕەحــمــانیش بەدوایدا. کــابرایەک سـینی چـای دەبردە ژوورەوە لە دەرگای تەکیەدا لووتی تەقی بەلووتی ئەوکەدا ئەوکە پاڵێکی پێوەنا.. کابرا بەسـینی چایەوە کـەوتە ناوەڕاستی تەکـییـەوە. ئەوکـە هەرکە ڕۆیشتە ژوورەوە، نەڕاندی:

– بێ حــەرەکـەت. وە تەمــام ئیــمــامــیــەل! هەرکــەس جـوممـە بکات کوشمەی. کابرای چریک دەسـتی برد بۆ تفەنگەکەی. ئەوکە لە جێگەدا تەخـتـی کـرد. هەروا پاڵی بەدیوارەوە گـیـانی دەرچـوو. ڕوو بەعــەزیز هوشیار:

– نامــەرد ئەڕا باوکت کـوشـتـمــە توای تەواو دەر و دەروازە لـە لیم سـفت و سـەخت کـەیت؟ هـەر وای کـرد و مـشکی لە ڕوخـساری لابرد و وتی:

– مەگەر یەشتا ئەوکە شامار نیەناسیت؟

عـەزیز هـوشـیـار ڕەنگ لە ڕوویدا نەمـابوو. شـێخ ڕەسـووڵ هـەڵسـا و وتی:

– کاک ئەولکەریم وامان وت؟

– لەو نامـەرد ڕۆژگـارە بپرسـە. ئەرا ڕۆوەمن ئیشـی؟ ئەی جانەوەرە ڕۆژگـارە نان نامەردی چەش کـردیەو دەس وەردار نییـە. بایەت هـەرچی نامەرد ئەی ناوە هـەیە ئەدەب بکەم. ئەی جۆرە ئادەمیەلە من توپنمیان.

ئەوکە فرسەتی دی نەدا بە شیخ ڕەسوول پەنجەی پیاهێنا. ژوور پڕ بوو لە دووکەڵ و تۆز و هاوار و ئای ئای. ئەوکە یەشتا لە ناوەڕاستی تەکییەدا ڕاوەستا بوو، عەزیز هوشیار خەڵتانی خوێن بووبوو. شێخ ڕەسووڵ و کەسانی تری نێو تەکییە مێزەر کەوتبووە ملیان. ڕەحمان دەمی دەرگای گرتبوو کەس نەیدەتوانی بێ و بڕوا. ئەوکە پشت وەپشت گەڕایەوە لای دەرگا و بەڕەحمانی وت:

– بچیمن. لە دوورەوە وڕە وڕ دەبیسرا؛ سەگ هاتبوونە وەڕین ئەوکە و ڕەحمان بەپەلە لە حەوشی چوونە دەر. ئەسەدوڵڵا بەدوایاندا بەرەو مەکوی ئەسپەکانیان. زڵەو هەرا لە بانزەردەدا بەرزبوویەوە. ئەوکە و ڕەحمان و ئەسەد عەرەق بەلەشیاندا دەچۆڕا ئەوکە پاڵی بەتاشێکەوە دا و وتی:

– بیلە با نەفەسی تازە کەیمنەو. ڕەحمان و ئەسەدوڵڵایش هەناسەیان سوار بووبوو. ئەسپەکانیان هاتبوونە پڕمە پڕم. ئەسەد بەبێ تفەنگ ڕۆیشتە لایانەوە تا هەست بەئاشنایی بکەن، زۆری نەکێشا گەڕایەوە. لە لای ڕەحمانا چوارمشقی لێی دانیشت. ڕەحمان هەستاو وتی:

– چمە؟ وەئیوارەوە ئەیە دووجارە چمە سەراو. لێی داو ڕۆیشت. یەشتا سەگ وەڕی دێی بانزەردە کەم دەبیسرا. ئەسەد سەری داخستبوو. ڕەحمان گەڕایەوە بێ یەک و دوو لوولەی بڕنەوەکەی خستە سەر سنگی ئەسەد و پەنجەی پیاهێنا. ئەسەد لە ناباوەڕیدا بەڕوانینێکی پڕ لە پرسیارەوە گیانی دەرچوو. ئەوکە هەروا پاڵی دابوویەوە، جووڵەی نەکرد. ڕەحمان دووبارە فیشەکێکی تری بردە بەرکار و وتی:

– با یەکێکی تری پێوە نەم؟

ئەوکـە هـەروا پای ڕاکـێـشـابوو کـلاشـینکۆفـەکـەی بەتاشـەکـەوە سپاردبوو لە وەڵامیدا وتی:

– نیەتوات تەمام کردیە.

ڕەحـمـان لە ئەوکە نزیکتـر و نزیکتـر بوویەوە. ئەوکە باوەڕ بەخـۆیانە دەینوارِییـە تروسکەی چراو ئاگـری دێی بـانزەردەدا. ئەسـەدوڵڵا ملی شـۆڕ بووبـوویەوە سـەر سنگیـدا. ڕەحـمـان داردەسـتێکی مـابـوو بگاتە ئەوکە لـوولەی تفەنگی شـۆڕکردەوە سـەر سـنـگی ئەوکەدا و پەنجـەی پیا هێنا. ئـەوکە دەسـتی بۆ کـلاشـینکـۆفـەکـەی برد، کلاشـینکۆف کـەوتە زەوی. ڕەحـــمـــان نووکـــە پایەکی دا لـە کـــلاشـــینکۆف تـووڕی دایە دوورترەوە. ئەوکە کـەوتە سـەرشانی چەپیدا و دەست و پەنجـەی بەسـەر زامی سـەر سینەیەوە بوو. پچڕ پچڕ وتی:

– پەس ئەسـەدولای بیچـارە گوناهـی نەیاشت. تف وە مـەردانەگـیت نامەرد ڕۆژگار! وردە وردە کەوتە لەزرین و دەمی چەقییە نێو خۆڵەوە.

ڕەحـمـان دای لە چـەرخ و لە بەرانبـەر تەرمـی بێ گـیـانی ئەوکـەدا چنجکەی دا و سەری ئەوکەی چەرخاندە لاوە. خوێن لە دەمی ڕێچکەی بەستبوو.. هەروا بۆ ساتێک بەو شێوە نوارِییە تەرمی بێ گیانیدا.. لە پڕ بەخۆی وت:

– نامـەردت نەکەن؛ بچم درەنگە. کـەوتە پشکنینی گیـرفانی ئـەسـەد و ئەوکـە. سـەعـات و دەمـانچـە و دووربین و ئەوی لـە گـیـرفـانـیـاندا بوو وەدەری هێنا. ئـەسـپـەکـەی ئـەوکـەی لە ئەسپـەکـان کـردەوە، ڕەشـمـوی ڕاکـێـشـا بەرەو لای تـەرمـەکـەی ئەوکـە. کـە لە تـەرمـەکە نـزیک بوویەوە بۆنـێکی پـێـوە کـرد و یەک دووجـار پـیـشـکـانی. پیـشـکـەی دوایـنـی لە

گەردنیا خنکاو هاتە گوێ. بەدژوار لەشی ئەوکەی دا بەسەر پشتی ئەسپ دا و ڕەشموی کردەوە؛ توند توند تەرمەکەی جەڕاند. ئەسپەکە بۆنی ئەوکەی دەناسی. هەرواشی لە تەرمەکەی ئەسەد کرد و ڕەشمۆی ئەسپەکەی ئەسەدی بەستە زینی ئەسپەکەی خۆیەوەو ڕەشموی ئەسپەکەی ئەو کەشی یەدەک ڕاکێشاو کەوتە ڕێ ڕوو بەڕۆژهەڵات تا زووترو زووتر لە سنووری عێراق و بنکەی بەردەڕەش دوورکەوێتەوە. بەرەبەیان گەیشتە دامێنی چیای داڵەهو. تا پێی کرابا بەلا ڕێدا دەڕۆیشت سەرئەنجام خۆی گەیاندە دۆڵ و دەربەندی پاتاق. لە دوورەوە پاسگای پاتاق وەک هێلانەی داڵێکی لاش خۆر بەبوڵندییەکەوە دەبینرا. ڕەحمان بۆ تاوێک ڕاوەستا و کەوتەوە بیری ڕۆژانی دەست گیری خۆی و باوکی لە هەمان پاسگادا. لای کردە دواوە لەشی شۆڕبووەوەی ئەوکە و ئەسەدی دی، دەستیان لەگەڵ جووڵانەوەی ئەسپەکاندا هاتبوونە سەمایەکی نامەوزوونی تێکەڵاو ئاوزەنگی ژەندە ئەسپەکەیەوە، لەبەر خۆیەوە بەخۆی وت:

– بجووڵێ نامەرد! ڕەفیق کوش! لە نێو دار و دەوەنێکی چڕدا ئەسپەکانی بەستەوە. بۆ خۆیشی بەرەو ساختمانی پاسگا وەڕێ کەوت. ڕەحمان دەکۆشا لە دوورەوە بەدی نەکرێت. دار بەدار، بەرد بەبەرد لە پاسگا نزیک بوویەوە. لە پڕ سەری لە پانتای بەردەم پاسگادا وەدەرهێناو ژاندارمی پاسەوان هەروا تێی دەنواڕی. لە پڕ تێی خوڕی:

– لە جێگەی خۆتا نەجووڵێی! چەند ژاندارمێکی دی لە نێو ڕاڕەوی پاسگادا دەهاتن و دەچوون؛ تێخوڕینی ژاندارمی پاسەوان سرنجی ڕاکێشان و هاتنە دەرەوە .ژاندارمی پاسەوان چووبووە قەرەوڵەوە خوڕییە ڕەحمان:بێرە پێشەوە.

ڕەحمـان لە سـەرخۆ و ژمێـراو ڕۆیشـتـە پێشـەوە بەرەو كۆمـەڵگای ژاندارمـەكـان. ڕەحمـان لە ڕێگـەیەكی نائاسـاییـیەوە هـاتبووە پێشـەوە. ژاندارمەكان دەوریان دابوو. ڕەحمان وتی:

– تكایە بمبـەنە لای فـەرمـاندەی پاسگا تا كـارێكی گـرنگی پێ بڵـێم. یەكـێك لـە ژاندارمـەكـان كـەوتە پشكنینی ڕەحـمـان. دەست و قـۆڵ و ڕانكەكـەی ڕەحـمـان خـوێنی پێـوە وشك بووبـوویەوە، زۆری نەخـایاند ڕەحمانیان دا لەبەر بەرەو لای فەرماندە. هەر ڕۆیشتە ژوورەوە وتی:

من ڕەحـمـانم. لەسـەر فـەرمـانی سـاواك ئەوكـە شـامـار و یەكـێك لە هـاوڕێیەكانیم كوشتووە. تكایە هـەواڵ بگەیەننە سـاواك.

– فەرماندەی پاسگا بەتووڕەبوونەوە وتی:

– گووی زیاد مەخۆ كێ دەڵێت تۆ ڕاست دەكەی؟

– من دەڵێـم ڕاست دەكـەم، یانی ڕاست دەكـەم. وەرن لەگـەڵـم تا لەم نزیكانەدا دەستتان بخەمە سەر تەرمی هەردووكیان.

– دەترسم ئەمەش داوێك بێت لە داوەكانی ئەوكە.

– قـوربان داو و ماو لـە كاردا نییـە. ئەوكـە بەسـەر زەوییـەوە هەناسـە نادا.. ژاندارمـێكم لەگـەڵا دەنێـری، لەشـكرێكم دەخـەیتـە تـەك مـەیلی خۆتە. تەرمەكان هـەمووی دە دەقیـقە پێیان لە پاسگاوە دوورن. ئەوەسا لەو خوارەوە بەسەر پشتی ئەسپەوە شەتەكیانم داوە.

سەروان هەستا و وتی:

– سەركار وەحیدی!

– بەڵێ قوربان!

– دە پـانـزە ژاندارم ئـامــادەكــە با لـەگــەڵ ئەم نامــەردەدا بڕوات تا بزانین ڕاست دەكا یا داوە؟

## ٤٤

سەرئەنجام بڕیاردرا کۆشکی وەلیعەهد مۆدێرنکاری تیا بکرێت. سەرەتا شا بەجۆرێکی تر تێدەفکرا. تا شابانو توانی پێی بسەلمێنێت بۆ گەنجانی ئەم سەردەمە دیکۆراسیۆنی کلاسیک ناگونجێت لەگەڵ جووڵانەوە و هەڵسوکەوتیانا. لی لی پای چەپی لەسەر ڕاست دانابوو. چەپی دانا و ڕاستی خستە سەر. گۆپکەی سەرچۆکی پای چەپی تۆزەکێک سوور هەڵگەڕابوو. نینۆکەکانی پەنجەی پای وەستاکارانە بیدیکۆر کرابوو.

– بەم شێوە بێت، دەتوانین دەست بەکار بین.. هەر نەبێت لە ڕووی نەخشەکێشییەوە.

– دیکۆراسیۆنیش نەخشەکێشی دەوێ یا دەسێنرێت؟

– بڕێکی دەیەوێ و بڕێکی هەڵدەبژێرێ و لەم لاولا دەسێنرێت.

– باشە ئەوانەی بمانەوێ هەڵیبژێرین لەیرا بەچنگ دەکەون؟

– باوەڕ ناکەم. هەر دەبێت لە دەرەوە بیانهێنین. زۆرکاریش دەتوانین لەیرا بیسازێنین. من دارتاشی چاکم لەگەڵا کار دەکەن.

تا ئەو حەلە گفتوگۆ لە نێوان کامەران و لی لی دەسووڕا. فەلامەرز کپ و بڕێک بێدەنگ و کەمتەرخەم دەهاتە چاو. تاو تاو مژی لە قاوەکەی بەردەستی دەدا.

– تا بزانین بیر و ڕای موهەندس ئنتیزامی چی بێت؟

فەلامەرز فنجانی قاوەی دانا و لە نێو مۆبلیاکەدا نەختێک جووڵا و وتی:

– لەم ڕووەوە بیر و ڕا جۆراوجۆرە. دیکۆراسیۆن بۆ کۆشکێکی سەڵتەنەتی هەر دەبێ کلاسیک بێ و پەیوەندی وژدانی لەگەڵ ڕابوردوودا نەپچڕێنێت؛ بەڵام ئەم کۆشکە لەگەڵ کۆشکە سەڵتەنییەکانی دیدا جیاوازە.

سبەی دووسبەی وەلیعەهدی ئێرانی تیا دەژی، ئەویش وەلیعەهدێکی گەنج و ئەمڕۆیی کە تەواوی گفتار و کردار و ڕەفتاری گەنجانە دەبێت. بەڕای من هەڵبژاردنی دیکۆراسیۆنی مۆدێرن بۆ وەلیعەهدێکی گەنج شایستە و پەسەندتر بێت تا ڕەنگ و قەد و قەبارەی شێوە کلاسیکەکان.

– منیش هەروا تێدەفکرم. بڕێک لە شازادەکانی ئەوروپا و ئەملاولای دونیا ژیانی نێو کۆشکە سەلتەنەتییەکانیان بێزاندووە و پەنایان بردۆتە ئەپارتمانێک، چووزانم خانووبەرەیەکی سادە و دوور لە هەرا و بەزمی دەرباری و یەک و دووی دەربار. تا ئەوی من بیزانم شابانویش هەروا وەلیعەهد پەروەردە دەکات، ئەگەر بتوانێت؛ یانی ئەگەر ڕای شاهەنشای لەسەر بێت.

کامەران خان دە پەنجەی دەستی بەرانبەر سنگی بەیەکەوە چەسپاندبوو. ئەنگوستیلە ئەڵماسەکەی تیشکی گڵۆپەکە لێی دەدا دەبریسکایەوە. لە قەنەفەکەیدا تۆزێک چەرخا و شێوەی دەستیشی گۆڕی و وتی:

– من وا دەزانم شابانو ئەگەر بتوانێ دەکۆشێ زۆر کاروبار و دەم و چاو و ڕوخساریش لەسەر شانۆی لابا و کەسانێکی تری خوێن گەرم

و بەتواناتر بهێنێتە سەرکار. کامەران پەنجەی شایەتمانی بەرزکردەوە و وتی:

– ئەگەر بتوانی بەشاهەنشا بسەلمێنێت.

لی لی بزەیەک کەوتە سەر لێوی و وتی:

– ئەگەر بۆ وەزارەت هەڵتبژێرن، دەیکەی؟

کامەران تۆزێک ڕاوەستا. فەلامەرز چاوی بڕیبووە دەمی کامەران.

– من خۆم بەسەربازێکی گیانفیدای شاهەنشا دەزانم؛ بۆ من فەرامینی موتاعە.

– لام وایە هەتاوەکو شاهەنشاهیش هاتووەتە سەر ئەو باوەڕە ئەم وڵاتە نیازی بەگۆڕانکاری پەیدا کردبێت.

فەلامەرز خۆی بەدەست و پەنجەیەوە خەریک کردبوو.

– تەمەنی ئەم وڵاتە سێ چوار هەزار ساڵ زۆرترە، خاوەنی مێژووی تایبەت و فەرهەنگێکی وایە تەواوی بەشەرییەت سوودی لێ وەرگرتووە. میللەتە کۆنەکانی ئێران ئێرانی بوون و ئێستاش هەر ئێرانین. بێ پچڕان... فەلامەرز ویستی لە باسەکەیاندا بەشداری بکا. ئەگەرچی وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەزانی، بەچاکی زانی بپرسێت. سەری بەرزکردەوە و وتی:

– خانم ئەرجومەن دەتوانم بپرسم یانی چی بێ پچڕان؟

شێوەی پرسیارەکەی فەلامەرز بزەیەکی خستە سەر لێوانی کامەران و لە دڵا وتی:

– گیانی نەنکتان. بۆچی من بەگێل و کەر دادەنێن؟ بۆچی نازانم هەفتەی دووسێ جار پێکەوە دەخەون. کەر خۆتانن.

لی لی دیسانەوە پا لەسەر پا دانانی گۆڕی. ئەو هەر کاتێک بیویستبا لە مەسەلەیەک بدوێ، وەک خەڵکی سوودی لە دەست و پەنجەی نەدەبرد و ئازا پا لەسەر پا دانانی دەگۆڕی. نینۆکەکانی پای بیدیکۆر کراو، مانگی جارێک ڕەنگەکەی دەگۆڕی. لەگەڵ فەلامەرزدا لە ڕووی ڕەنگ ئامێزی نینۆکەکانی زۆر دوابوون. لی لی دەیوت: باوەڕ ناکەم بۆ لەمەولا ناچاری ڕەنگ کردنیان بم، بۆ نینۆکی دەست و پا شتی تازەبابەتی زۆر داهاتووە. شتێکە تا ئێستا دوودڵ بووم سوودیان لێ وەرگرم یا نەء.

- ئاغای موهەندس بۆ خۆت ئاگاداری قووڵی مێژووی ئێرانی و دەسەڵاتە جۆراوجۆرەکانی پێش ئیسلام و دوای ئیسلامیش. هەر دەسەڵاتێکی بێگانە لە ئێرانا پێک هاتبێت، ڕەفتار و هەناسە و تەواجودیان بووە بەئێرانی و وەک ئێرانییەک جووڵاونەتەوە. بنوارە میللەتی میسر، ئایا پاشماوەی فیرعەونەکانن؟ دوور لە دەمارگرژی عەرەبەکان هیچ بەڵگەیەکی وایان بەدەستەوە نییە ئەوە بسەلمێنێت.. یان گەلانی دۆڵی "میزوپۆتامیا" جگە لە میللەتی کورد کە هەزاران ساڵە لە وڵاتی خۆیانا ژیاون و پاشماوەی مادەکانن و ئارییایین، خەڵکی تری ئەو وڵاتە بچووکترین بەڵگە بەدەستەوە نییە تا بچنە سەر ئاشووری و ئەکەدی و سۆمەری دوابڕاو.. گەلی ئێرانیش لە هەزاران ساڵەوە لە جێگەیەکی ترەوە نەهاتوون یان جێبەجێ نەبوون و لە ئێرانا ژیاون، بۆیە دەڵێم بێ پچڕان. لی لی کەوتەوە بیری گۆڕینی لنگ لەسەر لنگ دانان. ئەمجارەیان تاریکی ناوگەڵی تۆزەکێک وەدەرکەوت و لێوی بەدەم تەڕ کرد و وتی:

- ئەمڕۆ دونیا گۆڕاوە. گۆڕانکارییەکەش جۆرێکە ئەگەر

فریانەکەوین زەوار تێپەڕیوە. شابانو لەم ڕووەوە زۆر لە بیردایە. ئەوسا لە نووسینگەکەیەوە دەستی پێکردووە، بۆ دەرمان یەکێک لە مارخۆرەکانی تیا وەدی ناکرێت.

موهەندس کامەران بەپێکەنینەوە وتی:

– مارخۆر؟

– ئا مارخۆر باشە؛ بڕێکیان بوون بەئەژدیها. فەلامەرز ئەم قسانەی لا تازە بوو لە پڕ وتی:

– ئەمە ڕای جەنابتە. یا ڕای عولیاحەزرەتە؟

– ڕای شابانووە. با وەک لەم ڕووانەوە ئارام و لەسەرخۆ دەجووڵێتەوە، مارخۆرەکان هەستیان بەمەترسی کردووە و ترسەکەشیان یەک دووجارێک هێناوەتە گوێی عولیاحەزرەتدا. بەڵام شاهەنشا تەنها سەری بۆ لەرزاندووەتەوە. بەهەرحاڵ جیاوازی نێوان دیکراسیۆنی کلاسیک و مۆدیرن کێشامانییە نێو باسێکەوە بۆخۆی باسێکی دوور و درێژە.

– پێم وایە عولیاحەزرەت ڕایەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ئێمە ناتوانین بێ ئەوەی بەعەرزی گەیەنین دەست بەکار بین. دەڵێم ئەگەر بکرێت با بەخزمەتی بگەین تا لە دواییدا تووشی هەڵە نەیەین.

– لێم گەڕێن با بەعەرزی گەیەنین. یەک دوو جاریش ئاماژەی بۆ موهەندس ئینتیزامی کردووە.

– یانی ئەفەرمووێت منیش لەگەڵ موهەندس کامەرانا دووبارە شەرەف یاب دەبم؟

لی لی هەستایە سەرپاو دوو لەپی بەیەکدا ماڵی وتی:

- تا بزانین چۆن دەبێ، یا...

کامەران و فەلامەرز بەرەو دەرگا وەڕێکەوتن لی لی لە پڕ لی لی وتی: ئاغای موهەندس ئینتیزامی! فەلامەرز گەڕایەوە. کامەران لایەکی کردە دواوە و ڕۆیشتە دەرەوە. فرەی نەخایاند فەلامەرزیش هاتە دەرەوە. سواری ماشین بوون.

- ژوانتان دانا؟

فەلامەرز بزەیەک گرتی و لای کردە لای پەنجەرەی لای خۆیەوە.

- بۆ وەڵام نادەیتەوە. تەواوی خێزانە ناسراوەکانی ناو تاران بەپەیوەندییەکەتان دەزانێ و بەرۆمیۆ و ژولێتی تاران ناو دەبرێن؛ کەچی ئەوەندە ڕوودارن لەلای منا بە"خانم و ئاغا" لەگەڵ یەکدا دەدوێن. برۆ نانێک بخۆ و نانێک بکە قوربانی سەری من. کێ تیکەیەک نازداری وای دەست دەکەوێ. کامەران مەچەکی چەپی لە چاویەوە نزیک کردەوە و وتی: وا سەعات یەکی نیوەڕۆیە، لە باوەڕی خۆم سوێند دەخۆم تا چوار سەعاتی دی وەک "عاشقەوماشقە" ئاڵاون بەیەکدا. دەبڵێ وا نییە؟

- ڕەنگە.

- پرسیارێکت لێ بکەم مەردانە وەڵامم دەدەیتەوە؟

- باوەڕ ناکەم درۆم لەگەڵتا کردبێت؟

- ئاخر پرسیارەکەم سەد لە سەد پۆ و پەیوەندی لەگەڵ خۆتایە.

- هەتاوەکو واش بێت.

- ئەوەندە لی لی تۆی خۆش دەوێ. تۆش وای بۆ ئەو؟

- باوەڕ بکە ئەگەر وەک ئەو وا نەبم، نزیکم کردووەتەوە، وەک ئەو وا بم؟

– ئەی دەزگیرانەکەت؟ وا بزانم ناوی یاسەمینە، وا نا؟

– با، ناوی یاسەمینە ئەویشم بەئەندازەیەکی زۆر خۆش دەوێ. مەگەر ناکرێت پیاوێک لەیەک کاتدا دوو ئافرەتی پێکەوە خۆش بوێ؟

– شیاوە و بووە و دەشبێت؛ بەڵام بەئاسانی ڕوو نادا. ئافرەت لە زۆر شتدا دەتوانن ببنە شەریک تەنها لە پیاوا نەبێت.

– ئەوە نییە تا چوار حەڵاڵە و شەریکیشن؟

– حەڵاڵە، حەڵاڵە. بەڵام ئاخ و دڵ و دەروونیان چی؟

– لە گۆبەنێکی گەورە و پڕ دەردەسەردام. ئا هەم. چارەم نییە داومەتە دەست ڕێکەوت و زەمان.

– لی لی بەیاسەمین دەزانێ؟

– ئا. یاسەمین بەو نازانێت.

– کەواتە چاوەڕوانی تۆفانی؟

– نەک تۆفان بەتەنها. گڕکان و فەرتەنەش لەگەڵیا.

– ئەی قوڕت بەسەر!

– هەر قوڕ یا سیانەشی تێکەڵ؟

٤٥

ژاندارمێک پای کوتا بەزەویدا و وتی:

– قوربان! سەرکار ئستیوار، کوێخا ڕەمەزان، سەی یاقو چەند کەسێکی دێی کانی تووی هێناوە.. سەروان سەری لەسەر نووسین بەرز کردەوە و وتی:

– با بێنە ژوورەوە.

سەرکار ئستیوار باقری هاتە ژوورەوە و سەلامی دا و کوێخا ڕەمەزان و سەی یاقوو چەند کەسێکی تریان بەدواوەوە بوو. سەرکار وتی:

– قوربان ئەمانە هەموویان دەڵێن ئێمە وەکو خۆمان ئەوکە شامار دەناسین.

– کوێخا ڕاست دەکا؟

– بەڵێ قوربان! نەک تەنها ئێمە، منداڵە وردکەی ناو کانی توویش هەر هەموویان ئەوکە شامار ببین دەیناسن. سەروان هەستایە سەرپا و لە پشتی مێزەکەی وەدەرهات و وتی:

– ڕەحمان. ڕەحمانی لای خۆتان منداڵی کانی تووی لای ئێوەیە مەگەر نا؟

– بەڵێ قوربان!

– ڕەحمان دوو جەنازەی هێناوە، دەڵێت یەکێکیان "ئەوکە شامارە". ئێوە ئەگەر جەنازەکەی ببین دەیناسن؟ کوێخا زەردەخەنەیەکی

شاراوە کەوتە سەرلێوانی لە دڵا وتی:

– خـوا کـەر کـەس نەکـوژێت ئاوا. نە ڕەحـمـان ئـەوکـە کـوژە و نە ڕەحمانیش ئەوکە دەکوژێت.

سەروان لە ژوور وەدەرهات و بەسەرکار ئستیواری وت:

– بیانهێنە دەرەوە و تەرمەکانیان پێ نیشان بدە. سەرکار ئستیوار کوێخا و هاوڕێیانی دالەبەر بەرەو گەوڕی ئەسپەکان. لەلایەکەوە دوو تەرم لە تەنیشت یەکەوە هەریەکە پەتوویەکی سەربازی درابوو بەسەردا..

سەرکار ئستیوار لە پێشەوە، کوێخاش بەدوایدا. سەرکار پەتووی لادا کوێخا لە سەرو ڕوخساری تەرم نزیک بوویەوە هەردوو لەپی دا بەیەکدا و ناخۆ ئاگا وتی:

– ئەی داد بێداد! سەی یاقوویش نزیکتر بوویەوە وتی:

– ئەی.. ئەی.. خۆمە ئەوکەس. وەڵد زنا، کار خۆی کردییە. ئەی بی نامووس!

گەوڕی ئەسپەکانی ژاندارمری چەند گوریسێک لە ساختمانی پاسگاکەوە دوور دەبوو. کوێخا ڕوو بەسەرکار ئستیوار وتی:

– "ئیرنگە کار ئیمە تەواو بی، تواین مەرەخەس وین و بچیمنەوە".

سەی یاقوو وتی:

– نەخەیر کار من تەواو نەویە، توام ڕەحمان بوینم. تو زانی ڕەحمان خوارزامە و خەیلی وەختە نەدیمەسەی. کوێخا لاملی خوراند و نەختێک ڕاوەستا و سەرکار ئستیواریش ڕۆیشتەوە پای خستە سەر ئەستۆی جەناب سەروان و وتی:

– تا سەروان ئەمر نەکات ناگەڕێنەوە، گەڕانەوەتان بەدەست ئەوە.

سەرکار ئستیوار گورج و گۆڵانە هەنگاوی دەنا تا هەواڵی یەکلایی کوشتنی ئەوکەی پێ بگەیەنێت.

ئەوکە لەناوچوون بەدووبارە وەدەست هێنانی توانا و دەسەڵاتی ژاندارمری لە ناوچەدا دەژمێردرا. بەتایبەت دوای کوشتنی سەروان عەزیزی و هاوەڵانی، هاتوچۆی ژاندارمری بۆ ئاواییەکانی دەرووبەری سنوور و دوور لە پاسگا بووبووە خەیاڵ وا بەئاسانی تەرمی ئەوکە کەوتووەتە دەستیان و لەناو گەوری ئەسپەکانا مێش تێی داوە.

سەرکار ئستیوار باقری هەنگاوەکانی کردە قونە و کوێخا و جەماعەتی بەجێهێلا و خۆی گەیاندە جەناب سەروان. سەروانیش لە ڕاڕەوی پاسگادا دەهات و دەچوو.. هەر لە دوورەوە وتی:

– جەناب سەروان! جەناب سەروان ئەوەکەیە، ئەوەکە. خود خود ئەوکە شامارە.

جەناب سەروانیش ڕووبەڕووی ڕۆیشت بەپەلە وتی:

– سەد لە سەد؟

– هەزار لە سەد. ئەوسا کوێخا و جەماعەت دەڵێی باوکیان مردووە. دەیانەوێ بگەڕێنەوە؛ پێم وایە دەڕۆنەوە تەعزیە دانەن.

– ئەو سەگبابانەم بۆ بانگ کە. مەگەر شار بێ خاوەنە.

ئستیوار باقری چەرخایە دواوە. کوێخا و سەی یاقو ڕاوەستابوون دوو ژاندارم بەریانی گرتبوو، سەرکار ئامازەی کرد و وتی:

– با بێن. کوێخا و جەماعەتەکەی دران لەبەر بەرەو لای سەروان جەباری.

– ها کوێخای چەتە و ڕێگر و ژاندارم کوژ! ئەو جیفە وادیت خود ئەوکە شامارە وا نا؟

بەڵێ زۆرتان لاناخۆشە. بەتۆپیوە دیوتانە؟

– جەناب سەروان! تۆپین. بۆ بەشەر بەکارناهێنرێت.

– جا مەگەر جانەوەرێک وەک ئەوکە شامار بەشەر بوو؟ ڕەحمانیش نەیکوشتایە من دەمکوشت. مەگەر ناوی جەباریت نەبیستووە؟

– با بیستوومە؛ بەلاَم ئەگەر دارفوازی لە خۆی نەبێت ناقلێشێ.

– دەبڕۆن گۆڕتان گوم بکەن و خۆتان بنەنە قوڕە ڕەشەی چوارزەوەر.. ئێوەش نەیکەن من لە سیانەتان هەڵدەکێشم. سەی یاقو هاتە پێشەوە و وتی:

– جەناب سەروان! تکایەکم هەیە. بۆمەکەی؟

– بڵێ، ڕەنگە بتوانم.

– داواکەم زۆر نییە من لەگەڵ ڕەحمانا خاڵ و خوارزام و ئەوە سێ ساڵە نەمدیوە. دەکرێت تاوێک چاوم پێی کەوێ؟

سەروان شاد و سەرحاڵ لەسەر نووکی پەنجە دەرۆیشت بەرێگەوە پەلەی بوو زووتر هەواڵی یەکلایی بوونی کوشتنی ئەوکە بگەیەنێتە فەرماندەی ژاندارمری ناوچەی قەسری شیرین، لەپڕ نەڕاندی:

– باقری.

– بەڵێ قوربان!

– ڕەحمان بهێنە دەرەوە. بیهێننە دەرەوە با ئەم پیرەمێردە چاوی پێکەوێ. سەروان بەپەلە بەرەو ژووری بێتەل وەرێکەوت. ئستیوار خوڕییە یەکێک لە ژاندارمەکان:

– بڕۆن ڕەحمانم بۆ بهێننە دەرەوە. کوێخا چرپاندییە گوێی سەی یاقوەوە:

– ئەڕا توای ئەی نامەردە بوینی؟ توای ئافەرین و دەست خۆش لەلی کەی، کەیتەی؟

– ئا کەمەی. مەگە خوارزام نییە؟ توام ئەملاولای ماچکەم. ڕەحمان پێوەن لە پا دەست بەند لە دەست لە سەرداوی پاسگاوە هێنایانە سەرەوە. سەری هاتبووە لەرزین، کوێخا هەروا ڕاوەستابوو. سەی یاقو ڕۆیشتە پێشەوە بەرانبەری ڕاوەستا و چاوە کزۆڵەکانی بڕییە ناوچاوانی. ڕەحمان سەری داخست. لەپڕ بەتەواوی توانایەوە زللەیەکی ماڵییە بنگوێی ڕەحمانا و وتی:

– نامەرد ڕوزگار! "دەریای خەزەر" نامەردیت نێشوردەوە. تف لە نامووست. حەرامزادە!

یەکێک لە ژاندارمەکان قۆڵی سەیدی گرت و کێشایە لاوە.

سەرکار ئستیوار نەڕاندییە سەر سەی یاقو:

– ئەگەر ڕەحمان شکایەتت لێ بکا دەتخەمە بەندیخانەوە.

– بۆ وەستاوی؟ بەندیخانەم لا خۆشترە تا بەخشینی نامەردێکی وا.

ڕەحمان هەروا سەری داخستبوو. سەری بەرز کردەوە و وتی:

– بیلە با بچت.

سەی یاقو تفێکی تری تێ گرت و وتی:

– با ئەو مزگێنییە بەم پیت ئەگەر وەخاتر ئازادی باوکت ئەی کار نەنگ ئاوەرە کردیتە باوکت دوای فەرارت وە دوو مانگ مرد و وەی دونیا دەرچوو. کوێخا ڕەمەزان قۆڵی سەی یاقوی گرت و وتی:

– بچیمن. ڕامان دوورە.

کوێخا پیادە وەڕێ کەوت. سەی یاقو بەدوای کەوت لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند و چەند جار تفی لە زەوی کرد.

کوێخا لای کردە لای سەی یاقو و وتی:

– زندەگیمان لە لی کەنە جحانم. شەوسوو ژاندارمیەل چوو سەگ هار وەتەواو ئاوایەکانا پەخش ونە و دەمار لە ڕوزگارمان تێرنە دەر.

– من ئیرنگە خەفەت ئەوە نیەخۆم. ئیمە خوا وەک پەز و کتورِ دروسمان کردییە، گورگ خواتەمان. ئەی گورگ نا، ئەو گورگ. هەمە گشت مرین ئەمرِو نا شەوسوو. وەلی کاری ئەم وەلەدزنا کردیەسەی جەرگم سوزانییە. حەیف! ئەی کورِ هەروا وەدەسمان چوی، ئەویش وەی نامەردییە..

– هەروا وەدەسمان نەچوویە. ئەی کارە بیخ دیرت. هەتا فەرار کردنیش وەرِوی بەرنامە بییە. ئەینا ڕەحمان توانت وەزندان قزلْ حەسار فەرار کا؟ فەراری داینە، فەرار.

لە دواوە یەکێک لە هاوڕاکانی کوێخا دەستی ناوە بناگوێ و هورەی دەچڕی:

دەردم فرە بی هەم هاتە بانی
کوشتن ئەوکە جەرگم سووزانی
وەدەستم دەرچوی باز کەیانی
کوررایيم دابی قەدرم نێزانی

کوێخا و جەماعەتەکەی ڕێچکەیان بەستبوو. کابرا هەر هۆڕەی دەکرد. سەروان جەباری لە پێشەوە سواری جیبی ژاندارحری، ڕەحمان لە دوای جیبەوە کەلەپچە کراو لەناو دوو سێ ژاندارمی چەکدارا دانیشتبوو. جیب تۆز و گەردەلوولێکی فراوانی هەڵساند. ڕەحمان ڕووی چەرخاندە لای کوێخا و خەڵکەکەدا لەناو تۆز وا

تەکـــانیـــان دەدا و وردە وردە لە نـاو تـۆزا ون بوون. ڕوو بـەســـەروان جەباری:

– وەرەو چ لایە چیمن؟

– بەرەو جەهەنەم.

– جـەنـاب سـەروان! کـاری تو وەل مـنا کـردیتـە شـمـر وەل ئیـمـام حـوسـەینا نەکردیە.. پاداشت شـا دوسـتی و میـهـەن پەرسـتی من ئی جـوریـیـە؟ وە ئەلی شکایەتت کـەم.. بیلـە برٍەسمـە جـای خـۆی. سـەروان ئاڵۆزانە ڕووی بەرەو دوا چەرخاندەوە وتی:

– چیت وت؟

– خـاس شنەفـتی. مـن مـوفـتـەگـی ئەی کـارە نەکـردمـە. پەنج سـاڵ ئازگارە مـونتەزر فرسـەت بیم تا توانسـتم دوشـمن شا و شـاهەنشاهـی بکوشـم، دوو ڕوژ تـەواوە چمـانە سـەگ وەلما ڕفـتـار کـەیت مـەگـە ئادەم نیم؟

– وس بە سەگباب! گوی زیاد مەخۆ، کێ دەڵێت تۆ بەشەری؟

– سـەگبـاب باوکتـە. فکر کـەیت لە نامـەرد چوو تو تـرسـم. تو سـەگ کورەی تا لە لیت بترسم؟

سەروان قیڕاندییە سەر لێخوڕەکەدا:

– بوەستـە. بوەستە. جیب لە جێگەدا وشکی کرد و وەسـتـا. سەروان دار بەدەست لە جـیب دابەزی ژاندارمـەکـان لە سـەرسـامـیـدا چاویان پەڕیبــووە تەوقی ســەریان. ڕەحـمــانیـان پەلـەکێش کــردە خــوارەوە.. ســەروان بەدەم جنێودانەوە داری پیـا دەمـاڵـی. ئەوەندەی لێ دا مـاندوو لەولاوە ڕاوەستـا. ڕەحـمـان سـەروگوێلاکی خوێناوی بووبوو مـێزەرەکەی کەوتبووە ملی، سـەری بەرزکردەوە و وتـی:

– ئەگـەر مـەردی بەو بکوشـەم. بیـشـەرەف! قـورمـسـاغ! بیلە دەمم برەستە ساواک مەگە شار بی خاوەنە؟ من پیاو ساواکم.

سـەروان کـە ناوی ساواکی بیـست دامرکایەوە. لە دڵ وتی: چەندی بەچەندە. کـوردە لادێیـەک ئەوەندە خـۆی بەپشت قـایم دانێت جنێـو بداتەوە بەفـەرماندەی پاسگا و ناوی سـاواکم لێ بهێنێت، ئەم کـارە بێ مەلامەت نییە.. یەکێک لە ژاندارمەکانی بردە لاوە و چپەیەکی بۆ کرد.

ڕەحـمان شـان و مل و ڕنک خۆڵاوی سـەر و سـمێڵ خـوێناوی تک تک خـوێن لە دوو کـونە لووتەوە فـیـچـقـەی دەهات و ڕێچکەی سـەر دەم و بەرۆکی بـووبوو هەروا چوارمـشـقی لە ناو خـۆڵەکـەدا دەسـتـبـەند لە دەست دانیشتبوو. سەری بەرزکردەوە ژمێراو وتی:

– ژانـدارم و شـــەرەف! هـەر ئەوکـــە خـــاسی ئێـــوە ئەناسی. بێ شـەرەفیەل.

ژاندارمی چپـە بۆ کـراو دەستی داوە بندەسـتی کـوێخـا ڕەمـەزان و سـەی یاقـو و جەمـاعـەتەکەی گەیشـتنە بەرەوە. ڕەحـمـانیان بـەو شێـوە دی.

سـەی یاقو وتی:

– بخـۆ لەبەری یەسـە پاداشت نـامـەردی. کـوێخـا ڕەمـەزان هـەروا دەڕۆیشت لابەلا سەیری ڕەحمانی دەکرد. ڕەحمان قیڕاندی:

– کوێخـا! وەیادگـار داڵگ ئەی سـەروانە بیشـەرەفـە لـە کـەر کیشم. بیلـە بڕەسـمـە جـای خـۆی. حـەق ئەی خـەربازیە لـە لی سـینمـە و من ڕەحمانم. ڕەحمان. سەورکە و تەماشا کە.

سـەروان جـەباری دەیزانی ئەوکـە کوشـتن کـەم نییـە؛ بەڵام لە ڕووی یاسـاوە ڕەحـمـان تاوانبـار دەدرێت لـەقـەڵـەم. بەسـەر ئەوەدا کـەوتە

لەیەکدانەوە ئەم کابرا یا شێتە یا لە ڕووی باوەڕ بەخۆبوونێکی زۆرەوە وا دەڵێت؛ ئەگینا نەشیاوە ئەوەندە ڕوودابێت. تازە ئەگەر ئەم کابرا گرنگ نەوێت بۆ فەرمانیان داوە یەکڕاست بیبەم بۆ کرمانشان و بۆ لای فەرماندارى گشتی ژاندارمری. ژاندارمی چپە بۆ کراو دەستی داوە بندەستی ڕەحمان تا هەڵیسێنێت.

ڕەحمان خۆی ڕاوەشاند:

– لاچۆ نامەرد! ژاندارم جەماعەت شەوی ژن وەپایانە.

سەروان لەولاوە بەسەر گابەردێکەوە دانیشتبوو. ئاماژەیەکی لە ژاندارمی کرد و کابرای ژاندارم دووبارە لە ڕەحمان نزیک بوویەوە. پێوەندەکانی پای کردەوە و کەلەپچەکانی دەستیشی کردەوە و دەستەسرِی لە گیرفانی دەرهێنا تا دەم و لووتی بسڕێت. دەستی ژاندارمی تووڕدایە لاوە:

– دەس وەردار نامەردیەل.

خوێن بەڕوخساریەوە ماسیابوو.

ژاندارم گەڕایەوە لای سەروان و وتی:

– قوربان! چاکتر وایە لای کانی و ئاوێکی سەر ڕێگەدا بوەستم تا سەر و سوورەتی بشورێت؛ کەڵکی سڕینی پێوە نییە.

سەروان هەستایە سەر پا و پانتۆڵەکەی تەکاند و نەختێک هەڵیکێشا، بەدەست ئاماژەی بۆ هەمووان کرد کە سوار بن. دەستی ڕەحمانیان گرت و سواری جیبیان کرد. کوێخا و جەماعەتەکەی بەرەو دێی کانی توو تەکانیان دەدا. ڕەحمان ئاوڕی لێ دانەوە و کەوتە بیری سەرنوشتی خۆیەوە. لە مێژا ئازادکردنی باوکی کردبووە بەڵگە و بەوە هان و دڵخۆشی خۆی دەدایەوە ئەو کارەی خستبووە ئەستۆیەوە و

دەبێ بۆی بکەوێتە تەقەلاوە؛ بەڵام لە قوڵایی دەروونیا دەیزانی باوکی لە کانی توویشدا با مردن دالەش قرانی بۆ بەسەربدا. سەری هاتبووە لەرزین و جیب گەیشتبووە سەر جادەی قیر و لەبەر خۆیەوە وتی:

– بەسە ڕەحمان! بەسە. ئەوەندە بیری لێ مەکەرەوە. ئەوکە تۆش نەتکوشتبا یەکێکی دی هەر دەیکوشت. ئەوکە کوژیاوی ناوبوو.

ژاندارمی چپە بۆ کراو ژەندییە ڕەحمانەوە:

– گوێی مەدەرێ. خۆ گوێت نەداوەتێ؟ ئەوسا ئەمبولانس لە قەسرەوە کەوتوەتە ڕێ تا جەنازەکان بەدوامانا بهێنێت. ژاندارمەکە دووبارە دایە سەر شانی ڕەحمانا و وتی:

– چێشتێکت لێناوە یەک بنگوس ڕۆنی بەسەرەوەیە. ئای لێی چەورە، دەتەوێ دوو شەقیش نەخۆی؟ ڕەحمان بێ ئەوەی ورتەی لە دەمەوە وەدەر بێت، ئاورێکی تاڵی لێ دایەوە. ژاندارم یەک دوو جار نەرم نەرم دایە سەر شانی ڕەحمانا و وتی:

– جەناب سەروان برای گەورەمانە و تاجی سەر سەرە. لەم ناوچەدا نوێنەری شاهەنشایە، شاهەنشا. نەدەبوو وەڵامی بدەیتەوە وەڵامدانەوەی ناماقووڵییە!

– تاج سەر تووە. نە من. من زندەگیم خستمە ناو کەف دەستم. ئەڕا بەرزی شاهەنشا. تەوهین هەم قبووڵ کەم؟

سەروان سەری چەرخاندە دواوە:

– شکاتم لێ دەکەی؟

ڕەحمان وەڵامی نەدایەوە. سەروان وتی:

– هەر لەسەر ئەو وەڵام دانەوە دەتوانم دوو ساڵ بتخەمە بەندیخانەوە. هەتا ئەگەر ساواکتیش لە پشتەوە بێت تەواوی

ژاندارمەکان شایەتیم بۆ دەدەن، وا نا؟

هەرسێ ژاندارمەکە پێکەوە وتیان:

– بەڵێ قوربان!

ڕەحمان وتی:

– ڕێوی کێ شایەتتە، وەت کلکم.

– یەشـتـا لە چەنەبازی خۆت نەکەوتووی؟ من تا نیـو سـەعـاتی تر دەتسپێرمە فەرماندەری ژاندارمری ڕۆژئاوای ئێران. هەرچیت لە دەس دێ کۆتایی مەکە. ولاتێک قسەی یاخی و پیاو کوژێکی وەک تۆ زاڵ کاتە سەر منا مەرج بێت ئەم ئەستێرانەی سەر شانم توورِدەمە لاوە. ڕەحمان دەینوارییە ساختمان و شەقامەکانی نێو شاری کرماشاندا. دووبارە کەلەپچەیان لە دەستی ڕەحمان نا. ماشین گەیشتبووە بەر دەرگای ساختمانی فەرماندەری ژاندارمری. دوو سەربازی پاسەوان بەری ماشینیان گرت و سەروان خۆی ناساند کە گوایە فەرماندەی گشتی چاوەڕوانیەتی. ماشین بەردەمی ئاواڵە کرا. سەروان دابەزی و یەکراست لە دەرگا ڕۆیشتە ژوورەوە و ژاندارمەکانیش ڕەحمانیان دالەبەر. سەروان بەپلەکانەدا سەرکەوت و خۆی گەیاندە ژووری سکرتێری فەرماندە و خۆی پێ ناساند. زۆری نەخایاند دەرگای فەرماندەری بۆ کرایەوە و ڕۆیشتە ژوورەوە. سەروان بەتوندی پای کوتا بەزەویدا و خۆی ناساند. فەرماندەر سەری لە سەر نووسین هەڵگرت و وتی:

– ڕەحمانت هێنا؟ سەروان سەری لە ناو زانینی ڕەحمان سڕ ما. لە وەلامدا وتی:

– بەڵێ قوربان.

– ئەی جەنازەکان؟

– قوربان! بەدواوەن.

فەرماندەر کۆمەڵێک تەلیفۆنی لە بندەستدا بوو دەستی بۆ یەکێکیان برد و ژمارەیەکی وەرگرت و تاوێک ڕاوەستا و وتی:

– تیمسار سەلام. ڕەحمان گەیشتووەتە لامان؛ بەلام تیمسار من ناتوانم تەسلیمی کەمە ئێوە لەبەر دوو هۆ: یەکەم فەرماندەری گشتی ژاندارمری لە تارانەوە فەرمانی پێ داوم کە بەزووترین کات بۆی بنێرم بۆ تاران. دووهەم ئەم کابرا لە کوشتنی سەروان عەزیزی و چەند ژاندارمێکدا بەشداری کردووە.

دیار بوو کابرای ئەوسەری هێڵەکە لە درێژدادڕی ئاڵۆز بووبوو بۆیە ڕاوەستا و منە منی پێ کەوت و دووسێ جار لەسەر یەکە وتی تیمسار... ت... تیم... تیمسار هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت با ساواک لە تاران وەریگرێت. یا جەنابت پەیوەندی بەفەرماندەری گشتییەوە بکە تا تەلیفۆنم بۆ بکا. وەک دەزانی ئێمە بەڕێوەبەری فەرامینی مەرکەزین. فەرماندەری ژاندارمری ڕۆژئاوای ئێران بەناڕەحەتی و نیگەرانییەوە تەلیفۆنی داخست و پەنجەی بەزەنگدا نا و سکرتێر هاتە ژوورێ. فەرماندەر ڕایگەیاند تا سەرگورد عەتایی بۆ بانگ بکا.

سەروان جەباری وەک داهۆڵ ڕاوەستابوو. بیری لەوە دەکردەوە ڕەحمان گاڵتە نییە وا گەورەکان لەسەری شەڕیانە. سەرگورد عەتایی هاتە ژوورا و سەلاوی دا و وتی:

– بەڵێ قوربان.

– سەرگورد تا سەعاتێکی دی تەرمی ئەوکە شامار دەگاتە ئەیرا.. ئەگەر ساواک خۆی بکاتە خاوەنی ڕەحمان و ئەو دوو تەرمە ئێمە

دەستمان لە هەوانەی خالییەوە وەدەر دەچێت دەمەوێت تا تەرمی ئەوکە دەگات، نوێنەری ڕۆژنامەی کەیهان و ئیتیلاعات ئاگادارکەی تا ڕێپۆرتاژێکی هاوڕای وێنە لە ڕووداوەکە ئامادەکەن؛ بەڵام با ئاگادارکردنەکەیان ڕاستەوخۆ لەلایەن ئێمەوە نەبێت تا ساواک گرفتاریمان بۆ دروست نەکا. تێگەیشتی؟

– بەڵێ قوربان!

## ٤٦

تا ئەوێی من بیزانم هەرچی دەمڕاسی شاری کرماشان و دەوروبەریشی هەیە ئامادەی پێشوازین دەوڵەت خانم یەک دووجار دای بەسەر ڕانیدا و وتی:

– حەقی خۆیەتی. ئەمیر کەم نەبوو؛ ئەگەر ئەم دەور و زەمانە نەبوایە تارانیشی بۆ دەژلێژا.

عالەمتاج چاویلکەکەی دەرهێنا و بەدەم گریانەوە چاوی سڕی و وتی:

– خۆزگە بەماشین. بمانبردایەتەوە. باوکم هەموو شتی شایانە.

– شایانە. شایانە؛ بەڵام لە تارانەوە تا کرماشان ڕێگایەکی دوور و درێژە. خەڵکێک هەر لەگەڵ تەرمەکەدا دەهاتن و ئەو حەلە خوانەکەردان ڕووداوێکی ناگوار ڕوویدابا چی؟ کرماشان تا کرند ڕێگایەکی ئەوتۆ نییە و خەڵکی شارەکانی سەر ڕێگەش ئاگاداری مردنی ئەمیر بوونە. ئێمە دەبێ هەر ئەوەندە دۆستان و ئاشنایانمان بخەینە نارەحەتییەوە.

– ئەگەر لە گوێی منتان کردبا لە کرماشانا دەمان نێژا. گۆڕ گۆڕە چ کرماشان و چ کرند.

دەوڵەت خانم بەتووڕەبوونەوە دەستی بۆ ئەفشین درێژ کرد و وتی:

– من لە دەست ئەم سوورتکە سەرلووتی خۆم ڕەش دەکەم و لە وڵات وەدەر دەڕۆم. پێنج سەد ساڵە باو و باپیرانمان لەو دۆڵ و دەربەندی داڵەهویەدا نێژراون. بنوارە ئەفشین خان چی دەفەرمووێت؟

– دایە گیان! ئەو باسە زۆری لێ دواوین و نیگەرانی و ئاڵۆزی پێ ناوێ. خۆتیشی بۆ زویر مەکە هەموو شتم ئامادەکردووە. ئێوە سەعات هەشتی بەیانی لە فڕۆکەخانە ئامادەبن تا من کاروباری تەرم و تابووت دروست دەکەم. لە بیری مەکەن کاتژمێری هەشت و نیو فڕۆکە هەڵدەفڕێت. فەلامەرز هەستایە سەرپا و وتی:

– من دەڕۆم. کارم زۆر لە پێشە، پیاڕاناگەم.

دایکی بێ ئەوەی سەر بەرزبکاتەوە:

– بەم حیسابە شەو ناگەڕێیتەوە؟

– کارم زۆر لە پێشە ئەگەر توانیم دێمەوە. فەلامەرز لە دەرگا وەدەرهات و بەپلەکانەکاندا بەپەلە خۆی گەیاندە ماشینەکەی. یارەڕیقو بەدەرگا کردنەوەوە خەریک بوو فەلامەرز پرسی:

– یارە! ئاگاداری ڕەحمان چی کردووە؟

– نەخێر قوربان. مەگەر چی کردووە؟

فەلامەرز لە دەرگای حەوشی دەرپەڕی خۆی گەیاندە دەربار.

کاری ساختمانسازی کۆشکی وەلیعەهد تەواو بووبوو. دەستە و دایەرەی ڕەنگ ئامێزی و گڵۆپ کاری و چلچرا هەڵواسین و پەردە دانان دەستی پێکردبوو. کار و کردەوەی فەلامەرز هەر لەو کۆشکەدا ڕۆژانە دەیبردە سەر. هەر گەیشتە پشتی مێزەکەی هەڵیگرتە تەلیفۆن:

– هەڵەو، گیانەکەم! من سبەی ناتوانم بێمە سەر کار. ڕەنگە پێنج شەش ڕۆژیشم پێ بچێت. دوێنێ تەرمی بابمیان لە پاریسەوە هێنایەوە، دەیبەینەوە لای خۆمان. فەلامەرز تۆزێ ڕاوەستا و وتی:

– باشە وا هاتم. کەوتە ڕێ بەرەو دەرگا. تەلیفۆن زرنگایەوە. گەڕایەوە سەر تەلیفۆن: هەلەو، ئازیزم! تۆییت؟ لە کوێنەوە تەلیفۆن دەکەی؟

فەلامەرز بێدەنگ بوو وتی:

– باشە سەعات دووی نیوەڕۆ دێم بۆ لات شتێکت پێویست نییە لەگەڵ خۆما بیهێنم؟

– باشە ئازیزم! تەلیفۆنی داخست و لە ژوور ڕۆیشتە دەرەوە بەرەو لای لی لی خانم.

نێوان کۆشکی تازەی وەلیعەهد و نووسینگەی "فەرەح" سێ سەد مەتر بوو. فەلامەرز هەنگاوی دەنا. با هەڵیکردبوو. ئاسمانی تاران و ساحیب قەرانیە بۆنی پاییزێکی زۆر بەقۆناغ گەیشتووی دەدا، درەختەکانی باخچەی دەوروبەر هاتبوونە لەرزین. سەرپۆپەی درەختە کۆنەساڵەکان دەلەرینەوە. گوڵی جۆراوجۆر لە دوور و نزیکی باخچەکەدا ڕەنگاوڕەنگ دەبینرا. پێش ئەوەی لە پاپلەکانەی پێش دەرگا سەرەکییەکەی نووسینگە سەرکەوێ گرێی کەرەواتەکەی نەختێک جەڕاند و دەستی بەسەروقژیا هێنا و سەرکەوت. لی لی چاوەڕوانی بوو. دەیزانی شتێک ڕوویداوە؟ بۆیە داوای مۆڵەتی کردووە. جارەوبار مەترسی و ختورەی یاسەمین و ژنهێنانی فەلامەرزی بەبیرا دەهات و ترسی دابڕان و لەیەک جوێبوونەوە دڵی دەهێنایە لێدان و ترپەترپ. لی لی لە پشتی مێزەکەیەوە وەدەرهاتبو..

لە ژوورەکەی دەهاتوو دەچوو و دەیپێوا. لەپڕ ڕاوەستا و وتی: چیتە لی لی دەڵێی کچێکی تازە پێگەیشتووی تامولّ کە تامولّ؟ دووبارە کەوتەوە هاتوچۆ. خەتای خۆم نییە خۆشم دەوێ. دەڵێی خوا منی خولّقاندووە تەنها بۆ خۆشەویستی ئەو و بەس. ئەمە چی بەدبەختییەک بوو دامێنگیری بووم؟ دەڵێی خوا تۆڵەم لێ دەکاتەوە. تۆڵەی "ئەرسەلان". ئاخر ئەرسەلانیش وەنەبێ مێردێکی داوێن پاک و دڵخوا بووبێت؛ مێردی وا هەر لە ئاو دەچێ. نە ڕەنگی هەیە و نە تام. خۆ مێردیشە، دەستم خۆش بێت، هەرچیم کردووە کردوومە و دەشیکەم. باشە بیکە ئەی ئەم دڵەڕاوکەیە چییە تووشی هاتووی؟ لە چی دەترسی؟ تۆ بڵێی عاشق بووبووم؟ عاشق بوون چۆنە؟ بنوارە دەڵێی کۆس کەوتووم، نە ئارایشێک، نە خۆڕازاندنەوەیەک. هەرکەسێک دەمبینێ پێی وایە تازە لەسەر جێگەی نەخۆشی ڕاست بوومەتەوە. دوێنێ شابانوویش هەر وای وت. لەوە دەڕوا دەسەمۆی زۆر و دیکتاتۆرییەتی عشق بووم. سا بزانە ئەی دەسەڵاتی بێ مەرز و سنوور! سەرێکە هێناومە و نایگەڕێنمەوە. لی لی چاوی پڕ بووبوو لە فرمێسک زلەی ئاوی دەهات. درا لە دەرگا. ڕاچەڵەکا. فەلامەرز هاتە ژوورا، ڕۆیشتە پیرییەوە، هەردوو دەستی گرت، تۆزەکێک لێوی هاتبووە لەرزین.

– چی بووە ئازیزم؟ شتێک ڕووی داوە؟

– بەداخەوە بەڵێ. ناچارم هەفتەیەک بڕۆمەوە بۆ کرماشان باوکم مردووە.

– کەی؟

– دوێنێ لە پاریسەوە تەرمەکەیان هێنایەوە و سبەی بەفڕۆکە دەیبەینەوە بۆ کرماشان و لەوێرا بۆ کرند و گۆڕستانی فامیلیامان. لی

لی زۆرتر لە فەلامەرزەوە نزیک بوویەوە و باوەشی پیاکرد و بەدەم ماچکردنی دەم و ڕوخساریەوە دەیوت: خوا مەرگم بدا، خوا نەکا تۆ دڵگیر بیت. هەروا فەلامەرزی بەخۆیەوە دەوشارد و دەیوت: ئەوی لە دەستی من دێت بڵێ تا بیکەم؟

– هیچ.. هاتم تا ئەمەت پێ بڵێم و سبەی دەڕۆم.

– پرسە چی؟

– پرسەکەمان لە کرماشان و کرند دەبێ.

– ئەی دۆستان و ئاشنایانی ئەیراتان چی؟ خۆ ناکرێ هەموویان وەڕێکەون بەرەو کرماشان.

– ڕاستەکەی. لە گەڕانەوەدا لەیراش یەک دوو ڕۆژێک بۆی دادەنیشین.

لی لی بەئەندازەی درێژی دەستی لە فەلامەرز دوورکەوتەوە و نواڕییە ڕوخساری غەمگینی و وتی :

– ئەی خوا مەرگ چەندە! بێ ڕەنگ بوویت. دووبارە خۆی پێوە نووساند و بەدەم وشاردنەوە دەیوت: کاری خوا گەڕانەوەی بۆ نییە. هەمووومان ڕۆژێک دەبێت بەم ڕێگەدا بڕۆین ئازار و ئەزیەتی خۆت مەدە. دووبارە تۆزێک دوورکەوتەوە و لەپی دەستی ڕاستی بەرزکردەوە و وتی:

– بەڵێن.

فەلامەرز یەک دووجار بەنیشانەی بەڵێن سەری لەرزانەوە.

– دەتەوێ سبەی بێم بۆ فڕۆکەخانە؟

– نا.. نا نایەوێ. پێویست بەو زەحمەتە ناکا. یەکجار قەرەباڵغە.

– دڵنیای لەوەی نەیەم باشتر بێت؟

– سەد لە سەد. هەم بۆ تۆ و هەم بۆ منیش.

– باوەڕت هەبێ لەم ڕووەوە قسەی خەڵکی بەقەرانێک ناکرم. هەرچی دەڵێن با بڵێن. عشقی من شابانۆ پێی زانیوە هەتاوەکو عەلاحەزرەتیش. تازە خۆشەویستیی ڕاستەقینەی وتی و وتی و ترس و تۆقیان سزا و هەڕەشەی بەلاوە بێ نرخ و لا، بێ بایییە. بتەوێ سبەی پێش هەمووان لە فڕۆکەخانە ئامادە دەبم. یانی دەبم.

– کەواتە بڕۆ عەلی هاوڕێ و هاوهەنگاوت بێ. ئیلاهی.

فەلامەرز نەرمە ماچێکی لێوانی کرد و وەرچەرخا و لە دەرگا بەدەرچوو بەرەو خوار بوویەوە بۆ لای کۆشکی وەلیعەهد. چەند پەڵەیەک هەوری گەورەی لەیەک داپچڕاو بەئاسمانی تارانەوە بەرەو خۆرهەڵات تاویان دەدا. سەدان بیری جۆراوجۆریش لە مێشک و ئاوەزی فەلامەرزدا بەیەکدا دەچوون. لەبەرخۆیەوە وتی: ناکرێ برادەران بەو شێوە تیژپەڕانە بڕیار بدەن. ئاخر وەلیعەهد فڕاندن بەو شێوەی تێدەفکرن ئاسان نییە و.. لە پێناوی چیدا و چی بەدەست هێنان؟ من خۆ کاوڕ نیم. تا فەرمان بەرداربم و لە دواییدا بپرسم: ئەمە دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریزمە، ئەمە شێوە و ڕفتاری ستالینیزمە. لەمەولا بێدەنگ نابم ئەوی بیرم نەیسەلمێنێتەوە و نەڕواتە ئاوەزمەوە نایکەم. بەرئاورد و هەڵسەنگاندنی برادەران تەرازووەکەی لارسەنگە و لەنگە. ناچارم ئەوی پەی پێدەبەم پێیان ڕاگەیەنم. ئەم پڕۆژە نەکولاوە سەرئەنجامێکی خوێناوی بەدواوەیە. من کە گەیشتووبمە ئاوا بیر و ڕایەک و مەبەستیشم بەرژەوەندیی ولات و پاراستنی برادەران بێت. نابێ باکم لە ڕەخنەی بێ جێ و پلاری چینایەتی و هەتاوەکو تۆمەتی

ترسـان و تۆقـیـان و پووچەڵی و با بردەڵەیی هەبێ. ئەوی منی بەسـتـووەتەوە تیـژپەڕی و سـووربوونـی یاسـەمـینە. هەرچی شـێـوە و ڕفتاری جۆراوجۆری نێو کتاوی دونیا هەیە لەگەڵیا بەکارم بردووە، بێ سـوودە. لەوەش دڵنیـام ڕوحـێکی هەیە.. دێت و دەڕوا منم. فـەلامـەرز گەیشتبووە بەر دەرگای ئەپارتمانەکەی یاسەمین. بۆنی چێشتی قورمە سەوزی لە ڕاڕەوی پلەکانەکەدا پێچی خـواردبوو. کلیلی خسـتـە نێو دەرگا و چەرخاندی و دەرگای کردەوە. زەنگی شـۆڕەبووی سەر دەرگا لە ناو ئەپارتمانا زرنگایەوە. خـوڕەخـوڕی ئاوی دوشی سـەرشـۆرگـە دەهاتە گـوێ. فـەلامـەرز لە لایەکـەوە دانیـشت و یاسـەمین لە نێـو سەرشۆرگەوە بەرز بەرزێک وتی:

– ئازیزم تۆیت؟ وەرە ئاوێ بەخۆتا بکە.

– حاڵیم نییە.

زۆری نەکێشا خاولییەکی بەسەرو زوڵفییەوە پێچابوو بۆ خۆیشی لە توێی خـاولیـدا لە سـەر شـۆرگـە وەدەر هات و کـە فـەلامـەرزی دی بۆ تاوێک ڕاوەستا و بەنیگایەک ناخ و دەروونی فەلامەرزی سمی و وتی:

– لەم دوو ڕۆژەدا یـەکـتـرمـان نەدیوە شـتـێک ڕووی داوە. خـۆ لە برادەران نەگیراوە؟

فەلامەرز لەسەرخۆ ژمێرا و وەڵامی دایەوە:

– نەهیچ قەوماوە و نە هیچ کەسیش گیراوە.

– من تۆ بناسم شتێک قەوماوە، چییە نازانم.

– تەرمی باوکـمـیـان دوێنێ شـەو هێنایەوە. سـبـەی دەیبـەنەوە کرماشان و لەوێڕا بۆ کرند.

یاسەمین ڕاپەڕی بەرەو فەلامەرز، خاولییەکەی سەری کەوتە خوارێ و لەبەر دەستی فەلامەرزدا دانیشت. یەشتا ئاو بەسەر و زوڵفیدا دەچۆڕا دەستی خستە سەر چۆکی و وتی:

– خوا مەرگم بدا! خۆ تۆ سێ چوار ڕۆژ پێش وتت قسەم لەگەڵیانا کردووە، تەندروستی باشە.

– ڕاست دەکەی، وتم. بەپێی ڕاپۆرتی دوکتۆر بەنەخۆشییەکەی خۆی نەمردووە؛ دڵی وەستاوە.

– بە چی دەیبەنەوە؟

– سبەی سەعات هەشتی بەیانی بەفڕۆکە.

– دەتوانم بێم بۆ فڕۆکەخانە؟

– زەحمەتە.

– نا. دێم.

– باشە دەنگ و باسی تازەی برادەران چییە؟ یەشتا سوورن لە سەر بەرنامەی ڕفاندنی وەلیعەهد؟

– بۆ ناڵێی وەلی شەڕ وەلیی زۆر و زوڵم و چاوەقووڵە؟ وەلیعەهدی چی؟

– ئێوە منتان کردووەتە سینەما. هەرچی ناو دەنەی.

– تا ئێستا هیچ گۆڕانکارییەک لە بەرنامەکەدا ڕووی نەداوە. هەر نەبێت تا ئەوێ من دەیزانم.

– چ ڕوودا یا نەیدا من لەو بەرنامەیەدا بەشدار نابم. تا ئەو دەمە یاسەمین لەسەر چۆک لەسەر زەوی بەرانبەر فەلامەرز دانیشتبوو خاولییەکەی سەر لەشی شل و شێواو بووبوو. خاولی لەسەر سنگ و

بەرۆکی دامـــاڵیـــا و ئاوی داچۆڕاوی ســـەر و زوڵفی ســـەرچۆکی فەلامەرزی تەڕکردبوو. یەک دووجار سەری بەچەپ و ڕاستدا چەرخاند و چاویشی لەسەریەکە پرتاند و یەک دوو ساتێک بەو شێوە مایەوە و لە پڕ هەستایە سەر پاو پشتی کردە فەلامەرز و وتی:

– یانی دەتەوێ بەبرادەران ڕاگەیەنم؟

– پێویست ناکا بۆ خۆم بۆیان دەنووسم.

– لەوە ناترسی بڵێن کابرا ترساوە؟

– لەوەش ناترسم بڵێن حەقی خۆیەتی، لە بنەماڵەی هەزار خێزانە و لە بنەچەکدا دەسەمۆی هەوا و هەوەسە و خەتای خۆی نییە؛ ڕەگەزی وایە و ترسنۆکیشە.

– کە ئاوا؟

فەلامەرزیش هەستایە سەر پا و بەتوندی یاسەمینی وەرچەرخاندە لای خـۆیدا و تۆزێ ئاڵۆزیی لە ڕوخســاریدا دەبینرا: من زۆرم بیــر کـردووەتەوە لە تۆ، لە خـۆم، لە برادەران، زۆر و زوڵم، لە شـا، لە وڵات، لە چوارتەنیشت؛ ئیـتـر مـاندوو بووم.. دەبێ بۆ لەمـەولا خـاوەنی ڕای خــۆم بم و هەر نەبێت گــوێ لە ڕا و بۆچوونەکــانم بگرن و لە گــەڵمــا بدوون. ئەوەندە بدوون تا پێم دەسەلمێنن. خۆ کاوڕ نیم. کاوڕم؟

– ئەی تا چ ڕادەیەک بیرت لە لی لی گیانت کردووەتەوە؟

– لەویش زۆر بیـــرم کــردووەتـەوە. تەواوی بـوون و نەبـوونم دووبارە خستووەتە تای تەرازووەوە و هەڵیدەسەنگێنم؛ ژیرانە. نەک تیژپەڕانە.

– دیارە تای تەرازووەکەت پڕی پڕە؛ منیشی تیادام. تیادام؟

– تەواویان بـەلایەک تۆیش بەولایدا. ئـەوی وا منی دەســەمۆ کـردووە

تۆیت و بەس. ئەمجارە بەدەنگێکی بەرزتر هەردوو شانی یاسەمینی ڕاوەشاند و یەک دووجار لەسەریەکە وتی:

– ئا تۆیت و بەس، تۆیت منت وا دەستەمۆ کردووە. تا ئەیرا و بەس.

دووبارە بێهێزانە خۆی فڕێ دایەوە سەر مۆبلیاکەدا و سەری لە ناو دوو دەستیدا نوقم کرد. یاسەمین بەئەسپایی لە تەنیشتییەوە دانیشت، بێ ئەوەی ورتەی لە دەم وەدەر بێت. بۆنی سووتان و دووکەڵ هۆڵەکەی پڕ کرد. یاسەمین ڕاپەڕی بەرەو ئاشپەزخانە، فەلامەرز پەنجەرەکانی کردەوە. یاسەمین گەڕایەوە هۆڵەکە فرمێسک بەچاوانیا دەچۆڕا. لە سەرخۆی وتی:

– قورمە سەوزییەکەم سووتا.

– ئەگەر لە جیای من بیت. بۆ خۆتیش دەسووتێی. دەزانی چ گڕ و گڵپەیەک لە دەروونمایە، هەر باشە نەسووتاوم.

– یانی بۆ لەمەولا هاوکاری لەگەڵ برادەرانا ناکەی؟

– با، دەیکەم؛ بەڵام بەشێوەی خۆم. نەک وەک داشی دامە. فەلامەرز سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد و وتی:

– من دەبێ بڕۆم.

– بۆ ئەمشەو لای من نامێنیتەوە؟

– سەد کارم لە پێشە.

– باشە بڕۆ کارەکانت ڕاپەڕێنە و شەوێ وەرەوە.

– بزانم چۆن دەبێ.

– دێی؟

– دەکۆشم.

تەرمی ئەمیر ئینتیزام سپێرابووە ساردخانەی فڕۆکەخانە. ئالەمتاج و دەوڵەت خانم بەچوارلادا تەلیفۆن و تەلگورافیان دەکرد تا پێشوازی تەرمی ئەمیر لە گوێرەی ناوباوی ئەمیر و شان و شەوکەوتی فامیلیا و سەر و دەسەلاتی لە دەست چوویان بێت. ئەفشین ساتژمێری دەکرد کەی بەرنامەی بەخاک سپاردن و پرسەی باوکی تەواو بێ و بگەڕێتەوە پاریس. فەلامەرز بۆ دڵنیایی تەلیفۆنێکی لەگەڵ دایکیدا کرد کە هەموو کاروبار ڕووبەرایە.

هەواڵی مەرگی ئەمیر لە نێو دۆستانی فامیلیای شاری تارانا بلاو بووبویەوە. دەستە دەستە دەهاتن بۆ سەرخۆشی لە تاجی و دەوڵەت خانم. شەودا هاتبوو. تاران هەر وەک خۆی تەم داگردو و غەم زەدە و کزکردو و لارەلار شەوی دەبردەسەر. دەوڵەت خانم لە نێو جێگەکەیدا ڕاپەڕی و دەست بەئەژنۆ پشتی دا بەکەمەی سیسەمەکەوە و ڕابوردووی خۆی هێنایەوە بیر. بزە و گریانی تێکەڵ بووبوو. ئەو لە مێژا خۆی ئامادەی مەرگی ئەمیر کردبوو، دەیزانی تەمەنی درێژی چوار پێنج مانگێکە؛ بەلام لە پڕ دڵ وەستانەکەی تەواوی بەرنامەکانی بەیەکدا دا و شپرزەیی کەوتە هەڵسان و دانیشتنییەوە. بەتەواوی توانا و تاقیکردنەوە و ساردی و گەرمی ژیان چێژانەوە دەکۆشا بێتەوە سەرخۆی و جڵەوی بێتەوە دەست. گێژوویژ تێکەلاو لە جێگە وەدەرهات و ڕۆبێکی ئەستووری لەبەرکرد و لە ژوور چووە دەرەوە و لە سووچێکی ڤیرانداکەدا شانی دایە دیوارەوە و دەینواڕییە بێدەنگیی شاری تارانا؛ تارانی دەستەمۆی خەوی بەربەیان. ئاسمان ڕۆشنایی تێ کەوتبوو. بڕێک لە پەلەوەری نێو درەختەکان هاتبوونە جریوە و خوێندن. کزەبایەکی سارد تاوتاو هەڵیدەکرد و چلوپۆپەی درەختەکانی

دەهێنایە لەرین و سەما. گەڕایەوە ژووری نووستن، ویستی دووبارە ڕاکشێ و هەنوزێ کا، نەیتوانی. دەیزانی بۆ لەمەولا دەسەڵات و دەوڵەتی دەکەوێتە سەرالێژی و بێ ئەمیری پێیەوە وەدەردەکەوێ. ئاگادار بوو شەوێ فەلامەرز نەگەڕاوەتەوە، ئالەمتاجیش بەلایەوە ماوەتەوە تا سبەی پێکەوە بڕۆن بۆ فرۆکەخانە. خۆر هەڵهاتبوو. دەوڵەت خانم هاتبووە خوارەوە چەندین ژانتا لە لای ڕاڕەوی دەرگادا ڕیز کرابوو. لە پڕ وتی:

– بڵێ دایکت دەڵێ. درەنگە.

بۆ خۆیشی یەک دووجار بەدەنگی بەرز وتی:

– تاجی! تاجی!

ئالەمتاج وەڵامی دایەوە:

– دایە گیان! وا هاتم.

تاجی بەپلەکانەکاندا هاتە خوارەوە. سەرتاپا قەڵاخی و ڕەشپۆشی چاوانی سوور هەڵگەڕابوو. ئەفشین خانیشن لە سەرخۆ هاتە خوارەوە. دووبارە دەوڵەت خانم وتی:

– کێن لەوێ؟ وەرن ئەم ژانتانە بخەنە نێو ماشین درەنگە. تەلیفۆن زرنگایەوە. تاجی تەلیفۆنی هەڵگرت و وتی:

– فەلامەرزە، دەڵێت لە فرۆکەخانەوە قسە دەکات خەریکی گواستنەوەی تەرمە.

– کەواتە با بەڕێکەوین. نەشیاوە دوای خەڵکی لە فرۆکەخانە بین. چەند کەسێک هەر دێن بۆ خواحافیزیمان. دەوڵەت خانم هەستایە سەر پا و بەرەو حەوشێ وەڕێکەوت. یارەڕیقو وردە وردە لە

ماشینەکانەوە نزیک بوویەوە و ڕووبەڕووی دەوڵەت خانم ڕۆیشت دەستی بەگریان و بانگ و سەڵاو ئاغام ڕۆ ڕۆ کرد و نەیدەبڕییەوە.

لنگەی دەرگای حەوشی ئاواڵە بوو بەرەو فرۆکەخانە وەڕێکەوتن. لە شەقاما تاک و تەراک هاتوچۆی ماشین دەبینرا. ئەفشین لە دایکی پرسی:

- فەلامەرز لە کوێنەیە؟

- مەگەر نازانی دەبێت یەکێک بەدوای گواستنەوەی تەرمەکەی باوکتەوە بێت، خۆ بەپێی خۆی ناڕواتە نێو فڕۆکەوە. بێ چارە بەوەوە خەریکە.

- ڕاست دەکەی بیرم لەوە نەکردبوویەوە. ڕاستی ئێمە چەند ڕۆژ لە کرماشان دەمێنینەوە؟

- بەگوێرەی پێویست، جەنابعالی لات دژوارە بەلای گۆڕی باوکتەوە بمێنیتەوە؟ بەخوا هەقتە. فەرموو دەی، ئازادی دەتوانی دوای دوو ڕۆژ بگەڕێیتەوە بۆ تاران.

- بۆ من تاران و کرماشان وەک یەکن. ئەگەر بگەڕێمەوە یەکڕاست دەڕۆمەوە بۆ پاریس.

دەوڵەت خانم ئاڵۆزانە سەیرێکی کرد و لەبەر خۆیەوە وتی:

- خوا کەر کەس نەکوژێت، ئاوا.

گەیشتنە بەر دەرگای سەرەکی فڕۆکەخانە دەوڵەت خانم پەرۆشی ئەوەبوو نەکا کەسێک پێش ئەوان هاتووبێت. کە ناسیاوی نەدی شوکری خوای کرد. ئەفشین لە دایکی نزیک بوویەوە و وتی :

- دەڕۆم بۆ کافەتریا تا بەرچای بخۆم. ئالەمتاج چاوێلکەیەکی

ڕەشی لە چاو کردبوو، مێردەکەشی هاتبوو. زۆری نەخایاند چەند کەسێک لە ناسیارانیان کۆبوونەوە.. فەلامەرزیش وەدەرکەوت. دایکی نواڕی کچێکی لەگەڵە، بەئارامیی ژەندییە ئالەمتاجەوە و چرپانی بەگوێیدا :

– ئەوە یاروی لوڕە نییە لەگەڵیا؟

– با، ئەوە. خۆت ڕاگرە. کارێکی وا مەکە دڵگیری کەی. زەحمەتی کێشاوە و هاتووەتە خواحافیزی. دەوڵەت خانم ئارام سەری وەرچەرخاندە لاوە.

ڕەحمان ژمێراو هەنگاوی دەنا لە پشتەوە دەستبەندکراو چاو بەسراو. سەریشی هاتبووە لەرزین. ژاندارمێک دەستی دابووە بندەستی و بەپلەکانەیەکدا سەردەکەوتن. یەک دووجار لەتری بەست. کابرای ژاندارم هەڵیدەساندەوە. نەیدەزانی بۆ کوێی دەبەن و بەرەوچی سەرنویشتێک دەڕوا . لە دڵا بەخۆی وت: بخۆ لەبەری. نامەرد. لەو دەشت و دۆڵ و دەربەندەدا بکوژرابای چاکتر نەبوو؟ بەتەمای چیت؟ ئەوەڵی کارە و جارێ لە کوێتە. سەرئەنجامی نامەردی و هاوڕێ کوشتن و نۆکەر سفەتی و بێگانەپەرستێکی وەک من هەر دەبێ وابێت. کابرای ژاندارم قۆڵی بەردابوو. تاوتاو خرمەی کەوشی بزماری سەر بەرد و مەڕمەڕی ڕاڕەوەکەی دەهاتە گوێ. خەڵکەکە بێ دەنگ دەهاتن و دەچوون. یەک دووجار سەری بەرەو ئاسمان بەرزکردەوە تا لە توێی پەڕۆکەی چاویەوە دەوروبەری هەڵسەنگێنێت.. پەڕۆ سفت بەسرابوو، نەیتوانی، دووبارە سەری داخستەوە. بە کابرای ژاندارمی وت:

– ئێمە لە کوێین؟

کابرای ژاندارم ژەندییە بندەستییەوە و چرپاندییە گوێیدا:

– وسبە.

دیسان کەوتەوە خەیاڵ:

- خراو خۆمم بەفەتارەتا برد لە پڕ کابرای ژاندارم دووبارە بازووی گرت و وتی:

- بڕۆین. گوریسێک ڕۆیشتن. لە دەرگایەک ڕۆیشتنە ژوورەوە. کابرای ژاندارم تا هێزی تیا بوو پای بەزەویدا کوتا. یەکێک وتی:

- ئازاد و چاوی بکەوە.

ژاندارم گرێی پەڕۆی سەرچاوی کردەوە.

ڕەحمان خۆی دابووە دەست ڕێکەوتەوە. تا دەبوو لە پەشیمانییەوە نزیکتر دەبوویەوە. دابوویە لای بێعاری و ڕووداری و سەرسەختییەوە، لەبەر خۆیەوە دەیوت:

- مردن مردنە، لەقەفرتیەکەی چەس؟ نواڕی وێنەی محەمەد ڕەزاشا بەڕاسەری ئەفسەرێکی کەتەی غەبغەبەدار کە لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو، هەڵواسرابوو. ئەستێرەی گۆپکەداری گەورەی لەسەر شان بوو. هەر وا بێ دەنگ و ئارام لە نووکی پای ڕەحمانەوە تا تەوقی سەری خستە ژێر زەڕەبینی تەماشاوە. ئینجا لەسەر خۆ وتی:

- ئێ کاک ڕەحمان. دەبینی دونیا چەند بچووکە. ڕاستە دەڵێن: کەژ بەکەژ ناگا، بەڵام مرۆڤ بەمرۆڤ دەگەن. سەروان عەزیزی کوشتن نەتدەزانی ئەمڕۆژەشی بەدواوەیە؟

- با قوربان دەمزانی ئەگەر جەناب سەروان جەباری لای جەنابتان بیگرتما.

سەرهەنگ وەک تەماتە سوور بوویەوە و هەستایە سەرپا و قیڕاندی:

- وسبە سەگبابی پیاوکوژ! سەیر چەن ڕووداره؟ بێ حەیایە و.. قوڕمساغیش..

– قوربان تووڕەبوونی پێناوێ، پرسیار دەفەرمووی وەڵامت دەدەمەوە یا دەتەوێ بێدەنگ بم. کامیانت پێ چاکە تا بیکەم؟

سەرهەنگ سەری داخستە سەر چەند لاپەڕەیەکدا و لەبەر خۆیەوە وتی: حاڵی خۆت دەبینی؟ دووبارە بەتووڕەبوونەوە وتی:

– خۆ ناڵێی لە کوشتنی سەروان و ژاندارمەکانا بەشدار نەبوویت؟ تۆ کوشتت یا ئەوکە شامار؟

– یەکەمین تەقە ئەوکە کردی؛ بەڵام چوار گوللەی بەرکەوتبوو.

– یانی دەڵێی لە یەکەمین تەقەدا کوژراوە؟

– یەک بێ و چوار تا لە ئەسپەکەی کەوتە خوارەوە چوار گوللەی بەر کەوتبوو.

– ئێمەش زوڵمت لێ ناکەین هەر چوار گوللەت لێ دەدەین. تەلیفۆنی بندەستی سەرهەنگ زرنگایەوە.. سەرهەنگ توند و ژمێراو دەیوت: بەڵێ قوربان! بەڵێ قوربان تا تەلیفۆنەکەی تەواو کرد چوار پێنج جار وتی: بەڵێ قوربان! سەرهەنگ وەک پەیکەرێکی بێ ڕۆح و گیان بەسەر کورسییەکەیەوە تێرِاما و سەرسام دەینواڕییە ڕەحمانا. ڕەحمانیش دەمێک بوو سەری هاتبووە لەرزین. سەرهەنگ لەبەرخۆیەوە دەیوت: مەگەر دەبێت؟ ئەم وڵاتە چەندی بەچەندە مەگەر دەکرێت بەئاسانی لە دەستمان دەرچێت و بکەوێتە ناو بازاڕی دەنگ و فەنگی ساواکەوە؟

سەرهەنگ لەو بیرو خەیاڵانەدا دەخولیاوە، هاوڕێی تایبەتیی فەرماندەری گشتی ژاندارمی وڵات هاتە ژوورا و دوو کەسی چاکەت و پانتۆڵ لە پاشی لەگەڵا بوو. بڕێک کاغەزی بەدەستەوە بوو. بێ سەلام پەنجەی بۆ ڕەحمان درێژ کرد و وتی:

– جەناب سەرهەنگ! ئەم بەندییە سەر بەساواکە. ئەوان پرس و

جوی لەگەڵا دەکەن. ئێمەی ژاندارمری ئەرکی سەرشانی خۆمان بەجێ هێناوە و ماوەتەوە ئەوەی ئێمە بیسپێرینە دەستگای ساواک. ئەوەش نامەی پێسپاردن، بیخە سەر پەروەندەکەی.

دوو چاکەت لەبەر کلیلی کەلەپچەیان لە ژاندارم وەرگرت و ڕەحمانیان دا لەبەر. هەر لە دەرگای ژووری سەرهەنگ بەدەرچوون چاکەت لەبەر کەلەپچەی دەستی ڕەحمانی کردەوە و لە پێشەوە دووبارە کەلەپچەی لە دەست نا. ڕەحمان ئەم دڵنەوازییەی بەهەل زانی وتی:

- بۆ کوێم دەبەن؟

یەکێک لە چاکەت لەبەرەکان پەنجەی شایەتمانی خستە سەر دەمی و چاویشی لێ زاق کردەوە.

ڕەحمان تێگەیشتبوو لە دەست دەستگای تەڵەکەبازی ژاندارمری ڕزگاری بووە و وا بەرەو سازمانی ئەمنیەت دەیبەن. ئەوی ناوی ساواکت لێ بهێنابا دەکەوتە لەرزین، کەچی ڕەحمان ئەو بردنەی بەدەرگای ڕەحمەتی زانی و گوڕ و توانای چەندین بەرانبەر بوویەوە. لە شووشەی ماشینەکەوە دەینواڕییە هاتوچۆی خەڵکی و دار و درەخت و شەقام و ساختمانا. کەوتە بیری یارە ڕیقوی مامەی و فەلامەرزخان و ئەمیر ئینتزامیشەوە. ئەو نەیدەزانی چۆنیەتی کوشتنی ئەوکە و وێنەی خۆی و تەرمی ئەوکەش لە دوو ڕۆژنامەی گەورەی ئێرانا بڵاوبۆتەوە و زۆربەی خەڵکی ئاگاداری ڕووداوەکەیەتی. سەرەلەرزەی کەمتر بوویەوە، هەروا بەدەوروبەری دوور و نزیکا دەینواڕی. ماشین لە دەرگای حەوشێکی بەرزی بەردینا ڕۆیشتە ژوورەوە. کە لەبەر دەرگای ساختمانێکدا دایانگرت، ڕەحمان پێنج

ساڵ لەمەوپێشی هاتەوە بیر و ساختمانی کەوتەوە یاد. لە دڵەوە وتی: ئۆخەی! ئەمبەنەوە لای کابرا؟ تۆ بڵێی ئەویش ئەوەندە نامەرد بێ و بدا لە ژێری؟ بۆ نا. دەور دەور نامەردییە. ئەوە نییە من چاکترین هاورێ و خزمی خۆمم کوشتووە. دەورانێکە کێ بەکێیە. خەڵکی گاز لە مەمکی دایکیان دەگرن، بەڵێن و پەیمان و ڕاستگۆیی هەر بۆ هەژارانە. گەورە پیاوان دزی بکەن درۆ بکەن پیاو بکوژن بۆیان دەڕواتە سەر و دەخرێتە خانەی پیاوەتییەوە. دیسانەوە پەلەکێشیان کرد و لە دەرگایەکی بچکۆلەوە بردیانە ژوورەوە.

– ئێ کەوتەوە بیرم، هەمان سنووقە ئێستا بەرەو سەر دەمانبا..

لە سنووق وەدەرهاتن، چەند هەنگاوێک ڕۆیشتن و لە بەر دەرگایەکدا ڕاوەستان و دوای تۆزێک، چوونە ژوورەوە. پیاوێکی سەر تاشاو لە پشتی مێزێکەوە دانیشتبوو. سەر مێزەکەی پڕی پڕ کاغەزی بەرگداری زەرد و سوور و سەوز بوو. سەری بەرزکردەوە ڕوو بەکابرای هاوڕێی ڕەحمان:

– کەلەپچەکانی بکەوە. دیسانەوە بەخوێندنەوەی پەروەندەی بەردەستییەوە خۆی خەریک کرد و بێ ئەوەی سەر بەرز بکاتەوە وتی:

– دانیشە.

ڕەحمان بەدوودڵییەوە لە گۆشەیەکەوە دانیشت و کابراش هەر بەنووسینەوە خەریک بوو. سەری بەرز کردەوە و وتی:

– ئێ کاک ڕەحمان! سەرئەنجام بەخزمەتت گەیشتین.

– خزمەت لە بەندەوەیە.

– دوای کوشتنی ئەو کە، تۆ بڵێی هاوڕێکانت لەو ناوچەدا هەر پێکەوە بمێننەوە؟

– لام وا نییە بتوانن.

– ئەگەر بڵاوەی لێ بکەن بۆ کوێ دەڕۆن؟

– هەریەکە بەلایەکدا.

– تۆ بڵێی مەلا حلمی و کوێخا مەحموو یارمەتییان بدەن.

– باوەڕ ناکەم. ترسی ئێرانیان زۆر لە دڵایە.

– بۆ ئەوەندە درێژەت پێدا. وا بۆ پێنج ساڵ دەڕوا. بەتەمای چیت لێکەین؟

– هەروام بۆ هەڵکەوت. چاوەڕوانی هەل بووم. ئەوکە کوشتن ئاسان نەبوو. چیم پێ دەکەن، بیکەن. بەپای خۆم هاتووم من سەربازێکی گیانفیدای شاهەنشام.

– باشە ڕۆژنامەنگارەکان هیچ گفتوگۆیەکیان لەگەڵ کردی؟

– نەخێر. تەنها ڕەسمیان لێگرتم.

– ئەی چۆنیان زانی؟ جگە لە ژاندارمەری کەسی ترت چاو پێکەوتووە؟

– نەخێر. زی ڕوحم نەدیوە جگە لە کوێخا و سەی یاقووی لای خۆمان نەبێت. یەکڕاست دامیان لەبەر بەرەو شاری کرماشان.

– ئاوا..؟

– بەڵێ قوربان..

– گوێت لێیە چیت پێ دەڵێم، ئێمە بەپێی ئەو بەڵێنەی داومانە تۆ ئازادی ئازادی. ڕەحمان ڕاپەڕی بەرەو لای کابرا بۆ دەست ماچکردنی.

ـ لێم گەڕێ با تەواوی کەم. بەڵێنی دەوڵەتی شاهەنشاهی بەڵێنە.

قەینا پێنج ساڵی بەسەرداچووە؛ جا تا لە ڕووی یاساوە کاروبارەکان ئەنجام دەین و بەخشینی تایبەتیی شاهەنشاهی وەرگرین دەخایەنێت. تا ئەو حەلە میوانی ئێمەیت و دەتنێرینە یەکێک لە هوتێلەکان. کەشووی مێزەکەی ڕاکێشا و زەرفێکی وەدەرهێنا و وتی:

– ئەمەش پەنجا هەزار تمەنە پاداشتی کارەکەت. ئێمە دەست بەردارت نابین و وەک چاوساقێک دەت نێرینەوە هەمان ناوچە و لەگەڵ پاسگای پاتاقا هاوکاری دەکەی.

– قوربان! من سەربازم؛ بەڵام تا سەروان جەباری لەوێ بێت لەت لەتم کەی ناڕۆم.

– سەروان جەباری کێیە؟

– فەرماندەی پاسگایە. مەگەر خوا بزانێت چی بەسەر هێناوم سەرو ڕوخسارم دەبینی؟ یا با خۆم ڕووت کەمەوەو لەشم ببینی؟

– باشە بتوتایە سەر بەئێمەی.

– قوربان! وتم. دەینەڕاند. سەر بەئاسمانیش بیت مارکوژت دەکەم. ئێوە لای ئەو ناخۆن بۆ خۆی دەوڵەتێکە و کەس بەکەس نازانێت. بەخوا قوربان جنێویشی پێدان.

– لای ببەین چی؟

– فەرمانت سەر سەرمە. ئا تۆ لایبە.

کابرا ژمارەی تەلیفۆنەکەی لێدا تەنها وتی:

– وەرەوە.

کابرایەک هاتە ژوورەوە. کابرای پشت مێزەکە ڕوو بەڕەحمان وتی:

– برۆ لەگەڵیا. ڕەحمان چەند هەنگاوێک ڕۆیشت و گەڕایەوە و وتی:

– قوربان عەرزێکم هەیە؟

– دەی.

– ئاغاگیان لە پێش کوشتنی ئەوکەدا منداڵەکانم ناردبووە شاری سلێمانی. دەتوانم بیان هێنمەوە؟

– ئاگاداری ئەوە هەین و دەشزانین منداڵەکانی ئەوکەش لە کوێیە. جارێک لێگەڕێ تا فەرمانی بەخشینەکەت بۆ وەردەگرین. ئەو دەم بنێرە دوایانا، زۆر ناخایەنێت.

عـەلاحـەزرەت فـەرمـانی داوە تـا نیشـانـی دەرەجـەیەکی هەمـایۆنت پێ ببـەخشـێت دەربارەی ئەو مـاندووبوونەت وا لە کۆشکەکەی وەلیـعـەهدا ئەنجامت داوە. سەرپەرشتی دایەرەی هەندەسی بونیادی پەهلەویت پێ بسپێرێت. پیرۆزباییت لێ دەکەم!

– بەندە خـۆم بەیەکێک لە سەرسوپوردەکانی دەوڵـەتی شاهـەنشـاهـی و فـەرمانبـەری ئەوامری ملوکانەی شـەخسیی عەلاحـەزرەت شاهـەنشـا ئاریامیهر دەزانم. دیارە بارانی ڕەحـمـەتی پەروەردگار دەرحـەق بەبەندە لە بارینە. چ بەخـتـەوەرێک لەمـە گـەورەتـر لە مـاوەی ئەم یەک سـاڵەدا ئەمـە دوو جارە دەگـەمـە خزمـەتت. خـزمەتی شـایانی و بەشکۆی ئێران زەوی. بێگومـان ئەگەر لوتفی شـابانوو نەبوایە من وا بارانـی ڕەحـمـەتی عـەلاحـەزرەت دای نەدەگرتمەوە. ئومـێدەوارم لـە دەرگای یەزدانـی مـەزن ئەو توانایەم پێ ببـەخشـێت تـا لە فیـداکاری و سـەرسوپوردەگیدا ببمە نموونەیەکی ڕاستەقینەی شادۆستی و فیداکاری.

– بێ شک ئێـمـە ئاگـاداری وەفـاداری تـۆ هـەین، لەم ڕووەوە خـانمی ئەرجــومــەند بـەعــەرزی گــەیانـدووین. لـەبەر ئـەو باوەڕە و هـەروەها هونەرمەندیی خۆتیش پاڵپشتی هەڵبژاردنەکەتە.

– ئەگـەر عولیاحـەزرەت مـۆڵەت بفـەرمێت دەمـەوێت ڕاسـتـیـیـەکی بەعــەرز بگەیەنم؛ ئەویش ئەوەیە ئەمــڕۆکـە لە ســەرتاســەری ئێـرانا و تەواوی جـیـهـانیـشـدا لەوە دڵنیـا بوون کـە شـابانوی ئێـران بەتەواوی

تواناوە بۆ ساتێک پێشخستنی شێوەکانی هونەر بێدەربەست نییە و پەیوەستە فەرامینی ئومێدە بۆ هونەرمەندی ئێرانی و ئەوزەل کردنی ڕشتە هونەرییەکان...

شابانو نەیهێڵا فەلامەرز قسەکەی تەواو بکا و وتی:

- ڕاستی ئاغای ئینتیزامی تۆ لە کار و هونەری میعماریدا لە موهەندیسە میعمارییە ناسراوەکانی جیهان وەک زۆرتر پابەندی شێوەی کاری کامیانی؟

- بێگومان هەر دەبێ بەڕاستی وەڵامی شابانوی پایەبەرز بدەمەوە بەندە بەتەنهایی هیچ کامیان.

- هیچ کامیان؟

- بەڵێ قوربان! هیچ کامیان مەبەستم لە هیچ کامیان ئەوەیە یانی خۆم بەقوتابییەکی تازە پێگرتووی هەموویان دەزانم و لە هەمان کاتدا ئەگەر بلوێ و ئەگەر بتوانم دەمەوێت خۆم بم و ببمە خاوەنی پەنجەمووی میعماری تایبەت بەخۆم..

- ئێمە ئەم تەماح و ئومێدەت ستایش دەکەین و داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین.

فەلامەرز هەستا و دەستی فەرەح پەهلەوی ماچ کرد و پشت بەپشت گەڕایەوە و لە ژوور وەدەرهات. یەکڕاست خۆی گەیاندە ژوورەکەی لی لی.

لی لی بێ ئەوەی لە پشتی مێزەکەیەوە بجووڵێتەوە، بزە پێکەنینێک کەوتبووە سەر لێوانی.

فەلامەرز لە سەر کورسی پێش مێزەکەی دانیشت. دە پەنجەی

بەڕاسنگییەوە دایە زۆران و وتی:

– دەتزانی؟

– چیم دەزانی؟

– درۆزن دوژمنی خوایە.

– ئەوسا وایان دەوت.

– ئێستاش هەر ئەو ئاشەیە.

– باوەڕ بکە ئەمە بیری شابانووە، نەک هی من.

– دەزانی بۆ؟

– دەمەوێ بزانم.

– هی ئەوەیە هونەر، دۆستی ڕاستەقینەی هونەرمەندانە.

– من هونەر دۆست نیم. تۆم هەڵبژاردووە؟ ئەگەر وابزانی بێ وژدانی. من ئەوەندە هونەرمەندم، هونەرم بۆ هونەر خۆش ویستووە. دوور لە سەد بوو، بۆچی و ئەی چۆن ئەوانەم لا بێ بایی بووەو بیرم لە زەرەرو زیانی خۆم نەکردووەتەوە گەیشتوومەتە فریای دڵ و دەروونما و باوشم بۆت کردووەتەوەو بێ ئەمەلاولاو ئالایش خۆشم دەویەی. ئەمە هونەر بۆ هونەر نییە؟

فەلامەرز هەستاو ڕۆیشتە پشتی کورسییەکەیەوە و خۆی دانواندەوە و لاگەردنی ماچ کرد و وتی :

– باوەڕم پێ بکە ئەمڕۆ بۆنی عەترەکەت جۆرێکی ترەو نەچوونم عەترەکەت گۆڕیوە.

– چۆنت زانی؟

– ئەی بێ قەزابیت! بۆ خۆێشم بۆنی عەتری پێشووم کردووە و

تەواوی جلەکانم بۆنی کریستین دویەری لێ دەهات. لی لی هەستایە سەرپاو دوودەسی خستە سەرشانی و دەمی لە نیو دەمی فەلامەرز نا. یەشتا بۆنی عەتری پێشوو کەم و زۆر لە ژوورەکەیدا دەهاتە لووت. لی لی تەواوی لەشی پۆمپ بارانی ئەو عەترە دەکرد هەتاوەکو ناو گەڵ و ڕان و پوزیشی. لە پڕ نەختێک لە فەلامەرز جیابوویەوەو وتی:

– بۆچی بەم بۆنەیەوە جەژنێک نەگرین؟ ئەوانەی وا عولیاحەزرەت فەرمووی سبەی بڵاودەبێتەوە و وەک تۆپ دەنگ دەداتەوە و سەدان کەس شاکامییت پێ دەبەن. دەڵێم با ئەم پێنج شەمە و جومعەیە سەرێکی سەرەوەی وڵات بدەین. دەریای قەزوین لە پایزدا دڵنشینە لەوێڕاش لە نزیکەوە بڕێک لە کۆشک و هوتێل و ساختمانی بونیادی پەهلەوی دەبینین، خۆ بۆ لەمەولا بەشێکە لە کاروبارت.

– یانی دەتەوێ پێکەوە لە یەک هوتێل و یەک ژووردا بین.

– ئەگەر واشبێت من لەوەی بێ دەربەستم و بیریشی لێ ناکەمەوە تازە پێوستمان بەهوتێل نییە، ڤیلایەکی خنجیلانەم بەسەر دەریاوە سازاندووە، گۆشەیەکی ئارام و دوور لە دەردەسەرە جگە لە هاژەی شەپۆلی دەریا نەبێت گوێت لە هیچ نییە و هیچی لا نابیسیت، خۆشە، ها!

بە نازێکی ژنانەی منداڵانەوە وتی:

– لێگەڕێ. با بڕۆین.

– هەر ئەم پێنج شەمەیە؟ یانی دووسبەی؟

– مەگەر نازانی ئەمڕۆ چەند شەمووە؟

– زۆر دەست بەیەخەیە.

– بەپێچەوانەوەی کارەکانی تۆن؛ زۆربەیان لە پڕ و دەست بەیەخەن. لە پڕ نەهاتی وتت دەڕۆم بۆ پاریس، لە پڕ نەتوت باوکم مرد دەترسم سبەی بێیتەوە بڵێی ژنم هێناو.. ئەوسا لەگەڵ یاسەمین خانمدا دەڕۆین بۆ مانگی هەنگوین.

– باوەڕ ناکەم ئەوەیان وابێت تا ئێستا درۆم لەگەڵتا نەکردووە، کردوومە؟ ڕۆژ بەڕۆژ خۆشەویستیت جێی ڕێز و تەواوی پەیوەندە جۆراوجۆرەکان چۆڵ دەکاو شێوەو ڕوخسارت لە گلێنەی چاوما دوور ناکەوێتەوە و بۆ هەرکوێ دەڕۆم هاوڕێمە.

لی لی چاوانی پڕ بووبوو لە فرمێسک، نەیتوانی بەپێوە ڕاوەستێ دووبارە لەسەر کورسییەکەی بێ تاقەتانە دانیشت و زارزار گریا. فەلامەرز لە بندەستی کورسییەکەیدا چنچکەی دا و دەستی خستە سەر هەردوو ڕانی و کۆشا ژێری کاتەوە. لی لی کوڵی دانەدەمرکایەوە. بەدەم بەرەنیسکەوە پچڕ پچڕ دەیوت: لێ.. گەڕێ.. خۆ.. خۆم بەخۆمم کرد. فەلامەرز لەسەر چۆک دانیشت و دەستەسڕی بەرباخەڵی وەدەرهێناو دەم و چاوی لی لی پێ سڕی. ئەو هەر دەگریا. دەستی وەبندەستی ناو بەزۆر هەڵیساندەوە سەرپا. لی لی سەری بەسەر لەشیا شۆڕ بووبوویەوە، کەمەری شل بووبوو زوڵفی گەیشتبووە سەر سمت و کلۆکی. سەرئەنجام بەدیوارەکەوە ڕایگرت و بۆخۆشی کەوتە نێوان لەشی لی لی و کورسی. لە کەمەی مێز گیرگرتبوو. سەری لی لی گەیشتبووە سەر پاینی چوارچێوەی وێنەی هەڵواسراوی شا کە لە پشتی سەریەوە بەدیوارەوە هەڵواسرابوو. کە فەلامەرز ڕای دەوەشان. وێنەی شایش دەجووڵایەوەو تۆزێکیش خوار بوو لی لی ژێر بووبوویەوە، سەری خستبووە سەر شانی فەلامەرز. تا ئەو دەمە

فـەلامــەرز ئاوڕی لە وێنەی شـا نەدابوویەوە سـەری بـەرزکـردەوە دەق بەدەق ڕوخساری شای بەرانبەر خۆ وەدی کرد لە دڵا وتی:

– ئەی بـەوشکی بەخت! سـەیر چونم تێ دەنوارێ، خـەڵکی کـارەبا دەیگرێ من قەنیلە. بڕۆ بەولاوە قۆزاخ زادە...

– دەڵێم خۆم بەخۆمم کرد، یانی خۆم بەخۆمم کرد.

– مەبەستت چییە لەم خۆبەخۆ کردنە؟

– من گـاڵتـەم بەوانەی دەکـرد وا دەسـتـە پاچە و زەلیلی عـشـقی پیاوێکن یا ژنێکن. نەمدەسەلماند و نەدەچوومـە ژێر کێشـێکی وا بەهێز تەواوی بەربەرەکانی و ملـملان و باوەڕ بەخـۆبوون بەم ئاسانییـە لە بن وەدەر بهێنێ و ڕای ماڵێ. لێم ورد بەرەوە بزانە عشق چی پێ کردووم؟ هیــچی بۆم نـەهیــڵاوەتەوە. تـەواوی بوون و تـەواجــود و ملـمــلانمی بەیەغـمـاو چەپاو بردووە و پەلی گـرتـووم و بەحـەوت شـاری عـشـقـدا دەمبـات و دەمهێـمێتـەوە ئێستـا دەزانم لە پایتەختی عشقدا کەنیزێکی سـەرسوپوردە و دەسـەمۆی عـشقم. هەرچی هـەوەس و حـەز و ئارەزووم هـەیـە بەهـەوێنی عــشـق شــوراونەتـەوە. لەزەتم لە دیدەن و بۆنکردن و هـاوڕایتــایە. لێم دوور دەکــەویتــەوە تـەواوی بۆچوون و جــووڵانەوەم تێکەڵاو و ئاشوفتە و ئاڵۆز دەبێ... فەلامەرز نەیهێلا قسەکانی تەواو کا سەری کێشایە بەرانبەریەوە و دەمی وەنێو دەمی نا. ویستی بەو ماچە تیــربـارانی وتەکــانی لی لی بکا و بیــبــڕێتــەوە دەم و لێــوی لی لی دەلەرزین. هـەستی بـەگـەرمی فـرمـێـسک کـرد. ئەو لە حـەنای هەردوو گوێی لی لی دا ســەری گـرتبـوو. تۆزەکی سـەری دوورخـستـەوە نواڕی دیسـان فرمـێسکی گەرمی بەرەڵایە، ئـارام ئارام دەگری، دیسـانەوە لی لی وشـاردە خــۆیەوە. بێ دەنگی ســامناک لە ژووردا هیــڵــەی دەکـرد.

هەردووکیان بیریان لە هەل و مەرجی خۆیان دەکردەوە لی لی دەیزانی گرفتار و تووشی هەڵدێرگایەکی هەزار بەهەزار هاتووە. سەر وەدەر لێکردنی مەحاڵە و دەستی غەیب تۆڵەی دەماخبەرزی و هەر خۆم هەر خۆمی ڕابوردووی لێ دەکاتەوەو هێناویەتە تکاو نزاو دەستەپاچەگی. ئەو دەیزانی وێڵ و وەیلانی دوای عیشقێکی نەزۆکە. دەیزانی فەلامەرز پابەندی عشقی یاسەمینە و لە ڕووباری عشقی ئەو دایە و پەیوەستە ڕۆژانە لە نێو کلیسای عشقیدا دەست بەنەزەر لە ستایشدایە. سەرەتا لە ڕووی هەواو هەوەسێکی زووگوزەری نێو پێخەف، خۆی خزاندە باوشیەوە و تا هەستی داگیرکردنی، تاک کردنەوە و بەدەست هێنانی پێ تێرکا ویستی وەک هەمیشە قووتی دا. نەیتوانی. شاخەکانی عشق لە دوولای دەمیدا گیرهاتن و نەیتوانی نە هەڵیبێنێتەوەو نە هەڵیشی لووشێت. فەلامەرزیش لە نێو گێژاوی لەیەکدانەوەدا لوولی دەخوارد و کەوتبووە پەلەقاژێ و دەکۆشا دەستی لە چڵێک لە کتێک لە دەوەنێک گیرکا و وا بەئاسان ڕای نەماڵن و دەنگی ئاو نەی بگەیەنێتە دەوروبەری، هەر نەبێت گوێی لێ گرێ. سەرەتا عشق و ئەرکی تێکەڵ کردبوو بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو دەیوت و هەنگاوی دەنا. وا وژدانیش لێی هاتوەتە مەیدانەوە و هانی ملنانی دەنا بەرەو بارەگای عشق و تەباری هەستە خاوێنەکان دەیرانیەت و لەگەڵ ئەرکی پێسپێراویدا هاتووەتە زۆرانی مەرگ و ژیان لەگەڵ خۆیدا وتی:

– ئەی خوا! مەرگ. لی لی تۆزێک خۆی لە باوشی فەلامەرز کیشایەوە و بەزەویدا دەینواڕی، لەسەرخۆو ژمێراو وتی:

– بمبوورە؛ من زیاد لە ئەندازە تەماو تەماحم زۆرتر کردووە و دیارە لەغاو و جەڵەوم لە دەست وەدەر چووە و بێ ئاگا و بێ توانا توفانی عشق بەهەر چوار لادا دەمباو دەمهێنێت؛ ئەویش عشقێکی بێ

سەرئەنجام و نەزۆک.. باوەڕ بکە ئامادەی ئەوەم کاروباری وڵاتیش بەجێ بهێڵم لە گۆشەیەکی دونیادا لەهەر کوێ بێت لەنگەر بگرم، بەمەرجێک لە تۆوە نزیک بم و پەیوەستە ڕوخسارت لە نێو گلێنەکانمدا بن. دەزانم ئەمە بۆخۆی ئاوات و ئارەزوویەکی خودسەرانە و خود خواهانەی مەحاڵە؛ بەڵام چی بکەم بەدەستی خۆم نییە، لێم قەوماوە.
فەلامەرز پەنجەی شایەتمانی خستە سەر دوو لێوی لی لی و وتی:

– لەمە زیاتر دارکاریم مەکە. من ئەوەندە خاوێن نیم تا شایستەی ئاوا عەشقێک بم دەڵێم لێگەڕێ. با نیوەڕۆ لە ئەپارتمانەکەتدا باسەکەمان تەواو کەین، بیکەین؟

– ئەوەیان باشە. ئەی سەفەری سەر دەریاکە بکەین یا پێچی لێ دێنێ؟

– ئەویش نیوەڕۆ لێی دەدوێین؟

– دەتەوێ یاسەمین ڕازی کەی؟

– بێ شاکامی، ئەویش حەقی بەسەرمەوە هەیە و ئەویشم خۆش دەوێ.

– زۆربەی خەڵکەکە بەم شێوە بەم کەین و بەینە نازانن و پێیان وایە جۆری پەیوەندی نێوانی من تۆ تەنها لەسەر بنەڕەت و بناغەی ئارەزووی نێو جێگە و ڕابواردنە و بەس.

– بەڕاستی من خۆمم داوەتە دەست ڕێکەوتەوە. عەشق هەرچیم بەسەر دێنێ. با بیهێنێ. ئامادەم ببمە یەکێک لە شوهەدای عشق و لەوە بێ دەربەستم خەڵکی چی دەڵێن. دەگەمە هەر قۆناغێک. با بگەم.

– گەمە گەمە گەیشتووینەتە هەڵدێرگایەکی سەیرەوە. من هەتاوەکو چێژ لە غەم و گریانەکەشی دەبەم.

سکرتێــرەکــەی لـی لی یەک دووجــار نەرم نـەرم دای لە دەرگــا و ئەسپایی هاتە ژوورەوە و وتی:

– بۆ ئاگـاداری عـولیـاحـەزرەت سـەعـات دوانزەی نیـوەڕۆ دەڕوا بۆ تالاری هونەر. زۆرتر هاتە پێشەوە و وتی:

– ئەوەش بەرنامەکەیەتی.

لی لی لەژێر لێوەوە وتی:

– ئاگادارم.

سکرتێر ڕۆیشتە دەرەوە و فەلامەرزیش هەستاو وتی:

– ئەمنیش دەڕۆم. سەعات چوار لەوێ دەبم. لی لی چوار پەنجەی خستە سەر لێوی وتی:

– بەئومێدی دیدار!

# فەرهەنگۆک

کانابە: قەنەفە.

خیل دەیبردەوە: پێکەنینی دورودرێژ.

ئاگربەست: هودنە، شەڕ ڕاگردن.

خانەداری: ماڵداری.

گوبەن: هەرا، شەر.

ئانجاخ: یەڵا بکرایە.

حەشەری: ئاڵوشاوی.

پیسلۆکە: ڕەزیلە. پیسکەیە.

وانیک: هێن.

سیاچاڵ: زیندان.

پارکینگ: جیگەی ماشێن ڕاگردن.

چاوەقلیچکە: سەروخوار، بەرزونزم.

ئەسفەهان: کۆنە پایتەختی سەفەوییەکان.

تاتیلێ: عوتلە.

خەفیەتی: جاسوسیەت.

زمناکو: چیایەکی بەرزی نزیکی دەربەندیخانە.

سوقان: پێشە.

کازوتاوە: لێدان.

گەڕپیاکردن: تەلەکە پیاکردن.

دەم چەورکردن: پارە پێدان.

پوڵ: پارە.

باربۆ: پارە گلێرکردنەوە بۆ کەسێکی نەدارا.

لەل نەکەی: دەنگ نەکەی.

چەتون: هاروهاج.
تەتەر: نامەڕەسان.
بنکە: جیگەی حەسانەوە.
نەتوانستم: نەمتوانی.
دیدەن: بینین.
خودابیامورز: ڕەحمەت، خوالێخۆشبوو.
بڕبڕاکە: گازەرە.
نەتوانستم: نەمتوانی.
یە ڕوژ وەر لە جەنگ: ڕۆژێک پێش لە شەڕ.
وەت وەپی: پێی وت.
ئەراجیف: قسەی قۆڕ.
بەد نگینە: بەدیومنە.
مەکەرەی: مەیکە.
ئەشهەدو برای خاسی داشتن: بە ڕاستی برایەکی باشتان هەبوو.
ئیتیلاعات: دەستگای ئەمنیەت.
خەفیە: جاسوس.
باوەجانی: تیرەیەکی گەورەی نێو عەشایەری جافە.
تاووتوێ: لەیەکدانەوە.
دۆڵی گرتووە: ڕای کردووە، خۆی شاردوەتەوە.
باوەنور: گەورە دێیەکە لە ناوچەی پێوازی گەرمیان.
دیوەخانی وەسمان پاشای جاف: بەنان و خوان بەناوبانگ بووە.
کەرکۆڵ و بارسووک: گورج و گوڵ و دەست و شان بەتاڵ.
شاعەباس: گەورەی شای زنجیرەی سەفەوییەکان.
هورە: ئاهەنگێکی ئاهورایيە لەوە دەڕوا ستایشێک بێت لە ئاهورامزدا بەهورەی جافی بەناوبانگە.
شانزەلیزە: شەقامێکی بەناوبانگی نێو شاری پاریسە.
گوزەشتووە: تێپەڕیووە.
پاساژ: قەیسەری.

فوکیە: قاوەخانەیەکە بەسەر شەقامی شانزەلیزەوەیە تەمەنی دروست کردنی لە سێسەد ساڵ زۆرترە.

شەرەفیابی: بە خزمەتی پیاوی گەورە گەیشتن.

والاحەزرەت ئەشرەف: خوشکی محمد ڕەزاشای ئێران لەگەڵ شادا دوانە بوون بەیەک سک هاتونەتە دونیاوە.

کابینە: وەزارەت.

شەمس: خوشکێکی دی شایە. کچی ڕەزاشا و ژنی بەهلوبد ناوێک بوو.

دەشتی ناز: لە نزیک شاری کەرەج دایە.

چرای عەلائودین: ئەو فانوسەیە وا هەلی دەکزیەنێت و دیوەکەی لێوە دەردێ و هەرچیت بوێت.. بۆت دەکا.

ترور: کوشتن.

گایت: جۆرێکە لە باڵەفڕین.

هویدا: سەرەک وەزیری سەردەمی محمد ڕەزاشای ئێران.

ئاموزگار: یەکێک لە چاوساقانی دەستگای سەردەمی پەهلەوی بوو.

گروپ: تاقم و کۆمەڵ، جەماعەت.

کرکودیل: تیمساح.

عومەر شەریف: ئاکتەری سینەما عارەو زمان و میسرییە.

ئالەن دلون: ئاکتەری سینەمای فەرانسا.

درم: نەخۆشی.

بەربەریەت: تەوحوش.

ڕموزن: دەعبا.

خودخوایی: خۆپەرستی.

گلادیاتور: ئەوانەی ئەوسا بەشەڕیان دەدان تا مردن.

باسەن: پاشووی ئافرەت.

ئادەمۆ: گۆرانیبیژێکی شەستەکانی وڵاتی فەرانسە.

فرانک: پارەی وڵاتی فرانسە.

برناخ: لوت، کەبۆ.

تەنە: ناوقەد.

گوڵم بدەی: فریوم بدەی، بم خەڵەتێنێت.

ئارشتیەکتیەک: معماریەک.

دەرئامەد: دەرهێنان، بۆ سەرمایە دەوترێ.

پارک شەهر: باخچەیەکی خوارەوەی شاری تارانە.

ڕۆلێکس: مارکەیەکی گرانی سەعاتە.

تفت: تاڵ.

مەرافە: شەڕ.

کوشتمەی: کوشتوومە.

شوخی: گاڵتە، جەفەنگ.

پەیداس: لەوە دەچێ.

خەتەرناک: پڕمەترسی.

نیەتوات: نایەوێ.

سەفاکەین: ڕابوێرین.

داشتوت: هەیانە.

جاکەشی: گەوادی.

کلیکەت: ڕوانەی کا، بیهەنیرێت.

شەنگ خانە: فیشەک لغ، ڕەزن.

چەنگ: شەڕ.

ئەکبەر خان والی: سەرۆکی بەناوبانکی هۆزی سنجاوی.

سدارە: کڵاوێکی دوفوازە، کوزخەری.

باران دیدە: تاقیکەرەوە.

کەویر: سارایەکی بێ بنو بێخە لە ناوەڕاستی ئێراندایە.

فیشەکەشێتە: فیشەکی دوور لە هەدەف.

ریتم: مەوزون.

قورتار: ڕزگار.

لەولەب: ئافرەت دای دەنا تا لە بارداری خۆی بپارێزێت.

گولاژ: حەب.

سیاهکەل: ناوچەیەکە لە نێو جەنگەڵەکانی شیمالی ئێراندا.

وەلەدزنا: حەرامزادە، زۆڵ.

ئیرنگە: ئێستاوا.

بچیمنەو: بڕۆینەوە.

خوارزامە: خوشکەزامە.

نەدیمەسەی: نەمدیوە.

چوارزەوەر: ملەو گەردنەیەکە نزیکی شاری کرماشانە.

سیانە: قوڕە ڕەشە.

دەریای خەزەر: دەریاچەی قەزوین.

حەرامزادە: زۆڵ.

بیلە با بچت: لێی گەڕی با بڕوا.

نەنگ: شورەیی.

زندەگی: ژیان.

جحانم: جەهەنم، دۆزەخ.

گشت: هەموو.

مرین: دەمرین.

شەوسو: سبەینێ.

بیخ دیرت: ڕیشوی هەیە.

دەردم فرە بی: غەمم زۆر بوو.

جەرگم سوزانی: جەرکم سوتانی.

بازکەیانی: ئەو بازەی دەنیشێتە سەر کەسیکەوە و دەکرێتە شا.

چیمن: دەڕۆین.

شمر: ئەو کەسەی سەری حەزرەتی حوسەینی بڕی.

ئیجوریە: ئاوەهایە.

بیلە: بیەڵە.

بڕەسمە: بگەمە.

خاس: چاک، باش.

شنەفتی؟: بیستت؟

موفتەکی: حۆڕایی.

ئادەم: مرۆڤ.
کورەی؟: کوێنەری.
مەردی: پیاوی.
بەو بکوشەم: وەرە بمکوژە.
قورمساغ: گەواد، جاکەش.
یەسە: ئەمەسا.
خەربازی: کەربازی، حەماقەت.
شەوی: کراس.
دالەش قران: ئەو دالانەی بازنە ئاسا بەئاسمانەوە دەسورێنەوە.
زندەگی: ژیان.
تەوهـین: ئیهانە.
وەت: وتی.
سەرگورد: موقەدەم.
کلاسیک: کۆن.
بیدیکور: نینۆک مەورەدان و ڕێکخستنی.
میزوپۆتامیا: دۆڵی ڕافیدەین.
فرە: زۆر.
تیکەیەک: پارچەیەک.
لەتردان: تەرازووی ڕێوە ڕۆیشتن تێکچوون.
نوکەرسفەتی: کاسەلێس.
فەتەرات: تیاچوون.
پەروەندە: فایل، مەلەف.
تەڵەکەباز: فێڵباز، گەڕ پیاکردن.
کەشو: چەکمەچە.
ناگوار: خراو.
سورتک: سەرسەری.
ساحیب قەرانیە: گەڕەکێکی کۆنی دامێنی چیای ئەلبورزە.
فامیلیا: بنەماڵە.

قورمە سەبزی: چێشتێکی ئێرانییە.
ڤیراندا: بالکۆن.. تارمە.
چریک: چەکداری غەیر نیزامی.
قفە: کۆکە.
هەنگێک: فەوجێک.
بەختیاری: هۆزێکی گەورەی لوڕە.
مەزار: مەرقەو.
یەغما: تالآن، چەپاو.
کەنیز: کۆیلە ئافرەت.
تەبار: وڵات، ناوچە.
خودسەرانە: سەربەخۆیانە.
سەڵیتە: قەحپەو دەم هەراش.
چەپاوکەران: تالآن کەران.
تویشە: تەوشی، قوڵنگە.
شورش دەرئاوردینە: ناخۆشت کردووە.
فرە فرە: زۆر زۆر.
دوێت: کچ.
خستیسەتە: خستویەتە.
قەوچە: ماکەر لە ئەنجامی تیکەڵ بوونا دەکەوێتە قەوچە کردن.
کڵوم: کلیل کردن زۆرتر بۆ کلەیلا دار دەوترێت.
چەبیە؟: چی بووە؟
بجوم: بجوڵیە.
بچیمن: بڕۆین.
پەچە: ئەو زەویەی ڕان تیا دەخەوێ.
جغارە: جگەرە.
جگەرەی بەرماڵ: ئەو جگەرەیە کە جگەرەکێش بۆ خۆی توتنی تێ دەکا.
ڕیامە: توڕاندم پیا.
کەسەک خواردن: مەڕ کەوتە کەسەک و خۆڵ خواردن نیازییە خۆی پەیدا دەکاو

ناچار خۆڵ دەخوا.
پشتی: سەرین.
عەولحامی: عبدالحمید.
جەوار: جەبار.
بەخشش: بەخشین.
نەشنەفتی؟: نەت بیست؟
موفتەکی: خۆڕایی.
بیخ دیرت: ڕیشوی هەیە.
چەکەرە: ترس، تۆقیان.
دەم و کاجیر: دەم وفلچ بۆ ئیهانە.
گارسون: پێش خزمەت. بۆی ئیهانە دەوترێت.
ئاچوخ: بڵاو، کراوە.
شەڕی ئێران و توران: شەڕێکی چەندین ساڵەی نێو داستانەکانی شانامەیە.
ئەمیر ئەرسەلان: قارەمانی داستانێکی پڕ لە ئەفسانەیە.
دروشت: گەورە، زل زەلام.
شەمایلی: ڕواڵەت.
ژیگول: سورتک و هەرزە ڕفتار.
ئەنگیزە: بیروڕا.
هەراس: ترس.
هستیری: شێتانە.
باج: سزا.
فەرمان: سوکانی ئوتۆمەبیل.
گوگوش: گۆرانیبێژێکی ئافرەتی ئێرانییە.
بدالی بەنزین: شوێن پای زۆری و کەمی بانزین دان بەماشین.
کۆنفدراسیون: کومەڵگای ململان کەرانی دژ بەشا لە دەرەوەی ئێراندا.
ژاندارک: ئەو ژنە ململان کەر و شەڕەئەنگێزە فەرانساوییە بوو دژ بەدەسەڵاتی ئنگلیز بەشەڕهاتو سەرئەنجام بەتۆمەتی جادوگەری سووتاندیان.
ڤیراژ: پێچان بەچەپ و ڕاستدا.. توندوتیژانە.

هۆپ: بوەستە.
عەشام: خەڵک.
پیانو: ئامێرێکی موسیقایە.
تئوری: بیرورِا، نەزەرییە.
ئوپۆزسیۆن: موعارەزە.
پاپیۆن: پەپوولەی دەوری گەردن.
سەلمان پاک: ئەو شارەیە نزیکی ئەیوانی کیسرایە و سەڵمانی فارسی تیا نێژراوە
داڵدەدان: پەنادان.
تودەیی: شیوعی.
ئکپاتانا: پایتەختی دەسەڵاتی مادەکان و شاری هەمەدانی ئێستا.
سەگف: جۆرێکی تایبەتی ماسی برژاندنە زۆرتر لە بەغدادا باوە.
جەنرال مۆد: ئەو کەسەی لە بیستەکاندا شاری بەغدای گرتووە.
لیسە باسیە: ئەو گوزەرنامەیە لەسەر کاغەزە و بۆ یەکجار تێپەڕبوونە.
البوادی: ناوی ڕستۆرانێکە.
کزر: وشک بوونەوە.
ئەبوجەعفەری مەنسوور: دامەزرێنەری دەسەڵاتی عەباسییەکان دوای ئەبوعەباسی سەفاح دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت.
ئیدئال: پەسەند.
هارون الرشید: خەلیفەی بەدەسەڵاتی زنجیرەی عەباسییەکان.
جۆک: نوکتە.